

# له داوێنی ئاربەبا

## ژمارە ٥٨

## نەورۆزتان پیرۆز

سەرنووسەر و بەڕێوەبەر : ک.د.ئازاد   کاناڵی تیلگرامی : @Le_Daweni_Arbebawe   ژمارە ٥٨ ــــ خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەردەشت ـ پایزی ١٣٩١ ی هەتاوی ـ فستیواڵی بەیت و حەیران

نووسەران، شاعیران و هونەرمەندانی شارەکانی بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، سەردەشت و بانە

# پێڕست

هەورامان. هۆمەر نۆریاوی / زمانی دایک و ڕۆژێک ..... ٣
بانە. حەمید ڕفاعی/ گێرانەوەی لاپەرەیەک لە مێژوو، سەبارت بە بنەماڵەی مەولەویەکانی بانە ..... ٥
مەهاباد. ئەحمەد ئەحمەدیان/ ئاماژەیەکی تێپەڕ بە ژیاننامەی زانستی ـ ڕۆشنبیری و ئاسەوارناسیی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدوڵلا ئەحمەدیان ..... ٦
مەهاباد. سووتاو/ شێعر ..... ٩
مەهاباد: عەبدوڵلا عەبدوڵلازادە/ مامۆستا هەژار و چەند تایبەتمەنی و بیرەوەری ..... ١٠
بانە.فتاح ئەمین زادە/ پور خەج و هەباس ..... ١١
هەورامان. هۆمەر نۆریاوی ـ مامۆستا هێمن/ شێعر ..... ١٢
سنە. عیسا ئەحمەدی ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی/ هەلاتن لە کێشەکانی کۆمەڵگا ـ بێزیزی بە وشە زانستییەکان ـ کاریکاتۆر ..... ١٣ـ١٤
مەهاباد. تاهیر عەزیزی ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی / لەوەتەی نیت ـ کاریکاتۆر ..... ١٥
مەهاباد. محەممەد ئەحمەد ـ مەریوان. سەباح نیکخا/ کێ بەرپرسیارە زمانی کوردی خزمەتی نەکراوە؟ هەواڵی ئەدەبی ..... ١٦ـ١٧
شنۆ. عومەر محەممەدی(شکۆدار) / شێعر ..... ١٨
بانە. ک.د.ئازاد/ تێڕامان لە کتێبی "جاران" لە نووسینی "سەید نێعمان بەرزگەر" ..... ١٩
ئیلام. رودوس فەیلی (مستەفا بەیگی)/ شێعرـ تاسەی دیدار ماموستا گوران ..... ٢٢ـ٢٣
دێولان. ڕەنـجـبـەر/ داب و نەریتەکانی نەورۆز لە ناوچەی "لەیلاخ " لە ساڵەکانی ٤٠و ٥٠هەتاویدا ..... ٢٤
پاوە. ئالان ڕەحمانی/ شێعر ..... ٢٥
بانە. ئامینە عەزیزی"سروور" / بەسەرهات و قسەی خۆش ..... ٢٦
بوکان. سعید سلیمی بابامیری بانە. فتاح ئەمین زادە/ وەرگێڕانی شێعری هێمن، شێل سیلڤەستین، عبدالله گلابی بە ئینگلیسی ـ پەخشان ..... ٢٧ـ٢٨
بۆکان. سەلاح نیساری /هەمووکەس هەروا دەڵێن ..... ٢٩
بۆکان. مامۆستا حەقیقی ـ ئاودانان(ئاونۆ). مێهرداد موورادی ماسپی/ وەرگێڕان ـ شێعر ..... ٣٠
کەرەج. محمد فەتاحی/ شنە ی ئومید ..... ٣١
بانە. سۆران حوسێنی ـ مەهاباد. شاهۆ موکریانی/ شێعر ..... ٣٢
بۆکان. ئەمین گەردیگلانی ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی / ئەو پیاوەی لە دڵی گەرمی شێعر و جوانیدا ون بووە ـ کاریکاتۆر ..... ٣٣
سنە. عەلی سوهرابی/ پلانێ پێوەر بۆ خەلاتی ئەدەبی کوردی ..... ٣٤
سەردەشت. دڵبەخوێن ـ بانە. ک.د.ئازاد ـ سنە. فەردین کەمانگەر / شێعر ..... ٣٥
مەهاباد. قادر حوسێن شەریفی ـ مەریوان. سیروان کریمی زادە/ گۆشتاوی گیسک ـ گلەیی و گازندەکانی داربەڕوویەک ..... ٣٦
سەقز. ف.ڕ.ئومێد ـ ورمێ. حەسەن حەسەن پوورـ مەهاباد . ئاڕگەش/ شێعر ..... ٣٧
هەولێر. موحیب مەهابادی / تاقە وێنەی زانایەکی ناوداری کورد بۆ یەکەم جار بڵاو دەبێتەوە ..... ٣٨
هەولێر. موحیب مەهابادی ـ سەردەشت. گزنگی خۆر ـ مەهاباد. جەعفەر مەعرووف(ژیار)/ شێعر ..... ٣٩
هەولێر. سعدالله نوری/ وجودییەت و کاریگەرییەکانی لەسەر ئەدەبدا ..... ٤٠
مەریوان. ڕۆشنا کەریمی/ ئایا نان دان بە پەلەوەرەکان کارێکی دروسە؟ ..... ٤١
مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی (زایەڵە) ـ پیرانشار.هاوار لاجانی ـ پاڵنگان. لوتفوڵلا فەتحی"هەورام"/ شێعر ..... ٤٢
هەولێر. ڕۆستەم خامۆش ـ بانە. هێلین موحەممەد ئەمینی/ گرنگیی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵاندا ـ شێعر ..... ٤٣
ئاودانان. نەبی ئەحمدی ـ دێلێڕۆ (دهلران). حوجەت خانی (بێ دەسهەلات)/ شێعر ..... ٤٤
سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی/ پەیوەندی لەنێوان شانۆ و ڕۆمان و هونەری شێوەکار یدا ..... ٤٥
بۆکان. ڕێ زان ـ مەریوان. جەماڵ مەریوانی (هەڵبەست) ـ سەقز. ف.ڕ.ئومێد)/ شێعر ..... ٤٩
بانە. قادر خدر زادە ـ پاوە. ئوسمان ڕەحیمی هەجێجی )/ شێعر ..... ٥٠
سەولاوا. ساسان مۆنفەرێد[بێوەر] ـ سەقز. فەریدەکاکی ـ سەقز. هانیە قادرپور"هاوڕێ" /ژیان و بەرهەمی سەییدوریا حسەینی ـ شێعر ..... ٥١
برووجرد. زانا کوردستانی/ ژیاننامە و بەرهەمی: ئەمیر ئەمین هەلاڵە شەوکەت لهۆنی ـ حەمە ڕەشید هەرەس ..... ٥٢
برووجرد. زانا کوردستانی/ خشتە٢٦ ..... ٥٣
هەوشار.مەهناز شەمس ـ مەریوان. ئومێد دادمێهر ـ سنە.لەیلی عەتایی ـ مەریوان. لوقمان دانش"ڕێباز" ـمەریوان.پەرۆش ـ مەریوان.تەیموورموورادی/ پەیڤکاتۆر ..... ٥٣ـ٥٤
بانە. ف. هەتاو/ شێخ عەبدولقادری گەیلانی ..... ٥٥
دێهلوڕان.خاتوون فەرزانە سەحرایی ـ بۆکان. عومەر محەممەدی " مەزهەر" ـ بانە. حسین حەکیمی ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی / شێعرـ کاریکاتۆر ..... ٥٧
میراوای بۆکان. ڕەسووڵ حسێن پوور "دەلال" ـ سەقز.کامیل موحەممەد جانی ـ سنە. پژمان حەبیبی/ شێعر ـ لە بانەوە تا چەشمیەر ..... ٥٨
بانە. فەرزانە ساڵەحی/ کانی گۆران ..... ٥٩
بیجاڕ. موبین موحەمەدی (ئاشکار)ـ مەهاباد. غەفوور پیرزادە(کەسەر) ـ سقز. کەریم گەنجی ( ئاراز) / شێعر ..... ٦٠
سنە. زەمان ـ سەقز . مریەم یەتیمی ـ بانە. بەیان خدری ـ سنە. گولاڵە سەلواتی "گوڵیار"/ شێعر ..... ٦١ـ٦٢
ڕحیم خانی بۆکان. نادر مستەفا زادە ـ زەڕینەی هەوەتوو. ناسر زامدار/ چیرۆکەکانی شاری هێرت ـ شێعر ..... ٦٣ـ٦٤
بانە. ف. هەتاو ـ مەریوان. جەماڵ مەریوانی(هەڵبەست) ـ سەقز. مریەم یەتیمی/ شێعری منالان ..... ٦٥



# زمانی دایک و ڕۆژێک

نووسین و توێژینەوە: هۆمەر نۆریاوی



کلیلەوشە: زمانی دایک، زمانی ئۆردوو، زمانی بەنگالی، زمانی کوردی، هەژار موکریانی، خانای قوبادی

**دەستپێک:** زمان بە پێناس و ناسنامەی هەموو نەتەوەیەک دادەنرێت. زمانی دایک، بە زمانی یەکەمی منداڵ دەگوترێت و یەکەم زمانیش دێتە ئەژمار کە منداڵ فێری دەبێت و دەکاری دێنێت و ئەویش بریتییە لە بەشێکی سەرەکی ناسنامەی کەسەکی، جڤاکیی و چاندیی زارۆک. لە ڕاستیدا زمانی دایک، بەو زمانە دەگوترێت مرۆ بۆ یەکەمجار فێری دەبێت، توانای بەسەردا دەشکێت، باشتر دەتوانێت پێی بئاخفێت، بەکاری بێنێت، خۆی پێ بناسێت و خەونی پێ ببینێت.

نووسەری زمانپاراوی کورد، "حەمەسەعید حەسەن" (١٩٥٠)زمان و بیر و هزر بەیەکەوە گرێ دەدات و دەنووسێت: "(کاترین پیلسی)دەبێژێت: (زمان مەرجی هەبوونی فیکرە، ئاخر بیر ناتوانێت لە دەرەوەی زماندا هەبێت، )چونکە ئەگەر زمان نەبووایە، فیکریش نەدەبوو".(زمان و نووسین، ل ١٠٠و ٩٩)
ئەم نووسەر و ڕەخنەگرە هەروەها دەنووسێت:"زمانناسنامەیە، ئاخرئینسانبەزمانەکەیدادەناسرێتەوە". (ئەووشانەیدونیایانەهژاند، ل٧١)

زمانی کوردییش، بە یەک لە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکانی سەرگۆی زەوی دادەنرێت کە خودانی چوار دیالێکتی دێرین و زەنگینە کە هەر کامە لەم زاراوانەیش، دەیان بنزاریان لێ دەکەوێتەوە.

مێژووی خەبات لە پێناو پاراستنی زمانی دایکدا مخابن بەخوێن دەنووسرێتەوە و ئەم دیرۆکەیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢ و خۆپیشاندانی بەنگالەکانی بن حوکمی ڕژێم و دەستەڵاتی ئەو کاتی پاکستان کە دەیەویست زمانی ئۆردوو بەزۆرەملێ بەسەریاندا بسەپێنێت.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت سەرەتا ئاوڕێک لە خودی پێناسەی زمانی دایک و پاشانیش گرینگیی و بایەخی زمانی دایک بداتەوە و ئەو ڕاستییەیش بخاتە بەردەم خوێنەر کە تا چەندە گرینگە مرۆ بۆ پاراستنی کولتوور و چاندەکەی خۆ، پارێزەری زمانەکەی بێت.

## مێژوویەک بۆ زمانی دایک:

نیوچە دوورگەی هیندستان کە سەردەمی خۆی لە بن ڕکێف و حوکمی بەریتانیدا بووە، لە ساڵانی ١٩٤٨ ـ ١٩٤٧دا گۆڕانێکی قووڵ بەخۆوە دەبینێت و چوار وڵات دەبنە خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆ. یەک لەم وڵاتانە پاکستان دەبێت کە لە بەشی ڕۆژاوای، خەڵکەکەی بە ئۆردوو و بەشی ڕۆژهەڵاتی بە زمانی بەنگلایی یان بەنگالی قسە دەکەن. ڕۆژی ٢١ی فێبریوەری ساڵی ١٩٥٢ شۆڕشێک لەو پارەی بن حوکمی پاکستان لە لایەن بەنگالییەکانەوە دەست پێ دەکات کە ئەرچی خوێن دەڕژێت بەڵام لە ئەنجامدا دەستەڵات و ڕژێمی پاکستان پێملی زمانی بەنگالییەکان دەبێت و بە فەرمی ددان بە زمانیاندا دەنێت.

دیاکۆ هاشمی(١٩٦٥)، نووسەر و زمانناس لە وتارێکدا سەبارەت بە زمانی دایک دەنووسێت: "هەموو یاسا نێونەتەوەییە جیهانییەکان پاڵپشتی لە مافی زمانیی نەتەوەکان دەکەن. باشترین میناک لەو پێوەندییەدا "جاڕنامەی جیهانیی مافی زمان"ە کە "حەسەن قازی"(١٩٤٦)لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. بۆ نموونە لە ماددەی ٢٦دا دەڵێ: "هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە پەروەردەیەکیان هەبێ کە دەرفەت بدا بە ئەندامەکانیان بەتەواوی زمانی خۆیان فێر بن و لێی ڕابێن".

(دیاکۆ هاشمی، زمانی دایک)

لە وڵاتانی زێتر تاکڕەوی جیهانی سێیەمدا کە باوەڕیان بە یەک زمان، یەک نەتەوە و یەک ئاڵا هەیە، لەمێژە ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکرێت و دەرفەتی ئەوە بە کەمەنەتەوەکانی نێو ئەو وڵاتانە نادرێت لە پەنا زمانی فەرمیدا، زمانی نەتەوەکانی دیکەیش بخوێندرێت و پێی بنووسرێت. هەر ئەم سیاسەتە چەوتە، دەنگی نەتەوە بندەستەکانی کە خودان زمانی سەربەخۆن، بڵند کردووەتەوە و ئەم نەتەوانەیش لە پێناو پاراستنی زمانەکەی خۆدا تا هەنووکە خەباتێکی دوور و درێژیان کردووە و هێشتایش ئەم خەباتە هەر درێژەی هەیە و بە سەد داخەوە هێشتاکە گەلێک وڵات و ڕژێم هەیە کە دەرفەتی خوێندن و نووسین بە زمانەکانی دی نێو چوارچێوە دەستکردە جوگرافیاییەکەی خۆی نادات.

کوردیش، یەک لەو نەتەوە دێرینانەی مێژووی مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار کە پاش دابەشکران لە نێوان چوار ڕژێمدا هەر لەو سەردەمەوە تا هەنووکە بۆ پاراستنی زمانەکەی خۆی خەبات دەکات و لەم پێناوەیشدا قوربانییەکی زۆری داوە لێ هەرگیز دەستبەرداری زمانەکەی نەبووە و هەنووکەیش لەسەر داوا ڕەواکەی مکوڕە.

شاعیر و وەرگێڕی ناودیاری کورد"ناسر حیسامی"(١٩٥٩) خاوەن شیعرێکی گەلێک ناسک و پاراو لەم پێوەندییەدایە کە قسەی نێو ناخی گشت تاکێکی کورد دەکات:

مەلان کاتێک لە باغان پۆل دەبەستن      درەخت کاتێک لەبەر باران دەوەستن
کە نەیزاری قەراخ گۆلاو لەبەر (با)      وەکوو شمشاڵژەنێک، شمشاڵ بەدەستن
مرۆڤی سەرزەوی کاتێک کە شادن،      کە غەمبارن، کە هوشیارن، کە مەستن
کە گیانداران لەبەر ئازار دەناڵن      دەنا کاتێک ئەویندار و بەهەستن
هەمووی بە زمانی خۆ دەدوێ و دەخوێنێ      ئەدی بۆچی زمانی من دەبەستن؟

(زمانی دایک، ناسر حیسامی)

٢ی ڕەشەمە(٢١ی فێبریوەری)ساڵی ١٩٩٩ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوەکانەوە بۆ داکۆکی و پشتیوانی لە زمانی کەمەنەتەوەکان و پاراستن و پێشگرتن بە فەوتانی زمانیان، بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر کراوە.

بەڵام ئەم ڕۆژە( ٢ی ڕەشەممە)، لە نێو ڕووپەلی ڕۆژمێری نەتەوەی مەدا، ڕۆژی کۆچی دوایـی کەسایەتییەکی نەتەوەپەروەریشە کە هەمـوو تەمەن و ژیانی خۆی بە زمان و چاندی میللەتەکەی بەخشی.

هەژار موکریـانی(١٩٩١ ـ ١٩٢١)، یەکێکە لە کۆڵەکە و ئەستووندەکە سەرەکییەکانی پارێزەری چاند و زمـانی کوردی کە لە ڕێـی شیعر، وەرگێڕان و نووسینەوە، زێترین ڕاژە و خزمەتی زمانەکەی کردووە. هەژار بە یەک لە خەمخۆرە هەرەقەتییەکانی ئەم زمانەیش دادەنرێت، تا بەوێندەرێ دەڵێ:

به کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم بە کوردی دیدەم، وەرامی قەبرم
بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە لەو دنیاش بۆ کورد تێهەڵدەچمەوە
(بۆ کوردستان، هەر کوردم، ل٢١)

لەسەر مێژووی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، گەلێک پەڕتووک نووسراوە و بە سەدان وتاری زانستییش بڵاو بووەتەوە.بۆیە بە پێویست نـازانم پتر لەسەر ئەم پرسە بڕۆم.

ئەوەی بە لای منەوە گرینگە و پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، سیاسەت و پلانی فەرهەنگییە کە زمان بە کۆڵەکە سەرەکییەکەی لەقەڵەم دەدرێت و گەرەک کورد لە ڕێی سیاسەتێکی ڕوونی فەرهەنگییەوە، هەر لە ژێرخانەوە دەست پێ بکات و پەروەردەی بنەڕەتی بەهەند وەربگرێت. ئەگینا دواتر ئاڵۆزستانێک چـێ دەبێت و هەر یەکە و لە سووچێکەوە(بە نـاوی زمـانی دایک)، بە تەورەکەی دەستی، پەل و پـۆی دارەکەی دەبـڕێتەوە.کەس دژ بە فرەزاراوەیی و ئاوردانەوەی هەرەقەتی لە دیالێکتە هەرە دەوڵەمەندەکانی زمانی کوردی نییە و بگرە لەسەر هەمووانیشە بەهەندیان وەربگرین.

ئەمە ڕاستییەکی هەژێنەرە کە هەر لە تەنیشت خۆمانەوە بە دەیان و بگرە سەدان زانستوەری کوردمـان پـێ شک دێت کە هەرگیز زمـانی نەتەوەکەی خۆ، ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبـووەتە خەم و پەرۆشیان. تەنـانەت زۆر جـار لە کۆڕ و کۆنفرانسەکانیشدا سووکێ بە لای زمـانەکەی خـۆدا تێـدەپەڕن کە گوایە، زانستی نییە. نابێژن بۆ خۆ هەرگیز توانای نووسینی وتارێکی زانستییمان بە زمانی خۆ نییە.

پڕ ڕوونە شێوە هزرینی بەشێک لە مرۆی زانستوەری کورد لە بن کارتێکەری زمانی سەردەستدایە و تا ئێستا نەیتوانیوە خـۆ لە بـن هەژموونی ئەو زمانە دەرباز بکات. چونکە هێشتاکە لەژێر سێبەری ترسناک و بۆری پەروەردە بە زمـان و ئەقڵییەتـی زاڵ و سەردەستدایە و بـۆ خۆیشی بـاوەڕی بە خۆی و ناسنامەکەی نییە.

## بەڵام بابزانین زمانی دایک چلۆن پێناسە دەکرێت و بۆچ گرینگە بەم زمانە بخوێنینەوە و بنووسین؟

وشەی دایک، لە باری زمانییەوە مەبەست هەمان سەرەکییە؛بۆیە زمانی دایک، هەمان زمانی باوبـاپیرانی مرۆیە. بە واتـایەکی دی، زمـانی دایـک، بەو زمانە دەگوترێت کە مرۆ یەکەمجار فێری دەبێت، توانای بەسەردا دەشکێت، باشتر دەتوانێت قسەی پێ بکات، بەکاری بێنێت، خۆی بناسێت و خەونی پێ ببینێت.

بە زمـانێکی دی، زمـانی دایک، زمـانی یەکەمـی منداڵە و یەکەم زمـانە کە زاڕۆڵە فێـری دەبێـت و دەکـاری دێنێـت و ئەویـش بـریتییە لە بەشـێکی سەرەکیناسنامەی کەسەکی، کۆمەڵایەتی و چاندیی زاڕۆک.

## ئەی بۆچ زمانی دایک گرینگە؟

چونکە، زمـانی دایک، شوناسـی نەتەوەیە.هۆکـارە بـۆ ڕەنگدانەوە و وەرگرتنـی دابونەریتی کـۆمەڵایەتی نەتەوەکەی.لە ڕێـی زمـانی دایکەوە، منـداڵ دەتوانێت باشتر خۆی بناسێت و هەست بە ناسنامەی بکات و باشتر دەتوانێت تواناکـانی دەربخـات.هۆکـارە بـۆ فێربـوونی زمـانی دووەم و هەروەهـا کرانەوەی بە ڕووی ناسینی زمانی نەتەوەی تردا.دەنگی دایک و سۆزی، وا لە منداڵ دەکات لە بیرکردنەوە و فێربووندا کاراتر و چالاکتر بێت.

بۆ گەشەکردن، منداڵ پێویستی بە سۆز و خۆشەویستیی دایک و باوک هەیە و ئەمەیش لە ڕێی زمانەوە دەگوێزرێتەوە.

پرۆفیسۆر "کاتلین هۆگ"، زماننـاس دەڵێ: "لە ڕێی زمانی دایکەوە دەتوانێت باشتر هەست و نەستت دەرببڕیت".

دوکتۆر "موحەرەم ئاقازادە"(١٣٤٧ی هەتاوی، ١٩٦٨)توێژەر و ڕاوێژکاری پێشووی بەشـی فێرکـاری لە بەرنـامەی ڕێکخـراوی نەتەوەکـان، دەڵێ: "ئەوەی زمانی یەکەمی، زمانی خوێندنگە نییە، لە قوتابخانەدا تووشی نائەمنیی و ناهێوریی لە باری سۆزداریی و عاتیفییەوە دەبێت".

"ئیسمایل بێشکچی"(١٩٣٧)، کۆمەڵنـاسی تـورک و گەورە داکۆکیکـاری مـافی کوردان، دەڵێ:"ئەگەر بتەوێت نەتەوەیەک سەرشۆڕ و کـۆیلە و بێناسـنامە بێت، پێویستە ئەلفبێی ئەو نەتەوەیە لەناو ببرێت و، ڕێگا نەدرێت بە زمانی دایکیی خۆی بدوێت".

شاعیری گەلپەروەری کورد، عەبدوڵڵا پەشێو(١٩٤٦)یش دەبێژێت:"زمان، شەرەفمانە، ناموسمانە، غیرەتمانە، هەموو شتێکمانە".

## ئەنجام:

زمان بە پێناس و ناسنامەی هەموو نەتەوەیەک دادەنرێت. مێژووی خەبـات لە پێنـاو پاراستنی زمـانی دایکدا مخـابن بەخـوێن دەنووسـرێتەوە و ئەم دیرۆکەیش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢ و خۆپیشاندانی بەنگالەکانی بن حوکمی ڕژێم و دەستەڵاتی ئەو کـاتی پاکستان کە دەیەویست زمـانی ئۆردوو بەزۆرەملێ بەسەریاندا بسەپێنێت. بەڵام سەرەنجام ڕژێمی ئەو کاتی پاکستان دان بە زمانی بەنگالیدا دەنێت و ئەم زمـانە مـافی خـۆی وەردەگرێت. ڕێکخراوی نەتەوەکانیش بۆ داکۆکی و پشتیوانی لە زمانی کەمەنەتەوەکان و پاراستن و پێشگرتن بە فەوتـانی زمانیـان، ڕۆژی ٢١ی فێبریـوەری سـاڵی ١٩٩٩ بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناودێر دەکات. زمانی کوردییش، بە یەک لە زمـانە هەرە دەوڵەمەنـدەکانی سـەرگۆی زەوی دادەنرێت کە خـودانی چوار دیالێکتی دێرین و زەنگینە کە هەر کامە لەم زاراوانەیش، دەیان بنزاریان لێ دەکەوێتەوە. جگە لە پارێکی کوردستان(باشوور)ئەم زمـانە هەرگیـز بە فەرمی ددانی پێدا نەنراوە و دەرفەتی خوێندن و نووسین بەم زمـانە نەدراوە کەچـی سـەرباری هەمـوو کۆسـپ و تەگەرەکـانی بەردەم، توانیویەتی خۆی بپارێزێت.

فرەزاراوەیی لە نێو زمانی کوردیدا ڕاستە زۆر جـار سەرئێشە دروست دەکات بەڵام سەرێشەیەکی شیرینە و گەر بە شێوەیەکی ئاوەزمەنـدانە و بە بیرێکی نەتەوەییەوە سەیر بکرێت، دەتوانێت فاکتەرێکی بەهێز بۆ یەکگرتوویی نەتەوەییش بێت.لێرەوە ئەرکی ئێمەی کورد لەم سۆنگەوە گەلێک قورستر دەبێت کە پێویستە لە پەنـا ناسـاندنی دیالێکتیک بـۆ زمـانی فەرمـی، ئەو دەرفەتەیش بە شێوەی یەکسان بخرێتە بەردەم ئـاخێوەرانی زاراوەکانی دیکەیش کە هەر کامە لە چوارچێوە جوگرافیاییەکەی نیشتمانەکەیدابە دیـالێکتەکەی خـۆی بخـوێنێتەوە و بنووسێت تـا هەمـوو پێکەوە

ڕاگری خودی کۆڵەکە سەرەکییەکە بن کە ئەویش زمانی کوردییە و هەر لەم ڕێگەیشەوە دەتوانین هەستی نەتەوەیی لە نێو ناخماندا بڵندتر بکەینەوە و هەرگیزیش بەیدەی هەرەشە و مەترسی چاو لە هیچ کامە لە دیالێکتەکانی زمانەکەمان نەکەین.
بڵا هەموومان وەک خانای قوبادی(١٧٧٨ ـ ١٧٠٤) چاو لە زمانەکەمان بکەین:

ڕاستەن مواچان فارسی شەکەرەن — کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن
پەی چێش؟ نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش — مەحزووزەن هەر کەس بە زوبان وێش
(خوسرەو و شیرین،ل١٤)

ژێدەر:
١ ـ تاڤگەیەک لە زیو ،حەمەسەعید حەسەن،بڵاوکراوەی ئاراس،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠٨
٢ ـ ئەووشانەیدونیایانهەژاند، حەمەسەعیدحەسەن، ناوەندیئاوێر، چاپییەکەم، ٢٠٢٠
٣ ـ ڕۆژی نێونەوەیی زمانی دایک، دیاکۆ هاشمی، ماڵپەڕی یاگەی زمانی کوردی
٤ ـ ڕووپەڕی ناسر حیسامی لەسەر تۆڕی فەیسبووک
٥ ـ بۆ کوردستان، دیوانی هەژار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی چوارەم، هەولێر، ٢٠٠١
٦ ـ ڕۆژنامەی شەرق و ماڵپەڕی ئەسغەر زارع کەهنموویی asgharzareh.ir ،شەممە ٣ی ڕەشەممەی ١٣٩٢ی هەتاوی
٧ ـ ڕۆژنامەی "شەرق"، ژمارە ١٤٧١، ڕۆژی ٣/١٢/١٣٩٠، لاپەڕەی ١٩
٨ ـ گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٧، جوولای ٢٠٢١، بۆچ دەبێت بە کوردی بخوێنینەوە و بنووسین، هۆمەر نۆریاوی
٩ ـ خوسرەو و شیرین، خانای قوبادی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغداد، ١٩٧٥
و هەروەهاچەندان ڕووپەڕی دیکە لەسەر تۆڕە جۆراوجۆرەکان

## گێڕانەوەی لاپەڕەیەک لە مێژوو، سەبارەت بە بنەماڵەی مەولەویەکانی بانە



بانە. حەمید ڕفاعی

هەرلاپەرەیەک لە مێژوو، بۆتەنامیلکەیەک، لەبەسەرهاتی گەورەپیاوانی شارەکەمان بانە، مەولەویەکان بەرەچەڵک لەبنەماڵەی ملاقادری کۆیی، سەربەهۆزی ملائەبووبەکری کۆیی، ساربەباژێری شاری کۆیە لەباشووری کوردستان.ملاعەبدولقادری کۆیی خاوەنی سێ کوربووە، بەناوەکانی ملاعەبدولا، ملاحەمەمین، حاجی شەریف.کەهەرسێکیان لەشاری کۆیەوە، کۆچ دەکەن بەرەو، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەواویان بە کارووپیشەی پزشکی سوونەتیەوە، سەرقاڵ دەبن. ملاعەبدولا، لەمهابادنشتەجێ دەبێ، ملاحەمەمین لە بانە جێگیر دەبێ حاجی شەریف لەسەقزدەگیرسێتەوە.
لێرەدا، سەبارت بەهەرسێکیان بەجیا، باسیان لێدەکەین.
١ ـ ملاحەمەمین مەولەوی کوری ملاقادر، وەک ئاماژەمان پێکرد، لەپێش شەڕی جیهانی یەکەم دا، لە شاری بانەسەقامگیردەبێ، و لەبانەدەست دەکا بە تیماری زامداران وپاش مەرگی ئەوحاجی ملاعەبدوسەلام مەولەوی ڕچەکەی باوکی دەگرێتەبەر، لەکاروباری حەکیمی سوونەتیدا، و پاش ئەویش هەربەوشێوەحاجی ملارحمانی کوری، بەردەوام دەبێ لەکاری پزشکی سوونەتی، حاجی ملارەحمان خاوەنی چوار کوربووە، بەناوەکانی خوالێخۆشبوان، میرزاحەمەمین مەولەوی، میرزاسەعیدی مەولەوی، عەبدوڵامەولەوی، وکاک حەمەساڵە. ڕێزدارمحەمەدرەئوف تەوەکولی بەتێروتەسەلی لەکتێبی مێژوی بانەباسی لێکردوون . ولەگەشتێکی تویژینەوەی خۆم دا، وەک سەفەرنامەیەک بۆسلیمانی ودانیشتن لەگەڵ گەورەپیاوان وخاوەن ئەزموون وبەتەمەنی ئەوشارەدا، وەک دوکتوربەکرعوسمان پسپۆری دڵ، کەلەبانییەرسەنەکانی سلیمانییەوباوکی لەتەمەنی ١٠٥ساڵیدابووە، سەبارت بەبنەماڵەی ملاحەمەمینی کۆیی، وکارەپزشکیەکانی چەندپرسیارێکم ئاراستەکرد، بۆزانیاری زۆرتر، ولەوڵامدا وتی ملاحەمەمین بەسوارئەسپەوە، دێ بەدێ وشاربەشار، بەدەواو، ودرمانەوەلەخزمەت خەڵکدابوو، ولە مەوەو، دووا، بەرەوبانەکەوتەڕێ ولەبانە سەقامگیربوو، بەهۆی خزمەتی پزشکی سوونەتی، حاکمی بانە یونس خان، ئاوایی بارەوران لەبناری بابۆس وەک خەڵاتێک پێشکەش بەملاحەمەمین دەکا، حاجی ملارەحمان لەبواری کۆمەڵایەتییەوە خۆشەویست ومتمانەی خەڵک وحاکمانیی بانەبووە، وێنەری حاجی نەسرولاخانی ساوان سەرۆکی عەشیرەتی ڕۆستەمی بانە بووە، لەکاروباری نێوشاری بانەدا لەسەردەمی حەمەرەشیخان، پاش چەندساڵ مامۆستایی لەقوتابخانەکانی بانەوازی لێ هێیناوەبەپیشەی کشت وکاڵ وحەکیمی سوونەتی بەردەوام دەبێ، دوای شورشی ساڵی ٥٧ی هەتاوی ماڵئاوایی لەژیان دەکا ومزگەوتێک بەناوی ئەوبنەماڵە بنیاددەکرێ بەناوی مزگەوتی مەولەوی لەشاری بانە.
٢ ـ دووهەمین کوڕی ملاقادرکۆیی، ملاعەبدوڵابووە، وەک باسمان لێکرد لەمهاباد جێگیردەبێ وبەردەوام دەبێ لەکار ی پزشکی سوونەتی وپیاوێکی شارەزا بەدەواودرمان وچارەسەری نەخۆشەکان بەهۆی ،کارەپزشکیەکا
نیەوە، ناوبانگ دەرئەکا ، لەدڤەری مهاباد، ولەلایەن عزیزخان سەرداری مکوڕی زۆرخەڵاتی پزشکی پێبخشراوە، نەوەکانی بەناوی دوکتور بهروز دوکتورعلی مەولەوی پسپۆری بەناوبانگی مێشک لەتاران بەدوکتوری پلەیەکم دەژمێردرێن، ولەمهاباد درمانخانەیان هەیە.
٣ ـ حاجی شەریف سێهەمین کوری ملا قادری کۆیی وبرای ملاحەمەمێنی بانەیی وبەهۆی ئەوەحەکیمێکی شارەزابووە، ناسناوی حاجی حەکیمی پێبراوە ، لەبواری ڕامیاری(سیاسی) لەڕیزی خەبات کارانی بزوتنەوەی، مشروتەخوازاندا، دەورێکی هەرگرینگی بووەلەتەوریز. بەچوارزمان شارەزا، بووە، لەپاش دروست کردەنی مزگەوتێک بەناوی مزگەوتی حاجی حەکیم لەسەقز، لەتەمەنی١٠٦ ساڵی دا، ماڵئاوایی لەژیان دەکا ولەمزگەوتەکەی خۆی کەدروستی کردەبوو، بەخاکی دەسپێرن لەسەقز، نەوەکانی بەناوی نیلوفەری دەیان ناسن وخەریکی خزمەت بەخەڵکن دوکتورنیلوفەری یەکێکە لەوانە.

# ئاماژەیەکی تێپەڕ بە ژیاننامەی زانستی ـ ڕۆشنبیری و ئاسەوارناسیی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان

[بە بۆنەی ١٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٤ی هەتاوی، کە هاوڕێکەوتە لەگەڵ ٩٢ـهەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی عەللامە ئەحمەدیان]



مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان؛ زمانناس و نووسەر و لێکۆڵەر



**ئەلف) پێناسە و ناسنامە:**

ناو : مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان

ناسراو بە[اسم ِ اشهر]: عەللامە ئەحمەدیان

باوک: عەبدولقادر[پیشە:جووتێر]

دایک: ئامینە

کاتی لەدایکبوون: ١٥ی خاکەلێوەی ١٣١٢ی هەتاوی

کۆچی دوایی: ٢٣ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی

شوێنی لەدایکبوون: گوندی "دەرمان"، سەر بە شاری مەهاباد

شوێنی کۆچی دوایی: مەهاباد

شوێنی مەزار و گڵکو: گۆڕستانی بوداغ سوڵتانی مەهاباد[مقبرةالعلما]

تەنیشت عەللامە مەلا حوسێن مەجدی و عەللامە مەلا عەبدولکەریم شاریکەندی]

**ب)چالاکیی زانستی و ڕۆشنبیری:**

١ ـ تەدریسی زانستە عەقڵی و نەقڵییەکان وەک: ئوسوولی فیقهـ و فیقهـ و بەلاغە و فەلسەفە و کەلام و مەنتیق و تەفسیر و حەدیس و ڕیازییات و هەیئەت و ئوستورلاب و تەشریح و عیلمی ئاداب بۆ ماوەی ٥٠ساڵیتەواو؛

٢ ـ ئیجازەدانی نزیکەی ١٠٠فەقێی وریا و زانا و توانا و خاوەنبیروباوەڕ و نیشتمانپەروەر و خاوەنهەڵوێست؛

٣ ـ ماوەی ٢٥ساڵ تەدریسی دەرسی قورئان و عەرەبی لە قوتابخانە دواناوەندییەکانی مەهاباد؛

٤ ـ ماوەی ١٠ساڵ تەدریسی فەلسەفە و کەلامی قەدیم و کەلامی نوێ و مەنتیق و تەفسیر و زانستەکانی قورئانی و علولومولحەدیس و ئەدەبیاتی عەرەب و مێژووی ئیسلام لە زانستگای ئازادی شاری مەهاباد؛

٥ ـ ماوەی ٩ساڵی بێپسانەوە نووسەری وتار لە بوارەکانی ئایینی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و تەنزی کۆمەڵایەتی بۆ دەنگ و ڕەنگی ناوەندی مەهاباد، کە بەشی وتارە ئایینیەکە بۆ ماوەی ٩ساڵ و هەموو ڕۆژێک بە دەنگی مامۆستا لە ڕادیۆ مەهاباد دا بڵاودەکرایەوە؛

٦ ـ نووسەری وتار بۆ گۆڤار و حەوتەنامە و ڕۆژنامە کوردییەکان بە ماوەی ٢٠ساڵ؛ کە لەو ماوەیەدا پترلە ٢٠٠وتاری مامۆستا ئەحمەدیان لە بواری ئەدەبی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، زانستی، فەلسەفی، ئایینی، کوردناسی و.... بڵابووتەوە؛

٧ ـ نووسین و بەرهەمهێنانی ٤٠کتێب بە زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی لە بوارەکانی: فیقهـ ، مێژووی ئیسلام، کەلامی قەدیم ، کەلامی نوێ، فەلسەفە، هەیئەت و حەواناسی و نجووم، حەدیسناسی، قورئاناسی، تەفسیر، شێوازەکانی بانگخوازیی دینی، مێژووی کورد، کوردناسی، شێعری کوردی، تەنزی کوردی، ڕۆمانی کوردی، موناجاتنامە و خۆشنووسی و... لەو ٤٠کتێبانەی مامۆستا نووسیویەتی تاکوو ئێستا ٢٢کتێبیان چاپ و بڵاوبوونەتەوە. بەشێکی زۆر لەو ٢٢کتێبانە چەندین جار چاپ و بڵاوبوونەتەوە، بۆ وێنە کتێبی« لێکدانەوە و شیکردنەوەی مێژووی ژیان و بەسەرهاتی حەزرەتی عومەر(د.خ)»، ٨جار چاپ و بڵاوبۆتەوە؛ هەروەها هەر ٣کتێبی: قورئاناسی ، حەدیسناسی، مێژووی شیکارانەی کەلامی ئەهلی سوننەت، هەرکام ٦جار و کتێبی ئیمامی شافیعی ٤جار چاپ و بڵاوبوونەتەوە.

ئەو ٤کتێبەی دوایی و هەروەها کتێبی "کلام جدید" هەر ئێستا لە زانستگاکانی ئێران وەک کتێبی دەرسی تەدریس دەکرێن؛

٨ ـ وەرگرتنی بڕوانامەی دوکتۆرای ئیلاهییات و زانستەئیسلامییەکان لە زانستگای تاران لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی بە پلەی "زۆر بەرز"؛

٩ ـ بەشداری لە کۆنگرە و سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی «ناودارانی کورد» و «کوردناسی» و «ئەدەبیاتی کوردی و مێژووی کورد» و «مەلا پەرێشان» و «وەفایی» و «مامۆستا هەژار» و «مەولەوی کورد» و «نالی» و «زمانی یەکگرتووی کوردی» و «هەڵەبجە» و... لە شارەکانی تاران، تەورێز، ورمێ، کرماشان، ئیلام، سنە، سەقز، بۆکان و مەهاباد.

**ج) وتار و لێکۆڵینەوە و کتێب و بەڵگە-فیلم لە بابەت کەسایەتی و ژیاننامە و ئاسەوار و هزر و ئەندێشە:**

١ ـ پتر لە ١٠٠وتاری زانستی، لێکۆڵینەوەیی، زانستی_لێکۆڵینەوەیی، ژیاننامەیی، بیرئانینی، تایبەتنامەیی و.. لە گۆڤارەکانی ژوورەوە و دەرەوەی وڵات بە کوردی و فارسی و عەرەبی، لەبابەت ژیان و بەسەرهات و ئەندێشە و ئاسەواری عەللامە ئەحمەدیان؛

٢ ـ کتێبی «ژیان و بیر و ئەندێشە و ئاسەواری عەللامە مامۆستا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان»، لە نووسینی ڕێزدار ناسر عەلیار لە ٣٠٤لاپەڕەدا، چاپکراو لە لایەن چاپەمەنیی ئاڵای ڕووناکی لە ساڵی ١٣٩٥دا؛

٣ ـ لێکۆڵینەوەی« ئەندێشەی فەرهەندی مامۆستا دوکتۆر عەبدوڵڵا ئەحمەدیان»، لە نووسینی دوکتۆر حەسەن ڕەشیدی نەبیکەندی؛

٤ ـ نامەی ماستەری زمان و ئەدەبیاتی فارسی، لە ژێر ناوی:«ژیان و بەسەرهات و ئاسەواری عەللامە ئەحمەدیان»، لە نووسینی ڕێزدار موحەممەدکاوە باڵنوور، زانستگای ئازادی مەهاباد، ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی؛

٥ ـ نامەی ماستەری زمان و وێژەی کوردی زانستگای سەلاحەددینی هەولێر، لە ژێر ناوی:«شێعرییەت لە هۆنراوەکانی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان دا»، لە نووسینی محەممەد عوسمان محەممەد، ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی؛ ساڵی ١٤٠٢لە لایەن وەشانگەی «ڕۆژهەڵات» وەک کتێب چاپ و بڵاوکراوەتەوە؛

٦ ـ نامەی ماستەری «حقووقی عموومی»(=ڕشتەی ماف)، لە زانستگای ورمێ لە ژێر ناوی: «خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانەی مافی ژن لە ڕوانگەی ئایەتوڵڵا موتتەهەری و عەللامە ئەحمەدیان»، لە نووسینی ڕێزدار ئەنەس عەبدوڵلازادە، لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی؛ کە ساڵی ١٤٠١لە لایەن وەشانگەی « کتێبەی نوین شیراز»، وەک کتێب چاپ و بڵاوکرایەوە؛

٧ ـ ریسالە وتێزی دوکتۆرای ڕشتەی تەفسیر و زانستە قورئانییەکان لە زانستگای سلێمانی لە ژێر سەردێڕی: «منهج و آراء علامه احمديان فی مجال التفسير و علوم القرآن؛ دراسة مقارنة التحليلية»، لە نووسینی ڕێزدار دوکتۆر عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی، کە ٢ساڵی تەواو سەرقاڵی ئەو تێز وریسالەیە بووە و ٢وتاری زانستی و لێکۆڵینەوەیی لەو ریسالەیە لە گۆڤاری زانستی زانستگای بەغدا لێ چاپ کراوە و ساڵی ١٤٠٢بە سەرکەوتوویی تەواوە و لە ٥٦٤لاپەڕەدا کۆتایی پێهات و بە دەرەجەی عالی بەرگری لێکرا؛

.٨پێنج بەڵگە–فیلمی جیاجیا لە لایەن هەرکام لە تلەویزیۆنەکانی: گەلی کوردستان(٣حەڵقە)، پەیام( ٤حەڵقە)، ڕووداو و مەهاباد، لە بابەت کەسایەتی و ئاسەوار و هزر و ئەندێشەی ماموٚستا ئەحمەدیان بڵاو کراونەتەوە؛

.٩کتێبی«سیمای صادق فاروق اعظم»، هەر ئێستا لە لایەن پرۆفیسۆر دوکتۆر ڕامیز لالیچ بە زمانی ئاڵمانی و لە لایەن خاتوو فاتیمە محەممەد زەڵمی بە زمانی کوردی لە حاڵی وەرگێڕان دایە و بەزوویی کۆتاییان پێ دێ و چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.

### د) ماموٚستاکانی ماموٚستا ئەحمەدیان:

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکردرێت کە ماموٚستا ئەحمەدیان لە خزمەت ٢ماموٚستا و ٢جار ئیجازەی ئیفتا وتەدریس و ئیجتهادی وەرگرتووە: یەکەم؛ لە خزمەت عەللامە ماموٚستا مەلا عەلی وەڵزی لە گوندی حەمامیانـی بۆکان؛ دووهەم، لە خزمەت عەللامە ماموٚستا مەلا باقری بالک، لە بالکـی مەریوان.

**ماموٚستاکانی ماموٚستا ئەحمەدیان بە تەرتیب ئەوانە بوون:

١ ـ مەلا سەید هاشمی حوسێنی( لە مەهاباد)؛
٢ ـ مەلا سدیق واسیقوبیللا( لە مەهاباد)؛
٣ ـ ماموٚستا مەلا محەممەدی وەڵزی( لە بۆکان)؛
٤ ـ ماموٚستا مەلا حەسەن شێخی(شێخلەر)؛
٥ ـ ماموٚستا مەلا شێخ عیزەددین حوسێنی ( لە مەهاباد)؛
٦ ـ ماموٚستا مەلا عیسامەددین شەفیعی(لە بۆکان)؛
٧ ـ ماموٚستا مەلا عەلی وەڵزی(لە گوندی حەمامیانی بۆکان)؛
٨ ـ عەللامە ماموٚستا مەلا باقر بالک(لە گوندی بالکی مەریوان)؛
٩ ـ عەللامە ماموٚستا مەلا محەممەد قزلجی(لە بەغدا)؛

❖ هەروەها ماموٚستا ئەحمەدیان جیا لەو ٩ماموٚستایە لە خزمەت هەر کام لەو ماموٚستایانەی ژێرەوەشدا ماوەیەکی کورت و کەم فەقێ بووە:

١ ـ عەللامە مەلا عەبدوعەزیم موجتەهید(لە سنە)؛
٢ ـ ماموٚستا مەلا مەحموود موفتی(لە سنە)؛
٣ ـ ماموٚستا مەلا عەبدوڵلا محەممەدی.

### ه)بەشێک لە فەقێ ناسراوەکانی ماموٚستا ئەحمەدیان:

١ ـ ماموٚستا مەلا عەبدوڕڕەحمان ناسری(بۆکان)؛
٢ ـ ماموٚستا مەلا محەممەد شێخولئیسلام بانەیی(نیشتەجێی سەقز _سنە)؛
٣ ـ ماموٚستا دوکتۆر محەممەد فازیلی(سەقزی_نیشتەجێی مەشهەد و ماموٚستای خانەنشینی قۆناغی دوکتۆرای ئەدەبیاتی عەرەب لە زانستگای مەشهەد)؛
٤ ـ ماموٚستا مەلا سەید سەلام عەزیزی؛
٥ ـ ماموٚستا مەلا عەزیز محەممەدپوور«داشبەندی»(بۆکان_نیشتەجێی تاران)؛
٦ ـ ماموٚستا مەلا سەعید ڕەسووڵی(مەهاباد)؛
٧ ـ ماموٚستا مەلا عەلائەددین نەبیزادە(مەهاباد)؛
٨ ـ ماموٚستا مەلا عومەر خەییام(نەغەدە)؛
٩ ـ ماموٚستا مەلا محەممەد بانەیی( مەهاباد)؛
١٠ ـ ماموٚستا مەلا فەرهاد ئاگشتە(ورمێ)؛
١١ ـ ماموٚستا دوکتۆر مەلا حوسێن ئیمامی(بۆکان)؛
١٢ ـ ماموٚستا مەلا هیبەتوڵڵای قازی سلێمانی(سلێمانی)؛
١٣ ـ ماموٚستا مەلا زاهید ئەشعەری(مەریوان)؛
١٤ ـ ماموٚستا مەلا سەعدەددین مەریوانی(مەریوان)؛
١٥ ـ ماموٚستا دوکتۆر ئەردەشیر سەدرەددینی(مەهاباد)؛
١٦ ـ ماموٚستا مەلا ڕەسووڵ چراغی«چیا»(بۆکان)؛
١٧ ـ ماموٚستا مەلا ئەحمەد شەریفی(سنە)؛
١٨ ـ ماموٚستا مەلا عومەر مودەڕڕیسی(مەهاباد)؛
١٩ ـ ماموٚستا مەلا ئیبراهیم ساڵحیان(بۆکان)؛
٢٠ ـ ماموٚستا مەلا محەممەد ئەکرادی(ورمێ)؛
٢١ ـ شێخ عەلیشای هاشمی زەنبیلی(زەنبیل_مەهاباد)؛
٢٢ ـ شێخ ئەنوەری هاشمی زەنبیلی(زەنبیل_بۆکان)؛
٢٣ ـ حاجی مەلا خالید خالیدی(مەهاباد).

### و) کتێبە چاپکراوەکانی ماموٚستا ئەحمەدیان:

١ ـ تعیین اوقات شرعیە؛
٢ ـ سیمای صادق فاروق اعظم؛
٣ ـ سیمای صادق ابوبکر صدیق؛
٤ ـ تجزیە و تحلیل زندگانی امام شافعی؛
٥ ـ سیر تحلیلی کلام اهل سنت؛
٦ ـ کلام جدید؛
٧ ـ قرآن شناسی؛
٨ ـ خداشناسی؛
٩ ـ حدیث شناسی؛
١٠ ـ تاریخ حدیث؛
١١ ـ تحقیقات؛
١٢ ـ بسوی جهان جاویدان؛
١٣ ـ قبلەی محمد؛
١٤ ـ ترجمەی رسالةالتوحید شیخ محمد عبدە؛
١٥ ـ الایضاح لمعضلات تفسیر البیضاوی؛
١٦ ـ تەفسیری سوورەی فاتیحا؛
١٧ ـ تەفسیری سوورەی یاسین؛
١٨ ـ ئایین و کۆمەڵ؛
١٩ ـ خەزێنە؛
٢٠ ـ موناجاتی مەلا عەبدوڵلا؛
٢١ ـ گەلحۆ( چیرۆکەتەنزی کوردی)؛
٢٢ ـ هەست و هاوار(دیوانی شێعر).

### ز)کتێبە چاپنەکراوەکانی ماموٚستا ئەحمەدیان:

١ ـ تەفسیری ڕۆژ؛
٢ ـ گەنجینە؛
٣ ـ ئیسلامناسی؛
٤ ـ بەربەیان(تەنزی کوردی)؛
٥ ـ ڕێگای ژیان؛
٦ ـ روش دعوت و ابلاغ دین؛
٧ ـ تاریخ اماکن متبرکە؛
٨ ـ بەرنامەی سەحەری؛
٩ ـ اسلام پژوهی؛
١٠ ـ مختصر علوم‌القرآن؛
١١ ـ ئەخلاقی ئیسلامی؛
١٢ ـ نامە ئەدەبییەکان؛
١٣ ـ کۆی بەرهەمە خۆشنووسییەکان؛
١٤ ـ وتارە ئایینییەکان؛
١٥ ـ مقالات و مقولات
١٦ ـ چل پیت؛
١٧ ـ تجوید قرآن؛
١٨ ـ تەلقین بەکوردی.

## ح)کۆنگرەی ڕێزلێنان:

کۆنگرەی ڕێزلێنان لە کەسایەتی و ئاسەوار و ئەندێشەی مامۆستا ئەحمەدیان، لە ڕێکەوتی ١١ـی بەفرانباری ١٣٨٥، لە زانستگای ئازادی ئیسلامی مەهاباد بەڕێوەچوو و لەم کۆنگرە شکۆدارەدا، زانایان و نووسەران و وێژەرانی ناسراوی وەک: مامۆستایان دوکتۆر مستەفا خوڕڕەمدڵ، دوکتۆر سەلاحەددین خەدیو، سەعید نەججاڕی(ئاسۆ)، ئەمین گەردیگلانی، دوکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە، ناسر عەلیار، مامۆستا مەلا ئەبووبەکر محەممەد کەریمی، مامۆستا مەلا عەلی خالیدی، دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان و...وتاریان پێشکەش کرد؛

## ی) کتێبی دەرسیی قۆناغی دوکتۆڕا:

کتێبی هەرە ناودار و زانستی و ئاکادێمیک و لێکۆڵینەوەیی «سیر تحلیلی کلام اهل سنت»، بەرهەمی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و شرۆڤە و لێکدانەوە و بیرکردنەوەی عەللامە ئەحمەدیان، کە بە وتەی تێکڕای خاوەنڕایان شاکاری بواری «مێژووی ئەندێشە و هزر و بیریاری» لە ئەژمار دێ، لە ساڵی ١٣٨٨ـەوە و بەپێی بڕیاری«وزارت علوم، تحقیقات و فناوری»، بووەتە کتێبی دەرسیی قۆناغی دوکتۆڕا لە ڕشتەی« الهیات و معارف اسلامی»، لقی« ادیان و مذاهب کلامی»، بۆ وانەیەکی« ٤واحدی»، بە ناوی «اشاعره و ماتریدیه در دنیای معاصر».

## ک) تایبەتنامەکانی مامۆستا ئەحمەدیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا:

٥ژمارەی تایبەتنامەی حەوتەنامەی سیرواندا لە ساڵەکانی: ١٤٠٢، ١٤٠١، ١٤٠٠، ١٣٩٩، ١٤٠٣ ؛ ١ژمارەی تایبەتنامەی حەوتەنامەی دەنگی کوردستان لە ساڵی ١٣٩٦دا.

## ل)ئاسەواری خۆشنووسیی عەللامە ئەحمەدیان:

پتر لە ١٠٠بەرهەمی خۆشنووسیی تۆکمە و ناوازە و کەموێنە لە شێوە-خەتەکانی «نەستەعلیق، شکستە نەستەعلیق، نەسخ، سولس، تەعلیق، کووفی، توغرا»؛ بە شێوازەکانی «تەحریری»و «قامیشی»، کە خۆیان کتێبێکی سەربەخۆن و لە داهاتوودا چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.

## م) کتێبەکانی مامۆستا ئەحمەدیان کە بوونە کتێبی ئەزموون - وەرگرتن لە قۆناغەکانی زانستگا:

١ - حدیث شناسی؛ ٢ - سیرتحلیلی کلام اهل سنت؛ ئەم ٢کتێبانە لە لایەن زانستگای تاران و بە بڕیار و واژۆی خوالێخۆشبووان پڕۆفیسۆر دوکتۆر عەلیڕەزا فەیز (سەرۆکی دانیشکەدەی ئیلاهییات و مەعاریفی ئیسلامی زانستگای تاران)، هەروەها پڕۆفیسۆر دوکتۆر ئەسعەد شێخولئیسلامی( سەرۆک و دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری لقی فیقهی شافیعی زانستگای تاران)، وەک کتێبی تاقیکاری و ئەزموونی زانستگای تاران بۆ سطح ١و ٢و ٣ـی ئەزموونی «روحانیون اهل سنت ایران»، بۆ ماوەی پتر لە ٢٠ساڵان، بە فەرمی دیاری کراون و ناساندراون و پێشنیار کراون.

## ن)جایزە و خەڵاتی نێونەتەوەیی:

خەڵاتی «اذاعة نداءالاسلام بمکه المکرمه»، کە بریتی بوو لە ٣٠پرسیاری شرۆڤەکارانەی دوور ودرێژ و چڕ و پڕ، لە بابەت تەفسیری قورئان کە شەوانی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٦٧، هەر شەوەی پرسیارێک بڵاو دەکرایەوە، پرسیارەکان لەڕادەبەدەر دژوار و قووڵ و زانستییانە و تایبەت و بابەتییانە بوون و براوەکانی خەڵاتی تایبەت، دەبوو وڵامی ڕاست و دروست و شیکارانەی هەر هەموو ٣٠پرسیارەکان بدەنەوە و بینێرن بۆ نووسینگەی«اذاعة نداءالاسلام بمکة المکرمه»، ئەوێ ساڵێ لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلام تەنیا ٣کەسایەتیی زانا و توانای جیهانی ئیسلام، براوەی ئەم خەڵاتە نێونەتەوەییە بوون یەکیان عەللامە ئەحمەدیان و ئەو دووانەی دی زانایەکی میسری و زانایەکی تونسی بوون. خەڵاتەکە لە لایەن باڵوێزخانەی عەرەبستانی سعوودی لە تاران درا بە عەللامە ئەحمەدیان و مامۆستا محەممەد ئەحمەدیان، کوڕی گەورەی عەللامە ئەحمەدیان، بە وەکالەت و بریکاری و نوێنەرایەتیی مامۆستا ئەحمەدیان چووە تاران و ئەم خەڵاتەی لە باڵوێزخانەی عەرەبستان وەرگرت.

## س) دیمانەی تلەفیزیۆنی لەگەڵ عەللامە ئەحمەدیان:

١ - لە کاناڵی تلەفیزیۆنیی سەحەر؛

وتووێژکار: سەید ئیسماعیل حوسێنی؛ بەرنامەیەکی ٢ساعەتەی ٢حەڵقەیی لە بابەت ژیاننامە و ئاسەوار و ڕاوبۆچوون و بیر و ئەندێشەی عەللامە ئەحمەدیان لە بواری ئەدەب و شێعر و پەخشان و ئیسلامناسی و تەفسیر و کەلام و مێژوو و...

٢ - وتووێژکار: دوکتۆر «جاسم المطوع»؛ بەڕێوەبەری بەرنامەی «العلماء مبدعون» لە تلەویزیۆنی کووەیت، لە بابەت بیر وڕا قورئانی و تەفسیرییەکانی عەللامە ئەحمەدیان و بۆچوونی داهێنەرانەی عەللامە ئەحمەدیان لە بوارە جیاجیاکانی ئیسلامناسیدا.

## ع) هاوکاریی ئەدەبی یان بەرهەمگۆڕینەوە یان نامەگۆڕینەوە یان شوێنوەرگرتنی دوولایەنە دەگەڵ کەسایەتییەکان:

سەید کامیل ئیمامی(لە زەنبیل : ١٣٣٢تا (١٣٣٣؛ هێدی(لە شێخاڵی: ١٣٤٢تا (١٣٤٦، سوارە ئیلخانیزادە(مەهاباد ، ١٣٥٤تا ١٣٥٤، بەبۆنەی سەردانی سوارە بۆ ڕادیۆ-تلەویزیۆنی مەهاباد؛ مامۆستا سوارە شێعری «پیری جڵ شڕ»ی مامۆستا ئەحمەدیانـی دیتبوو و پێی شێعرێکی بەرز بوو و مامۆستا ئەحمەدیانیشی پێ شاعیرێکی زانا و لێهاتوو و زمانپاراو و داهێنەر بوو)؛ محەممەدی نووری[عەتری گڵۆڵانی]( گۆڕینەوەی دەیان نامەی ئەدەبی، کە سەرجەم نزیکەی ١٠٠لاپەڕە دەبن و خۆی کتێبێکی سەربەخۆیە)؛ نامەگۆڕینەوە لەگەڵ مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن و مەلا سەدیق مەحموودی و....

## ف) وتاردان و سوخەنڕانی لە پرسە و سەرەخۆشیی کەسایەتییە ئەدەبی/زانستی/نەتەوەیییەکانی کورد:

١ - پرسەی مامۆستا سوارە ئیلخانیزادە((١٣٥٤؛٢ - پرسەی شەهید عەزیز یووسفی( (١٣٥٧؛ ٣ - پرسە و کۆڕی ساڵیادی مەلا مستەفا بارزانی((١٣٥٨؛ ٤ - پرسەی مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی((١٣٦١؛ ٥ - پرسەی مامۆستا هێمن(١٣٦٥)؛ ٦ - پرسەی مامۆستا هەژار(١٣٦٩)؛ ٧ - پرسەی مەلا غەفوور دەبباغی(حافز مەهابادی)؛

٨ - پرسەی مامۆستا خاڵەمین بەرزەنجی(١٣٧١)؛ ٩ - پرسەی مامۆستا مەلا کەریم فیدایی(١٣٧٢)؛ ١٠ - پرسەی مامۆستا مەلا هادی ئەفخەمزادە(١٣٧٢)؛ ١١ - پرسەی مامۆستا خاڵەمین(١٣٧٢)؛ ١٢ - پرسەی مامۆستا محەممەدی قازی( (١٣٧٦و....

**ق) وتارەکانی مامۆستا ئەحمەدیان، دوای کۆچی دوایی ئەو:**

نزیکەی ٢٠٠وتاری کوردی و ٢٠وتاری فارسیی عەلامە ئەحمەدیان، دوای کۆچی دوایی ئەو، لە لایەن جەماڵەددین ئەحمەدیان، هاوڕێ لەگەڵ پێشەکینووسی و ڕوونکردنەوەی دوایی بۆ هەرکام لە وتارەکان، لە حەوتەنامەی سیروان و گۆڤاری مەهابادا، لە نێوان ساڵی ١٣٨٣تا ١٤٠٣چاپ و بڵاو بوونەتەوە. ئەمانە جیا لە ٢٠٠وتاری بڵاو بۆوە لە کاتی ژیانی مامۆستادان.

## نەردی دڵداردی

مەهاباد. سووتاو

تۆ لە لای من بووی و خوای هەست و ئەوین
سەیری گۆوەندی ڕوانی مەی دە کرد
ئەو دەمەی ئامێزی من پڕ بوو لەتۆ
خوای جوانی پڕ بە دڵ ئۆخە ی دەکرد

پێلی دە ریای خۆشەویستی بێ وچان
پڕ لە تاو و پڕ وزە، هەروا دە هات
هەرچی تۆفانی ئەوین پڕ هێز ئەبوو
دای دەدا چۆکی بە لە رزۆکی لە لات

من بە رادەی گەورە یی و پانتای سورشت
پێت دەڵێم یەزدانەکەم خۆشمدەوێی
سات و کاتی ژینی پڕ تاسەم ئەتۆی
ئەو هەرێمەی گوڵ دەپشکوێ تۆش لەوێی

من بەهارم قەت نەدیبوو تاکوپار
هە رگێڕەی زریانی دڕ بوو مافەکە م
کاتێ شانۆی ژینی تازەم هاتە ڕوو
دیم کە سیمورغم لە کێوی قافەکەم

تۆ لە لام بی ئەی پەری شێعر و ئەوین
تازە ناچێژم دەمێ ژاری خەفەت
هۆنەری باژاری دڵداری منم
هەر دەڕۆم و هەر دەڕۆم نابم شەکەت

ئای بڵێی ڕۆژێ بتوانم سوورە گوڵ
پڕ بە دڵ باسی ئەویندارێ بکەم
بێ ئەوەی ترسم لە نامۆیەک هەبێ
من بە پیری نەردی دڵداری بکەم

خۆزگە تا هەرمان لە لای یەکتر ببایین
پێکەوە ڕیسوا لە گەڵ یەک قاڵ ئەبووین
کاتێ خۆر هەڵهات لە نێو ئامێزی مە
وا بە سەر دونیایی ڕە شی دا زاڵ ئەبووین

## گۆمی‌غەم



مەهاباد. سووتاو

گۆمە دڵەکەم بۆ غەم و غەمخاری نەماوە
کۆرپێکی نەخۆشە کە پەرستاری نەماوە
لەو شارە بە تەنیا دڵی دێوانە و کەیلم
غەیری غەم و مەینەت لە جهان باری نەماوە

شیعری فارسی : فە ریدون موشیری

## ڕکە

وەرگێڕ: سووتاو

نە هەر ئەوماڵی پەژارە،مەلی‌تەنیا :ڕکەیە
بۆنی ئازادی نەبێ،هەر هەموو دونیا ڕکەیە
تا پەڕ وباڵی ئەتۆ و چاوی تەماشا بەندە
هەمووشوێنێ‌لەزەوی‌تاکوو سووڕەیا ڕکەیە

تاکوو دونیا بەدەسی ملهوڕی نادانەوەیە
هەموو سووچێکی‌زەوی بۆگەلی زانا ڕکەیە

## جەژنی نەورۆز

مەهاباد. سووتاو

جە ژنی دڵ خۆشی و هاتی‌کورد
دیرۆکی پڕ خە باتی کورد
ئەوگەلەی، هێژایە و وردە
ئەو گەلەی کرمانجە، کوردە
بە هۆی پێشمەرگەی وەک کاوە
نەورۆزی گەل سوورە، ماوە
دانەری نەورۆز کاوەیە
لە مێژوو دا سەر چاوەیە
قەت نامرێ کاکی کاوە
ئەمساڵیش هەر شۆڕە لاوە
سارێژ دەکەن برینی خاک
ڕاماڵ ئەدەن دژی، ناپاک
هێزی بەرخودان لە عەفرین
دەچرن چریکەی پڕ ئەوین
داگیر کە ران دە تارێنن
نەورۆزی‌هە رمان دە هێنن



# مامۆستا هەژار و چەند تایبەتمەنی و بیرەوەری



مەهاباد: عەبدوڵڵا عەبدوڵڵازادە

(ئەم وتارە بە بۆنەی ٣٤مین ساڵوەگەڕی ماڵئاوایی مامۆستا هەژار ئامادە کراوە)

هەرکەس کە دەسی بە تیکەنانێ بڕەسێ        لاکۆخی هەبێ، شەوانە تێدا وەحەسێ
چەند خۆشە ژیانی وا، چ ئازادە بە دڵ        بۆ خۆی بێ، نە ئاغا بێ، نە بەردەتی کەسێ

لە کۆمەڵگەی بەشەریدا هێندێک مرۆڤی هەڵکەوتە و نموونە دەرکەوتوون کە گوڵ درکە بەرامبەریان بکەی و بێکەسە دور، گەردوون بە دانستەدروستیان دەکا، پاشان هەر بۆخۆێ وەک شێت، تێکیان هەڵئەشێلێت و دەیانکاتەوە قوڕ.
ئەم جۆرە کەسانەبەدڵی خۆیان حازر بوون لە پێناو سەربەستی و خۆشی و ڕزگاری کەسانیتر لە ژێر پەتی زۆرداری و کەلتووری دواکەوتوویی و دۆخی تاریک و دیلی و کۆیلەیی و چەوسانەوەدا، گیانیسەر دەستی خۆیان،قوربانی بکەن و ناوبانگی خۆیان بۆ هەمیشە لە نێوی دڵ و مێژووی مرۆڤەکاندا ماندگار بکەن. عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی ناسراو بە مامۆستا "هەژار" یەکێ لەو کەسایەتییە مەزنانەیە کە بۆ هەتاهەتایە ناو و بەرهەمو چالاکییەکانی جێگای سەربەرزی و شانازی گەل و نەتەوەکەمانە و هەرکەسێ بەرهەمەکانی بخوێنێتەوە، ڕەوتی چەوتی ڕێگای ژیانی بە شۆق و تیشک و تریفەی بەرهەمەکانی بەرەو ئاسۆی بەختەوەری و زانست و سەربەستی گۆڕ دەبێ.

بە هەڵۆیی کە لە ژین بێ بەش بم        نەک هەزار ساڵە قەلی ڕوو ڕەش بم.

یەکێ لە تایبەتمەندیە زاتییەکانیمامۆستا هەژار هەبوونی حافزەی بەهێز و گیرا واتا (photographic memory) یە. ئەم چەشنە کەسانە حافزەی کامێراییان هەیە واتا بە دیتنی هەر ڕووداوێک، شوێنێک یا دیمەنێک، وێناکەی بۆ هەمیشە لە زینیاندا دەچەسپێ و ناسڕێتەوە. جا بە وتەی هاوڕێیان مامۆستا هەژار، گۆیا هەر شوێنێکە پەنجا ساڵ پێش، بۆ یەک جار پێدا ڕۆیشت بوو، دەیناسیەوە و لە بیری مابوو. ئەم چەشنە تایبەتمەندییە، خەڵاتێکی خودادادی و جەوهەرییە و بەدەگمەن کەس لێی بەهرەمەندن.
تایبەتمەندییەکانیتری مامۆستا هەژار کە بە پێی لێکەوتەوبەرکەتەی سروشت و ژینگە لێی ڕسکاوە، خەسڵەتی (fight and flight) بووە، واتا بەهێز بوونی هەڵوێستی و دژکرداری فیزیۆلۆژیکی مرۆڤ یاگیانلەبەر لە هەمبەر مەترسییەکان بۆ پاراستن و ڕزگار کردنی گیانی خۆی. چونکە گیانلەبەر ناچارە بەرەنگاری خۆی بە شێوەی پرۆڤە مەهارەتیخێرایی لە بڕیاردان نیشان بدا کە مرۆڤی گورج وگۆڵ و تیژفکر بار دێنێ. مامۆستا هەژاریش لە ترسی ساوکی ئێران و ئیستخباراتی عێراق و جاسووسی خۆفرۆش، ناچار بووە بەدایم لەم وڵات بۆ ئەو وڵات و لەم شار بۆ ئەو شار و لەم چێشتخانە بۆ ئەو چێشتخانە خۆی بشارێتەوە و هەڵوەدا بێ.
هومێدەواری (hopefulness): مامۆستا هەژار هێلانەلێخاپوور کراوە وەک بولبولی بێلانە، بەردەوام بەحسرەت و تاسە و ئارەزووی هێلانەوێرانەکەی بووە کە داگرکەران لێیان بە تاڵان بردووە و تا دەمی ئاویلکەدان و تا دوا پشوی ژیانی هەر بە هیوا بووە پێی شاد بێتەوە. لە هەڵبەستی "بەڵام هومێدم ماوە" دەفەرموێ:

لەو جیابوونە کە جێگەم جێ ما        شادی داکەوتوو هومێدم پێ ما
ڕەنجەڕۆ بووم و لە ڕۆژ نارەنجم        تا هومێدم هەسهەر خاوەن گەنجم
باغی زێد بێتەوە دەستی خێوی        دەستی کورد بچنێ هەنار و سێوی

لە زماناسیدا زاراوەی By product بە چەند بەرهەمێک دەوترێت کە لە بەرهەمی خاوی سەرەکی پەیدا دەبن. مامۆستا هەژار بە پێی سروشتی زاتی خۆی و ژینگەی هەڵسەوکەوتی لە بوارەکانی ڕامیاری، وێژەیی، مێژوویی، وەرگێران و زمانناسی بە لوتکەی Productivity واتا بەرهەمداری گەیشتووە کە بەخۆشییەوە بە ئیلهام لە مامۆستا هەژار بە دەیان کەس وەک By productی لێکەوتۆتەوە.
مامۆستا هەژار و چەند بیرەوەری بە پێی کرنۆژی یا ڕیزبەندی زەمانی
**یەکەم بیرەوەری:** ساڵی ١٣٦٧ ـ ١٣٦٨ پۆلی دووەمی دەبیرستان واتا دواناوەندی بووم. ڕەوانشاد ئیسماعیل ئەییووبی وانەی ئەدەبییاتی پێدەوتین. ڕۆژێک داوامان لێکردێنەیەکمان دەگەڵ بکێشێ. مامۆستا ئەو چەند بەیتەی لە تەختە ڕەشەی کلاس بۆ نووسین:

بۆ بیرەوەری لە ڕۆژی دیلی        بۆ یادی دەمی کزی و هەژاری
ئەی وێنە لە جیاتی من بمێنە        بۆ کیژ و لاوی کوردەواری
گەر دەستان هێنا سەربەستی و ڕەزگاری        تووش نەبنەوە دەردی لێو بەباری

لە ژێر شیعرەکە نووسی: هەژار. کەرەج. ئێمە پرسیمان:"هەژار کەرەج کێیە؟"مامۆستا فەرمووی: هەژار خەڵکی شاری مەهابادی خۆمانە ئێستا دانیشتتووی شاری کەرەجە. ئەوە هەوەڵین جار بوو کە گوێبیسی ناوی مامۆستا هەژار بووم و دڵم بە تیشکی شیعری پرشەنگداری ئەو مەزنە پیاوە ڕووناک بوو. هەڵبەت مامۆستا هەژار شێعریکیتریشی بەناوی "پیشکەش" لە سەر وێنە (عەکس) هەیە کە لە ڕێکەوتی ١٩٥٩/٨/٢٧ لە مۆسکۆ نوسیویتی:

بۆ بیرەوەری ڕۆژێک لە ڕۆژان        کاکە ئەم وێنەم با لات بمێنێ
منی هەژار و دەربەدەر و وێڵ        هەر ڕۆژ لە جێیەک هەر دەم لە شوێنێ
زۆڵە ئەو کەسەی لە ڕێی ئازادی        ئەگەر پێویست بوو خۆی بۆ نەمرێنێ.

دووهەم بیرەوەری:لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی سێهەمی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٩، باوکم لە نوێژی جومعە ڕا چوو بوو بەشدار ناشتنی تەرمی مامۆستا هەژاری کردبوو، بە سەر و ڕوخساریکی سەرسووڕهێنەر هاتەوە ماڵێ و فەرموویان: "قەت نەمدەزانی کە کورد پیاوی وا گەورەی هەبێ، حەشامەتێکی زۆری سەرسووری بارزانی بە چەک و درووشمی شۆڕشگێڕیەوە، لە ناشتنی مامۆستا هەژار بەشدار بوون...". منیشلەپڕتاو وەبیرم هاتەوە کە ئەوە هەمان مامۆستا هەژاری کەرەجە کە ئاغای ئەییووبی پارەکە شێعری وێنەی بۆ نووسین.

سێیەم بیرەوەری:ساڵی ١٣٧٣ خوێندکار بووم. دەبوو کەسایەتییەکی ناودار بناسێنین. منیش مامۆستا هەژارم وەبیر هاتەوە. جا وەک کابرای کە بە پیشک لە کەنگر دەگەڕا، بەڵام قوڵکێک داوە وگەنجینەیەکی پڕبایخی لە زێڕ و خشڵ وجەواهێرات وەدەست کەوت. منش وەک ئەو کابرایە دووڕ و گەوهەرێکم وەدەست کەوت کە لە زۆر بابەتی وەکشێعر و فەرهەنگنووسی و وێژە و مێژوو، نە تەنیا لە نێو کورد، بەڵکوو بە وەرگێڕانی قانوون در تیبی بووعەلی سینا لە نێو فارس زمانانیشدا کەسێکی بێ وێنە بووا!.

بیرەوەری چوارەم:ساڵی ١٣٧٧ لە شارۆچکەی ڕەبەتی سەر بە شار سەردەشت وانەبێژ بووم. چاوم بە کتێبی چێشتی مجێوری مامۆستا هەژار شاد بوو. بەخوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی مامۆستا هەژار، هێز و وزە و ئیرادە و حەز و مەراقی زۆرم بۆ نووسین تێڕژا. بەخۆم دەکوت چۆنە کە مامۆستا هەژار بێ ئەوەیکە چووبێتە قوتابخانە و زانستگە، هەر لە ئاوارەیی و لە شاخ و کێوان و لە نێو ئەشکەوتان بە تەزوی ساردی زستان و لە بەر سوورەتاوی هاوینان دەستی لە نووسین بەرنەداوە؟ بەڵام ئەمن لە پەنا گەرمای سۆبە و لە بەر سێبەر و فێنکایی کۆلێر نەتوانم بنووسم؟. هەر ئەو هەست و وزە وای کرد کە دەست بە وەرگێڕانی کتێبی "Kurdish Ethno nationalism" واتا "قومیتگرایی کرد" بکەم.

بیرەوەری پێنجەم:لە ساڵی ١٣٨٤ هاوکات دەگەڵ دامەزراندنی پەیکەری مامۆستا هەژار لە دەروازەی مەهاباد ـ ورمێ، دەگەڵ بنەماڵەی دۆستێک هاموشۆمان هەبوو. پرسیار کرا کە ئەو مجەسەمەی مامۆستا هەژار بە چ مانایە؟ منیش وڵامم داوە کە ئەو پیکەرە دەگەڵ ئەو شێعرەی مامۆستا هەژار ڕێک یەکدەگرێ کە دەڵێ:

"توخدا کاتی ئازادیو سەند ڕەگەزی خوێنمژەکانو هەڵکەند
کیژ و کور هەرچی بەلاما لادا پێم بڵێ و پایێ بە قەبرمدادا
ئە هەژار بەسیەتی مردن بەسە مژدە بێ مەتەنەکەت سەربەستە".

بۆ ساڵی داهاتوو شلێرخانمیخوشکی ئەم دۆستەم بۆ تەربیەت موعەللیم دەرچوو بوو. گوزینێش لێیپرسیبوو ئەو پەیکەرەی لە وروودی ورمێ_مەهابادیە، کێیە و بە چ مانایەکە؟ لە وڵامدا دەڵێت: "پەیکەری مامۆستا هەژارە کە وەسییەتی کردووە اگر کردها رها شدند، رگ و ریشە اشغالگران رابخشکانند بعد او را از قبر بیرون آورندو مژدەی آزادی بە او بدهند". کابرای پرسیارکاری گوزینش لە قاقای پێکەنینی دابوو!.

بیرەوەری شەشەم:لە ساڵی ١٣٩٣، بە ئیلهام لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە وبە تین و گوڕ و جۆش و خرۆشی کە لە خۆشەویستی مامۆستا هەژار و زمانی دایکیم، لە مندا سەری هەڵدا، فەرهەنگی وشەی"ژیان"م تەواو کرد و پێشکەشم بە ڕوحی بەرزی مامۆستا هەژار کرد ئەو مرۆڤە ڕوح بەرزەی کە بە مردوویی، لە نێو قەبریشدا بە ئازادی و سەربەستی هاوزمان و هاوڕەگەزی خۆی، شاد دەبێ.ئەستێرەیەک بوو هاتوو ڕاخوشی، بەڵام تیشک و ڕووناک و شەبەقی بۆ هەمیشە لەسەرمان دەمێنێ.

بڕوانی لە ناو دڵی خاکی ڕەشا زۆر گەوهەری تێدایە کە نرخی نایە.
ڕەوانی شاد بێ و نموونەی زۆر بێ.

## پور خەج و هەباس



بانە.فتاح ئەمین زادە

وتم:ئەی ماڵت ئاوا بێت، لە سەر ئەم هەموو شارە ڕووت کردۆتە ئێرە؟

نەت زانیوە شەیتان لە هەرچی شوێنە یان نێرن یان مێ،بەڵام لێرە هەم نێرن و هەم مێ، زاوو زوو ئەکەن.

پور خەج فرمێسکی داوەراند،وتی دوای مردنی ئەحمەد، سەرم لێ شێوا،ماڵی خەزورم نە منیان خۆ گرت نە هەباس،لە بێدەرەتانی ڕووم لێرە کرد.بیستبووم خەڵکی ئێرە خێرومەندن.

پور خەج ژنێکی ڕەش تالی کورتە باڵای چەناکە کورت و ئەندام وردیلە بوو، بە قسەی خۆی کە هەباس جوانە مەرگ بوو،ئیتر خۆشی بە خۆیەوە نەدی، هەر ئەگریا و نزای لە(ڕەحیمە چەقە)ئەکرد.

ئەو واوا لێکراوە هەباسی بە پەند دا، هەباس خۆی لە ناو برد و ڕۆژ ڕەشی بۆ من بە جێهێشت،ئەی یا خوا (ڕەحیمە چەقە)بە زەلیلی بت بینم،لە سەر مەیتی کوڕەکەت دانیشی.

بە هەباسم وتبوو،تاو نەیەیتە ئەو بەردە،ئەو بەردە تەلیسم کراوە، هەر بە گوێدا نە چوو.

وتی:(ڕەحیمە چەقە) لاوانی گەڕەکی کۆ کردبووەوە،پێی وتبوون لە حەوشی کنیشتە گابەردێکی لییە،هەر کەس بتوانی بیجوڵێنێت و لە جێگەی خۆی لای بەرێت،شتی عەنتیکە ئەدۆزێتەوە کە زۆر بە قیمەتن.دوای ئەوە جولەکەکان ئێرەیان بە جێهێشتبوو کنیشتەیان وەقفی مزگەوتی(یوسف ئاغا)یا(شیخ جەلال) کردبوو.خوا ئازانێت چەند ساڵ بووە ئەو بەردە لە جێگەی خۆی نەترازاوە!؟ئەیان وت:ئەو بەردە زۆر جوانە،ئەوەندەش سەختە کەس نەیتوانیوە تەڵزمی لێبکاتەوە.

ئەویش تەماح بەر چاوی گرتبوو،ئێوارەیەک هاتەوە،وتی: دایە دوعام بۆ بکە بە یانی هەر جۆرێک بێت ئەو بەردە هەڵئەکەنم،ئەبینە خاوەنی سامانێکی زۆر،دایە بیر وەکە لەم نەگبەتیە ڕزگار ئەبین،ماڵی خۆش،پوڵی زۆر و..

هەباس لێهاتوو بۆ، وەکوو پاڵەوان وا بوو وتم: هەباس گیان، بۆ هەموو کارێک دۆعات بۆ ئەکەم، بەڵام ڕجات لێ ئەکەم دەست لەو بەردە مەدە، ئەوە ژێرەکەی گەنجە، دۆعایان بە سەریا خوێندووە، توشی کارە سات ئەبی،بە قسەی من بکە لە کەری شەیتان وەرە خوارەوە.دوای(ڕەحیمە چەقە) مەکەوە.

هەباس قەڵس بوو وتی: ئەم ژیانە خۆشە؟ ئەم بەدبەختیە باشە؟ نا دایە من بەیانی ئەو تەلیسمە ئەشکێنم، یان ئەبم بە خانی خانان یان ئەبم بە تۆزی بانان.

پور خەج خۆی ئەلاواندەوە، ئەی بە قوربان بەیانی بەر لەوەی لە خەو هەستم هەباش ڕۆشتبوو،بە دەنگی هاوار هاوار لە خەو هەستام،خەبەریان پێدام، هەباس بەردەکەی جولاند، ئەی ویست تلی پێبات، لە ناکاو کەوت هاواری کرد ئای پشتم، هەباس ڕێخۆڵەی پچڕابوو.مرد، ئەرێ مرد.

ئەویان ناشت و من مامەوە بۆ تەنیایی و کوێرەوەری،ئێستاش هەر دەڵێم ئەگەر دوعام بۆ بکردایە؟ ئایا بە ئارەزووی خۆی ئەگەیشت؟



## پەیڤی کوردی

هەورامان. هۆمەر نۆریاوی

کە نەورۆز دێ،
پەیڤم هەر خۆی
دەبێتە کڵپەی ئاگر و
تا گردەکەی"مامە یارە"
سەرهەڵدەگرێ.
لەوێشەوە،
خۆی دەبێتە "پیرەمێرد" و
"ئەم رۆژی ساڵی تازەیە،نەورۆزە،هاتەوە"،
سەرپاک نیشتمان دەتەنێ.
بۆیە پەیڤی کوردی لە لام
هێند شیرینە،
بۆ سەرمای ژین،خۆی ئاورە،
گەرماش تینم پێ هەڵچنێ،
خۆی دەبێتە سروە و شنە.
دە ناسکەپەیڤ تێر هەڵپەڕە،
من دڵنیام نەورۆزێک دێ،
بانگی ئازادی بڵندە و
نیشتمان بۆ خۆی سەرپەڕە.

گردی مامە یارە: یەک لە تەپۆڵکە و گردە دیارەکانی باژاڕ و شاری سلێمانی دێتە ئەژمار کە مەزاری شاعیری نەتەوەیی"پیرەمێرد"ی لێیە کە سەردەمی خۆی،ئاوری نەورۆزی لەسەر ئەم گردە کردووەتەوە.
پیرەمێرد:(١٩٥٠ ـــ ١٨٦٧)حاجی تۆفیق بەگ،شاعیر،نووسەر و رۆژنامەوانێکی هەرە ناسراوی کوردە کە ژیانی لە پێناو بووژاندنەوەی زمان و چاندی نەتەوەکەیدا تێپەڕاندووە. شیعری "نەورۆز"ەکەی ئەم شاعیرە تا کورد و زمانەکەی و نەورۆز بمێنێت،هەر ویردی سەر زاران دەبێت و دەمێنێتەوە.
ئەم رۆژی...:نیوەبەیتێک لە شیعری نەورۆز،ل١٠٩،دیوانی پیرەمێردی نەمر، محەممەد ڕەسووڵ هاوار، زنجیرە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان، سلێمانی،چاپی یەکەم،٢٠٠٧

**

هەورامان. هۆمەر نۆریاوی

بەهار و نەورۆز
من نازەکچی دەناسم
دڵی لە دڵی ئاڵاوە
مێژوو ئەم ناوەی پێداوە:
نازەکچ ناوی "بەهار"ە و
خۆشەویستەکەشی لای کورد
بە "نەورۆز"
ناودێر کراوە.



## بەهار هەر دێ

مامۆستا هێمن

لە گیاندانا دەگوڕێنم بژی هەر کورد و کوردستان
بەگوللەی دژمنانی گەل دڵیشم بێتە ڕاوەستان

پشووی دواییم دەخوێنم بۆ گوڵ و گوڵزاری ئەم خاکە
لە سایەی ئەم گوڵ و گوڵزارەیە بوومە هەزار دەستان

دەزانن زامی دیلی چەند بەئێش و چەند بە ئازارە!
دەبێ ڕابێین هەتا ئێمەش دەگەینە ڕیزی سەربەستان

خەتای خۆمانە تا ئێستا کە هەروا کۆیلە و دیلین
ئەوانەی شاد و ئازادن کەمێ زووتر لەخەو هەستان

نەتاندیوە کە ڕووباری خوڕێن بەردی دەقەڵشێنێ
وەهاش هەر زۆرداری دەسووتێنێ گڕی هەستان

لە مەیدانی شەڕانخێوی خەباتی قەڕنی بیستەمدا
سەرەڕ سووڕما کە ئەسپی سووکەسواری کوردی بۆ وەستان

وەڵامی دامەوە پیرێکی ئازادەی جهاندیدە:
خەتای سواران نەبوو پێش سوارەکانمان قورس و ناوەستان

هومێدێ بەرمەدەن ڕێگەی خەبات بگرن بڕۆنە پێش
تەماشای خەڵکی تێکۆشەر بەدیکتاتۆری چۆن وەستان

هەتا کەنگێ سیاچاڵی بەسامی دژمنی زاڵم
پراوپڕ بێ لە ڕۆڵەی گەل جمەی بێ وا لە دەس بەستان؟

هەتا کەی ئەشکی خوێنینی کچە کوردی برا کوژراو
لە جێی بادە و لە بەزمی دژمنان بدرێتە دەس مەستان

مەترسن ڕۆڵەکانی قارەمانی گەل لە گیانبازی
لە کۆڕی ئەم خەباتە بێ وچانە تاقە یەک کەستان

سەهۆڵبەندانی بێدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە
بەڵام لێم سوورە وەک ڕۆژێ بەهار هەر دێ لەدووی زستان

بەخەڵکی عالەمی سەلماندووە تاریخی ئازادی
دەبێ زاڵم لەبەر تێکۆشەران بەرداتەوە دەستان



# هەڵاتن لە کێشەکانی کۆمەڵگا

سنە. عیسا ئەحمەدی

ئاخری ڕۆژێک بڕیارم دا کە دەست لەم کێبەرکێ شێتانەیە هەڵبگرم. لەم دنیایە هەرکە چاوەڕوانی دەرفەتێکە کڵاو لەسەر ئەوی دیکە بنێت. دەوڵەمەندمان، قەت تێرایی بۆ نییە، هەژارەکانیش قانع نین. لەبن بەردان، لەژێر هەوران، لەنێو کۆڕی خوێندەواران، لەنێو بازنەی حیزب و دەستە و... لە هەموو شوێنێ هەر باس و بیری پارەیە. جا وتم خۆ ئەگەر گۆشت گرانە، نەخواردنی هەرزانە. بۆیە ئەوەی شکم دەبرد نەغدم کردەوە و شارم بەجێهێشت. شار پیرۆزی ئەوانەی کە دڵیان پێخۆشە. ڕووم لە دێهاتێکی دوور کرد. تەنیا خوازیاری ئەوە بووم کە لەنێو جەماعەتێکی پاک و یەکڕەنگ وەک ڕۆنی زەنگ، کە هەستی پەستی سەرمایەداری ڕێی تێ نەبردبێت، بحەسێمەوە. هەر ڕۆژی هەوەڵ لە نێو دێ، ماڵە چۆڵێکم دەست کەوت و ماڵە کۆچم دابەزاند.

سروشتی ئەو دێهاتە لە باس نایە. لە بەر دیمەنی جوانی چۆم و ڕووبار، چیای سەرسەوز، دەشتی بەرین و دڵگەشێن، وەکوو منداڵی نێو زەماوەند دانیشتنم بۆ نەبوو. ڕۆژان بە لای مەزرای گەنمی کڵۆشزێڕین تێدەپەڕیم، لەژێر سێبەری شۆڕەبی ڕادەکشام و لە دارستانی چڕوپڕ، گوێم لە چریکەی مەلان دەگرت. هەتا ماڵاوایی خۆری چاوبەنازی لای ئێوارە، لەنێو کەپر و کەوێڵی بناری کێو، چاوم دەبڕییە قرچ و هۆڕی چیلکەی داران کە کتریبە ڕەشیان دووکەڵ دەدا. شەوانیش لەژێر وریشە و تریفەی مانگەشەو چاوم دەچووە خەو.

قەت باسی پارە نەبوو، بۆیە زۆربەی ئەو پارەیەم لە سووچێک نایە چاڵ.

ڕۆژێک ماڵێکی دراوسێ سەبەتێک هەنجیریان بۆ ناردم. لە پێشدا وامزانی لە بنی سەبەتەکەدا کاغەزێکیان ناوە کە میوەکان خراپ نەبن. بەڵام کاتێ باش سەرەنجم دا، زانیم کاغەز نییە، شتێکە وەکوو پێستی ئاسک، کە لەسەری بە زمانێکی سەیر چەند دێڕێکی لێ نووسرابوو کە هیچی لێ تێ نەدەگەیشتم. وێنەی خۆرێک و ڕێگایەکی بەسەرەوە بوو، هیچم نەگوت. چەند جاری دیکەش کە سەوقاتیان بۆ ناردم، هەر لەو شتانە کەڵکیان وەگرتبوو. زۆر لەلام سەیر بوو.

شەوێک بووم بە میوانیان. وتم ئەوە چەند جار دیاریتان بۆ ناردووم. بەڵام شتێک زۆر بۆم سەرەنجڕاکێشە، ئەو لەتە پێستەیە کە دەیخەنە ژێری. وتیان چەند ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەشکەوتێک ئەوانەمان دۆزییەوە. بەڵام هەر نازانین چین؟ و بەکاری چ دێن. چوون و هەموویان هێنا. هەرچەند دانە لەو پێستانە وەکوو لاپەڕەکانی کتێب دەچوونە نێو قاپووڕەیەک کە لە بەرد درووست کرابوو. کە سەرجەم دەبوون بە چەندین کتێبی جیاواز. هاوار لە بەستەزمانی و ساویلکەیی ئەم بنەماڵە. هەرەیان لە بەری نەدەکردەوە، خەزێنەیەکیان خزاندبووە کەل کەنوو کە ئەگەر ڕێگایان بکەوێتە مووزەخانەکانی ئەورووپا، دەیان و بگرە سەدان میلیارد دێنێ. بۆیە وتم من ئەوانەتان لێ دەکڕم و پارەیەکی چاکتان پێدەدەم. چووم و پارەکەم لە چاڵ دەرهێنا. هەموو ئەوانەم لێیان وەرگرت و دوای چەند ڕۆژ بەبێدەنگ هاتمەوە بۆ شار. لە ڕێگا بەو قسەیە پێدەکەنیم کە پێشینیان وتوویانە: گەراڵ یان زوڵ دێنێتەوە یان پووڵ.

پیاوێکی پسپۆڕی ئاسەواری مێژوویم دەناسی. داوام لێ کرد نرخی ئەوانەم بۆ دیاری بکات. دەمزانی هەتا کۆنتر بێت نرخ و بەهای زۆرترە. بە تایبەت کە بە خەتێکی کۆن کە هەر خوا دەزانی هی سەردەمی کام شارستانییەتە، لەسەری زۆر شتان نووسرابوو. کاتێ وڵامی دامەوە، نەمدەتوانی لە جێی خۆمدا ببزوێم. وتی گەلێک جوان درووست کراوە. ڕەنگە تەمەنی پێنج، شەش ساڵێک بێت.

ڕومەن گەری ١٩٦٠/ ابوالحسن نجفی

خوێنەری هێژا؛

کاتێ گەندەڵی و فەساد گشتگیر دەبێت، هەڵبڕان و دوورکەوتن لە کۆمەڵگا هیچ دەردێک چارەسەر ناکات. ڕەنگە تەنیا ببێتە بیانوویەک بۆ هەڵاتن لە بەرپرس بوون. جا بۆ ماوەیێک ئەو کەسە لە بەشێک لە ئازارەکان دوور دەبێت و وا دەزانێت کە بەختەوەرە. بەڵام ئاخری لە شوێنێکەوە تووش دەبێت، کە قەت چاوەڕوانی ناکات. چوونکا هیچ شوێنێک ئەمن نامێنێت.

هەر تاکێکی کۆمەڵگا دەتوانی بە هاودەنگی لەگەڵ خەڵک، شوێن پێ و ڕۆڵی گرینگی خۆی هەبێت بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا بەرەو ژیانێکی ئینسانی.

## بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی





# بێڕێزی بە وشە زانستییەکان

سنە. عیسا ئەحمەدی

لە دوایین کۆنگرەی حیزبدا باس لەوە کرا کە پێویستە ئێمە لە گوندەکانیش چالاکیمان هەبێت. چەند کەسێک، کردیان بە هەرا: خۆ حیزب تەکیەی دەروێشان نییە کە هەموو کەسێک سەری پێدا بکات. تکایە ئەو مارە سڕانەمان لێ مەکەن بە ئەژدیها. هەر ئەوەمان ماوە بۆرەپیاوان بە پینەی ناو لەپیانەوە ببنە هاوماڵی ئێمە. بەڵام چەند کۆنەبەرپرس وتیان: دەی خۆ ئیمە نایانکەین بە برابەش، ئەوان باریان هەر چل مەنە. بەڵام ئەوەش نابێ کە ئێمە هەر بە مەن و گەزی جاران پێوانە بکەین. لە دنیای ئەمڕۆ ئێمە پێویستمان بە دەنگی ڕەشوڕووتیش هەیە. دەنا حیزبی ڕەقیب ئەو دەنگانە بە قازانجی خۆی کۆدەکاتەوە. پاش وتووێژی زۆر، کۆڕێک کە هەموویان خاوەنی خوێندنی باڵا بوون، بۆ ئەو کارە دەستنیشان کران کە بریتی بوون لە دکتۆرێک، مافناسێک، ڕاوێژکارێکی ئابووری و ئەندازیارێکی کشتوکاڵ. بڕیار درا ئەو کۆڕە سەردانی دێهاتێکی دیاری کراو بکەن. نوێنەری حیزبیش لە ناوچە، پیاوێکی حەمامچی کردە دەمڕاستی خەڵک کە لەو ڕۆژەدا لەلایەن جەماوەرەوە چەند پرسیارێک کە پێشتر فێریان کردبووو، ئاراستەی کۆڕەکە بکات.

کاتێ کە شاندی حیزب گەیشتە ناودێ، خەڵک لە نێو مزگەوت کۆ بوونەوە. کابرای حەمامچی وێنەی ئەلیاس مووسایی لەبەردەمیاندا کزۆڵکەی کردبوو. کە ئیشارەیان پێ کرد، پاش بەخێرهاتن لە لایەن خەڵکەوە، چەندین پرسیاری ئاراستە کرد. یەکەم پرسیار ئەوە بوو کە ئێوە چیمان بۆ دەکەن؟ بۆ دێهاتێک کە زۆربەی لاوانی ڕوویان لە شاران کردووە و زیاتر لە خانەی بەساڵاچووان دەچێت تا دێهات. وڵامی ئەم پرسیارە بە جەنابی دکتوری مافناس بوو. فەرمووی: ئێمە پێویستمان بە یاسایەکی بنەرەتییە کە گەشەبەخشی کۆمەڵگا بێت. بە پێی ئیدەئالەکانی ڕۆژ، بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی و بە پێی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان. بەڵام بە شێوەی پلانێکی ڕیالیستی، کە هاوتەریب لەگەڵ مۆدێرنیزاسیۆن هەنگاو هەڵبێنێت.

کابرای حەمامچی وەکوو کەسێک کە زۆر باش لە قسەی دکتور تێگەیشتبێ، وتی: ئەڵبەتە، ئەڵبەتە، ئێوەش هەر بۆ ئێمەتە.

پرسیاری دووهەم سەبارەت بە شێوازی دیاری کردنی نرخی گەنم و نۆک بوو. جەنابی ڕاوێژکاری ئابووری فەرمووی: بە پێی ئیستاتیکی فەرمی وڵات و گرافیکە دیاریکراوەکانی دەوڵەتی، ڕادەی هەناردەی ئێمە بۆ دەرەوەی وڵات نزیکەی نەوەد ملوێن دۆلارە، کەچی ڕادەی هاوردەی ئێمە بۆ نێو وڵات پتر لە یەک ملیارد دۆلارە. بۆ هاوسەنگی نێوان ئەم دوو ڕێژەیە پێویستمان بە ئێکۆنۆمییەکی پلۆتیکاڵە بەڵام بە پاڵپشتی سووشیالەوە...

کابرای حەمامچی وایدەزانی کە لە بەیانییەوە گوێزی بۆ دەژمێرن. بەڵام دەیگوت من کاڵەک خۆرم نەک بێستانرن.

خەڵک وتیان گوندەکەمان قوتابخانەی نییە. جەنابی دکتور فەرمووی ڕوانگەی ئێمە بۆ پێکهاتەی سیستمی پەروەردە لە ژێر کاریگەری نووسراوەکانی زانای مەزن "جان دیووقی" دایە کە لە کتێبی "لیبرالیسم و کردەوەی کۆمەڵایەتی" بە وردی ئاماژەی پێکردووە.

ئەندازیاری کشت و کاڵ کە تا ئەو کاتە کەس ڕووی دەمی لێ نەکردبوو، ویستی کە سەبارەت بە کشتوکاڵی ئۆپتیماڵ، وتارێک بدات کە کابرای حەمامچی وتی کە خۆمان باش دەزانین کە هەر ماڵێک لە نێو دێ مافی ئەوەی هەیە کە چاڵاوی تایبەت بە خۆی هەبێ.

کابرای حەمامچی لە دوایین بەشی کۆڕەکەدا ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی: ئەوا ئاغاکان فەرمایشتیان فەرموو دڵنیابن کە هەموو کارێکتان بۆ جێبەجێ دەکەین.

پاش ماڵاوایی کۆڕ لە خەڵکی دێ، تا مەودایێکی دوور، گەماڵەکانی ئاوایی بە دوای ماشێنی کومیتەی حیزبدا هەر ڕاوڕاوانیان بوو...

"عزیز نسین / احمد شاملو"

خوێنەری هێژا!

ئەو ڕەشوڕووتانەی کە لە کۆمەڵگا فرێ دراونەتە پەراوێز، هیچ دەنگ و ڕەنگێکیان نییە. دەبێ تۆی خوێندەواری خاوەن قەڵەم و خاوەن پێگە، دەردی ئەوانە بهێنیتە پێش چاوان. جا ئەو کاتە سەواد و خوێندەواری تۆ بایەخی هەیە و دەبیتە سێبەری کۆمەڵگا. دەنا قسەی زل کردن بە شێوازێک کە هەژارەکە زۆرتر سەری لێ بشێوێت و دوایی هیچیشی بۆ نەکەی، بێ بایەخە و مەبەست لۆتیخۆر کردنی مافی خەڵکە. کایە بە وشە زانستییەکانە. ئەوان کاتێک کە دێنە قسە وەها وشەی قورس و بیانی بەکاردێنن کە خەڵک وادەزانن مانای وتارەکەیان ئەوەندە بەرزە کە ئێمەومانان لێی تێناگەین. کەچی لە ڕاستیدا هەر مانای نییە.

ڕەنگە زمان و قەڵەمی خوێندەواری ئێمە، ئەمڕۆ لە زمانی زانستی دنیا نزیک بێت، بەڵام ئاخۆ لە دەرد و خواستی دڵی خەڵکەکەشمان نزیکە؟ ئاخۆ دەتوانن تیشک بخەنە سەر کێشەکان؟ دەتوانن وێژدانی کۆمەڵگا وەخەبەر بێنن؟

## بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی






# لەوەتەی نیت



مەهاباد. تاهیر عەزیزی

لەوەتەی نیت شاخ لە ژێر تەوژمێکی ڕەش دایە و پەیتا پەیتا هەواڵی هێرش و هەڵچوونی گڕکانێکی سامناک دەنێرێتەوە گوڵزاری تۆزی تاسە لێ نیشتووی حەز گەلێکیی گۆڕغەریب،

لەوەتەی نیت گەردوگوڵی هەموو بەیانییەک پۆل پۆل شەونمە دزراوەکان شیوەن بۆ شۆڕابەی خەمێکی کۆنی ماندوو دەگێڕن و ئارام ئارام بە ئەسپایی دەتوێنەوە و بە ناکامی سەر دەنێنەوە،

لەوکاتەوەی بەرامەی هەناسەکانت شەقڵی تەما و تاسەی نیگا و سیما و سینەم ناشکێنن بە شوێن خۆم و پێناسە و پیاسە و دانە دانە یادە تەمگرتووەکانم دا سەرگەردان سەرگەردان دەخولێمەوە و وەڕەز و ماندووم لە خۆم و لە هەموو شتێک،

لەوەتەی نابیسم و نابینم سازی دەنگ و خەندە و ڕەنگت بێزارم لە هەموو ئەو دەنگ و ڕەنگە ئەفسووناوییە ئاڵ و واڵانەی هەر یەکە و نامیلکەیەکی مۆرە لە خەیاڵ و حەسرەت و ژانێکی بێسنوور،

لەوەتەی لێرە نیت و سەرشێتانە سەرت داخست و سەری شێتت هەڵگرت و ڕێگەی کۆچت گرتە بەر و فێنکایی کوێستانی ئەم هەواری ئەشقەت جێهێشت ئیتر هەناسەکانم لە گەرد و گەرمای ئەم بەربەرۆچکەیەدا وا خەریکن یەک لەدوای یەک نوقم دەبن و دەخنکێن،

لەو کاتەوە یەکەم جار بەڵێنی درۆیینەی وەحی ئەوینێکی بێگەردت پێدام و دڵنیات کردم لە پیرۆزی ئەم ڕێبازە پڕ لە کەندولێژ و نگریس و شوومە چ شێتانە چاو و هەست و دڵ و خەیاڵ خەڵاتی خەڵەتانیان بە پاکی و ساویلکەیی بەرکەوت و کرنۆشەکانیان درێژتر و درێژتر کردەوە!

لەوەتەی نیت و هەست بە بوونت ناکەم نەم نەمی بارانی بەهاری ئەم ئەوینە و سێبەری کپی سەیوانی ئەم هیوا هیوا بەخشە لە هاوینەهەواری خۆشەویستیدا بوونەتە سامناکترین چیرۆکی تەژی لە تراژێدیای مەڵبەندی سۆز و دڵداری،

لەوەتەی نیت و هەموو بەیانییەک بە ئاوازی نەرمی کەمان و وەرینگە و قاسپەی دەنگت خەو لە چاوانم نازڕێ و جیناهێڵێ جێلەش و ئامێزی تەزیم قینم دێ لە هەرچی ئەو دەنگانەی دەبنە هۆی بوژانەوە جگە لە دەنگ و زەنگی پیرۆزی ئازادی،

لەوەتەی ئاوێتە و دەست بە دامانی ئەم کۆچە ڕەشە بوویە منی کڵۆڵی سەرگەشتەش لێرەوە و لەو دوورانە دەستەوداوێنی گەرمەشینانم و هەر ساتەش بە یادێک و بۆ یادێک و بۆ خەمێک و بۆ ژانێک شەپۆڕ و شیوەنی گەرم و گوڕتر ئاوێزانم دەبێ و لێمدەهاڵێ،

لەوەتەی نیت نە خۆر هەڵاتنانم وەک جاران تەژی لە هیوا و دڵگەرمییە بۆ دەوام و مانەوەم و نە خۆرئاوابوونیشم وەک جاران هەنگاونانە بەرەو باوەشی پشوو و ئۆقرە و خەوێکی ئارام بە دیار ئەستێرە ئەویندارەکانی ئاسمانی ئەشقەوە،

لەوەتەی ئەم شاری یارییەت جێهێشت پۆل پۆل سەیرانگاکانی ئەم مەڵبەندی دڵدارییە بۆ دڵدانەوەم بەرەو پیرم دێن و بە دەیان جۆر خەماۆژترین ئاواز و شێعری غوربەت و غەریبی بۆ پشتی چەماو و خوێناوی چاو و زوخاوی هەست و ناخی ڕووخاوم دەچڕن،

لەوەتەی نیت قاقرە ئێرە و هەموو جێ و لە جێی بارینی بارانی ورە و وزە و هێز و هیوا سەمای گەڵاگەڵی خەزانی پاییزەدرەنگانێکی ویشکی ساردی بێدەنگە لە دوورترین گەرەکی ئامانجێکی سەرگەشتە و بێوەر و بێفەڕ بەسەر ڕوحی هەتیوم دادەباری،

لەوەتەی نیت گوڵزارەکەی جاران جاڕەدرکە و نەهیچ گوڵێ دەپشکوێ و نەهیچ دارێ چڕ و چرۆ دەردەکات و نە هیچ مەلێ لێی دەخوێنێ و کۆڵان و شەقامەکانی شاری ئاواتیش نوقمی لافاوی فرمێسکی چاوانێکە کە ئاڵای سەوز و سپی چاوەڕوانی بە بەژنی براوە و کە هەرگیز ئاسۆیەکی گەش نابێتەوە یار و هاودەمی،

لەوەتەی نیت :

نامۆم بە هەموو کەسی ئەم مەڵبەندە شووم و وێرانەی تا دوێکە جێڕازونیازی پیرۆزم بوو

نامۆم بە هەموو ئەو وتە و ڕستە و بەیت و شێعر و لاوکانەی ئاوێزانی نەمامەکانی باخی ئەوین دەکران

نامۆم بە دەنگ و ڕەنگی ئەو مەلانەی لەسەر سووچی داری شەقامەکانی باخی گشتی بە سەد ئاواز دەخوێنن،

نامۆم بەسەرجەم ئەو یاد و جوانیانە کەهەوێنی پاکیی ئەم هەوارەن

نامۆم بە هەموو ئەو مرۆڤ و کەرەستانەی پێکهێنەری ئەم دیارەن

نامۆم بە هەموو ڕۆژ و مانگ و وەرزەکانی ئەو ساڵەی بۆ من نەهات بوو

هەست و ناخ و دڵێکی کۆستکەوتوو دەمێکە لە چەمەرای ئەم بەهارەن...

## بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی








# کێ بەرپرسیارە زمانی کوردی خزمەتی نەکراوە؟

مەهاباد. محەممەد ئەحمەدیان؛ نووسەر و لێکۆڵەر

پێش ئیسلام ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ دەسەڵاتی وەک ساسانی و ڕۆمی زمان و کەلتووری کوردییان تواندبۆوە؛ دوکتور مارف خەزنەدار نووسیویە: خوێندەواری لەنێو کۆمەڵی کوردەواری دوای موسوڵمانبوونی کورد بۆمەبەستی ئایینی پەیدابووە، لەو ڕۆژەوە کە قوتابخانەی ئایینی
لە خاکی کوردستان پەیدابووە، فێرکردنی زانستەکان(=تەقریر) لەسەرەتاوە بەزمانی کوردی بووە(مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار، چ ١، لل:.(٨٠-٦٧

سەرەتا بنکەی خوێندن لە کوردستان تەنیا لە حوجرەی فەقێیان بووە، مەلا کوردەکان وانەی عەرەبییان بە زمانی کوردی دەوتەوە، ئەوەی ڕاستی بێ موسوڵمانان لەهەر تیرە و تۆرەمەیەک بان، بۆ نووسین بە زمانی و زاراوەی خۆیان ئازادبوون، بەڵام باوبوونی نووسین بە زمانی عەرەبی و پەرەسەندن و ڕەواجی ئەو زمانە لە سەرەتای هاتنی ئیسلام، بوو بە هۆی کەمتەرخەمیی خوێندەوارانی کورد کە ئاوڕ لە زمانی کوردی نەدەنەوە؛ زیاتر لە چوار سەدە نووسین بە زمانی کوردی دواکەوت، هەتا لەدوایی سەدەی چواری کۆچی کەسایەتی‌یەکی خوێندەوار
بە ناوی عەلی تەڕمووکی خەڵکی تەڕمووک لە هەکاری، نووسینی هۆنراوەی کوردی هێنایە سەر کاغەز، دوایە لە سەدەی پێنجەم عەلی حەریری نووسینی بە زمانی کوردی کردە باو، ئەوجار مەلا پەریشانی دینەوەری لە سەدەی هەشتەمی کۆچی بە زمانی کوردی هەڵبەستەکانی نووسییەوە؛ دواتر لە سەرەتای سەدەی یازدەی کۆچی، بابەتی وانەکانی خوێندن بە زمانی کوردی خزانە سەر کاغەز؛ لە سەرەتای سەدەی یازدە مامۆستا عەلی تەڕەماخی خەڵکی گوندی تەڕەماخ نزیک شاری مۆکس لە کوردستانی باکوور، زانستی «صرف/وشەسازی»ی بە شێوەی ڕێزمانی بەراوردی، بە زمانی کوردی بو یەکەم جار لە ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاوا نووسی(فەرهەنگی حوجرە، محەممەد ئەحمەدیان، ناوەندی خانی، سەقز، ل ١٤٠٣، /١٦مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار، چ ٢، ل .(١٧٣

لەدرێژەی سەدەی یازدەی کۆچی دەرفەت ڕەخسا چەند گەورە پیاوی زانای کورد زیاتر ڕچەیان شکاند و هەرکام کتێبێکی گەورەی شێعریان بە زمانی کوردی دانا، وەک مەلا ئەحمەدی جزیری (١٠٤٩-٩٧٠)، لە بۆتان؛ مەلا ئەحمەدی خانی (١١١٩-١٠٦١)، لە شاری بایەزید؛
مەلا مستەفا بێسارانی (١١١٢-١٠٥٢)، لە بێساران؛ دواتر مەلا خدری شارەزووری_نالی (١٢٧٣-١٢١٥)، لە شارە زوور؛ حاجی قادری کۆیی (-١٢٣٧ ١٣١٢)، لە کۆیە؛ ئەوانە و زۆر هەستیاری تر توانییان ناوی کورد لە نێو کەلتووری ئیسلامییدا وەک ناوی عەرەب و فارس و تورک تۆمار بکەن، جێی سەرنجدان و وردبوونەوەیە هیچ دەقێکی ئایینی و هیچ بەرپرسێکی ئایینی دژایەتیی ئەو شاعیر و هەستیارانەی نەکرد کە بابەت بە زمانی کوردی دەنووسن!

ئەو ڕاستییە حاشای لێناکرێ لە سەرەتای هاتنی ئیسلام، هەستی نەتەوایەتی لە حاند هەستی ئایینی پڕڕەنگ نەبووە، لە گەڵ ئەوە هیچ لەمپەرێکی ئایینی و هیچ دەقێکی دینی ڕێگر نەبووە بۆ بابەتی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی، کورد خۆی هۆکاری سەرەکی بووە بۆ
لەبیرچوونەوەی زمانەکەی، ڕاستی ئەوەیە کوردەکان خۆیان لە زمانە زگماکەکەیان شاردووە تەوە، ئاوڕیان لە زمانە خوداپێداوەکەی خۆیان نەداوەتەوە، واتە بەو زمانە نەیانخوێندووە و نەیاننووسیوە. بەو هۆیە ئەوە ڕاست نییە بڵێین ئایین بەرهەڵست و لەمپەر بووە و ڕێی نەداوە کورد بە زمانی خۆی بخوێنی؛ بەڵام دیارە لەمپەری سیاسی و دەسەڵات ڕێگر بووە و پێشگر و بەرهەڵست بووە بۆ ئەوە زمانی کوردی بخوێندرێ و بنووسرێ، وەک ئەوە لەو دوایانەدا لەسەردەمی ڕەزا خان و ئەتاتورک خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بە تەواوی یاساغ کرابوو.

دەبینین سەدان نووسەری بە ڕەگەز کورد، بە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەر هەرمی بە پێزیان نووسیوە و خاوەنناو و ناسراون، تەنانەت لە ڕۆژگاری ئێمەشدا وێنەی ئەو نووسەرانە زۆرە کە بابەتەکانیان بە زمانی کوردی نانووسن. بە کورتی ئێمەی کورد خۆمان کەمتەرخەم بووین بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی، کەوابوو پێویست ناکا ئایین تاوانبار کەین؛ دەقی قورئان لە سوورەی ڕۆم، ئایەی ٢٢، وەک ڕۆژی ڕووناک بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە: «چەند ڕەنگی نەتەوەکان و چەنددەنگی و چەندزمانیی تیرە و بەرەکان نێونیشانەی کارچاکی و کار جوانیی خودایە».

ئەوە ڕاستە نووسەرانی بەڕەگەز کورد لە ڕابردوودا بەرهەمەکانیان بەزمانی عەرەبی نووسیوە و هەموو هێز و توانایی خۆیان لە ڕێی ئەو نووسینانەدا بەخت کردوە، وەک: «علامه علی ابن احمد آمدی»(٦٣١-٥٥٠)، خاوەنی کتێبی «اِحکام فی اصول الاَحکام»؛ سێ برایانی«ابن اثیر»، واتە: «مبارک، علی، نصراللّـه»، لە سەدەی شەشی کۆچی، خاوەنی کتێبی وەک: «جامع الاصول، الکامل فی التاریخ، جامع الکبیر»؛ «ابن حاجب کُرد»(٦٤٦-٥٧٠)، خاوەنی کتێبی ناسراوی «الکافیه و الشافیه»؛ «ابن الصَّلاح شهرزوری»(٦٤٣-٥٧٧)، خاوەنی کتێبی «مقدمه ابن الصَّلاح فی علم الحدیث»؛ «ابن خلکان»(٦٨١-٦٠٨)، خاوەنی کتێبی هەرە بەناوبانگ و ناسراوی«وفیات الاعیان»؛ «ابن الحاج آلانی»(١١٨٩-١١١١)، خاوەنی کتێبی «رفع الخفا»؛ «علّامه ملاعبدالله بیتوشی»، (١٢١١-١١٣٠)، خاوەنی کتێبی «کفایة المعانی»، هەروەها سەدان ئەبو و ئیبنی تر کە بابەتەکانیان لە دووتوێی کتێبەکانیاندا، بە زمانی عەرەبی ڕازاندووەتەوە.

وەنەبێ ئەو بەرهەمانە بۆ نەتەوەیەک و سەردەمێکی تایبەت نووسرابن، بەڵکوو زۆربەی ئەو کتێبانە هەتا ئەوڕۆ وەک سامانێکی سەقافەتی ئیسلامی و تەنانەت جیهانیش پارێزراون و بوون بە سەر چاوەی لێکۆڵینەوەکان و زۆربەی خوێندوارانی نەتەوە موسوڵمانەکان لە نووسینی ئەو نووسەرە کوردانە کەڵک وەردەگرن؛ ئەو بەرهەمانە ئەگەر بە زمانی کوردی بنووسرابایەن، تەنیا بۆ کورد کەڵکی لێوەردەگیرا.

ئەگەر پرسیار بکرێ ئەو زانا کوردانە بۆ بەرهەمەکانیان بە زمانی عەرەبی نووسیوە؟

دەڵێین زمانی عەرەبی بۆ موسوڵمانان «زمانی دەق» بووە، دەقێکی ئایینی؛ نەک زمانی نەتەوەیەکی دیاریکراوی تایبەت، وەک نەتەوەی عەرەب. هەر وەک زمانی لاتینی لە ئورووپا ماوەیەکی زۆر، تا سەدەی هەژدە زمانی ئایین و ئەدەب و کەنیسە بووە و زمانی لاتینی وەک زمانی فەرمی و ستایلی فەرمی لە هەموو ئورووپا بە کار هاتووە، دواتر زمانە لۆکاڵی و نەتەوەییەکان وەک فەڕانسی و ئەڵمانی و ئینگلیسی دوای شۆڕشی فەڕانسە وردە وردە پەرەیان سەندووە و بەکارهاتوون. دوایین وتە ئەوەیە، خوای گەورە و مەزن نەتەوەی عەرەب و زمانی عەرەبی لە نەتەوە و زمانەکانی‌تر جیا نەکردووتەوە، یاسای ئایینی ئیسلام ڕێنادا زمانی عەرەبی، وەک زمانی نەتەوەیەکی تایبەت بەسەر گەلانی غەیرەعەرەبدا بسەپێندرێ؛ ئیسلام بۆ

سەقامگیر کردنی قوتابخانەیەکی نەتەوەیی نەتەوەی وەک نەتەوەی عەرەب نەهاتووە، ئەو ئایینە هەموو حەولی ئەوە بووە کە عەرەبایەتی و رەگەزپەرستی لە بیر و زەین و زاکیرەی موسوڵمانان دەربهێنێت و، وەک دیاردەیەکی دزێو دەڕوانێتە ئەو بابەتە. ئیسلام زمان و کەلتووری کوردی نەسڕیوەتەوە، ئەو دەسەڵاتانەی زمان و کەلتووری کوردیان سڕیوەتەوە، پێش ئیسلام دەسەڵاتی هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی و رۆمی بوون. دوای هاتنی ئیسلامیش دەسەڵاتدارانی ملهوڕی سیاسی، لەچەشنی ئەتاتورک و رەزاخان رێگر بوون؛ وەک مامۆستا ئەبووبەکر عەلی نووسیویە: ستراتێژیی ئیسلام لەسەر تێکشکاندنی زمان و ئەدەب و نەریتی گەلان دانەمەزراوە، ئەگەر وابوایە لە ماوەی هەزار و چوارسەد ساڵی رابردوو ئەوەی پێی دەڵێن داب و نەریتی گەلانی موسوڵمان و لەوانەش گەلی کورد، دەبوو هەموویان زمان و فەرهەنگ و کەلەپووری تایبەتیان لەدەست بدایە و توابانەوە(ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی، ل١١٧)؛لە کاتێکدا ئێستا کورد لە بازنەی شارستانییەتی ئیسلامیدا خاوەن زمان و داب و نەریت و کەلەپوور و فەرهەنگی تایبەت بەخۆیەتی.

ئاکامی ئەو بابەتە ئەوەیە: ئاوڕنەدانەوە لە زمانی کوردی و خزمەتنەکردن ئەو زمانە،

زۆرتر چینی خوێندەواری کورد و دەسەڵاتی سیاسی لێی بەرپرسیارە، نەک ئایینی ئیسلام؛ هیچ دەقێکی ئایینی رێگری ئەم پرسە گرینگ و هەستیارە نییە. هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتیی چینی خوێندەواری کورد سەبارەت بەو بابەتە، لە رادەیەکی رێژەیی نزم دایە، تەنانەت ئێستاش ئەو چینە منداڵەکانیان هەموو ساڵێ چەند جار لە کلاسی تایبەتی بە تێچوویەکی زۆر، بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیسی و مۆسیقا و مەلەوانی و تۆپێن و کیک–بۆکسینگ و مستوەشاندن و هتد نێونووسی دەکەن، بەڵام کەمتەرخەمی دەکەن و نایاننێرن بۆ وانەی زمانی کوردی، کە زۆربەی ئەم کلاسانە بەخۆڕایین و تەنیا بەشێکی کەم لەم کلاسانە تێچووهەلگرن، کە ئەمانەیش کە بەخۆڕایی نین، تێچوویەکی لەڕادەبەدەر کەمیان گەرەکە؛ لەگەڵ ئەوە، هەر ئەم کەسانە رەخنەدەگرن و بیانوو دێننەوە دەڵێن ئایین رێگرە بۆ ئەوە فێری زمان و ئەدەبی کوردی بین، لە حاڵێک دا هیچ دەقێکی ئایینی و هیچ بەرپرس و پیاوێکی ئایینی بە هیچ یاسایەکی ئایینی، دژایەتی لەگەڵ خوێندن و فێر بوونی زمانی کوردی ناکا و دژی ئەو دروشمەی مامۆستا هەژار نییە کە دەڵێ:

بە کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم / بە کوردی دەیدەم وڵامی قەبرم

## هەواڵی ئەدەبی

### کتێبی کۆبەرهەمی فەریقی (مەلا رەسووڵی گۆڵێ) چاپ و بڵاوکرایەوە



شاعیر و نووسەری وناوی بانەیی، حاجی مامۆستا مەلا رەسووڵ "فەریقی" (١٣٤٨ ـ ١٢٨٣)، لە هۆزی مامۆیی، خەڵکی گوندی قۆخەمامۆی ریزەدێی پاش ئەربەبای ناوچەی ئاڵۆتی بانەیە. بە هۆی ئەوەی کە ساڵانێکی زۆر مەلا و مودەڕیسی گوندی گۆڵێ لە دەڤەری شلێری پێنجوێندا بووە، بە «مەلا رەسووڵی گۆڵێ» ناسراوە.

**ئەو پەرتووکانەی فەریقی کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا چاپکراون، بریتین لە:**

١ ـ مەولوودنامەی فەریقی

٢ ـ جۆگەلەی ئاوی حەیات (یەک لە شەش پەرتووکەکانی کتێبی سەرچاوەی ئایینی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس "ئاوی حەیات"ە و باسی مێژووی ئەنبیا و ئیمامانی سوننی دەکات کە فەریقی کردوویە بە شیعر)

٣ ـ دەستی سەخا (لە باسی ئوسووڵ و ئیعتیقاداتی ئیسلامی و ئەخلاقیدایە بە شیعر)

٤ ـ بەشێک لە: دیوانە شیعری فەریقی

٥ ـ رووس و گرانی (ئەم نامیلکەیە نیوە پەخشان و نیوە شیعرە و بریتییە لە باسوخواسی: لەشکرکێشی رووس بۆ کوردستان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، گرانی و قاتوقڕیی دوای ئەو شەڕە، بەسەرهاتی مەلا رەسووڵ لەو ساڵانەدا، رووداوەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە هەتا کۆتایی حکومەتی عەبدولسەلام عارف لە عیراقدا، واتە ١٣٤٥).

کتێبی کۆبەرهەمی فەریقی لە ٢٤٠ لاپەڕە و بە قەبارەی وەزیری، لە لایەن سەباح مەلا عەبدوڵاوە کۆ و ساخکراوەتەوە. رووبەرگی ئەم کتێبە هونەرمەند حەمید نیکخا کێشاویە و چاپەمەنیی ئەوین لە شاری مەریواندا بڵاوی کردۆتەوە و ئێستا لە کتێبخانەکانی ئەو شارەدا دەستدەکەوێت.

❋❋



نووسەر، رۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنیی مەریوانی؛ سەباح نیکخا ناسراو بە سەباح مەلا عەبدوڵا لە بواری دەسنووس و هەروەها ئەدەب و مێژووی زارەکیدا چالاکی دەکات. ناوبراو ساڵی ١٣٩١ کتێبێکی هاوشێوەی بە ناوی دیوانی حەسرەت (مەلا شێخ محەمەدی خەلوزەی مەریوان)ی لە لایەن هەمان چاپەمەنییەوە چاپ کراووە و ئەو شاعیرەشی لە فەرامۆشخانەی ئەدەبەوە هێناوەتەوە بۆ کتێبخانەی نەتەوەکەی. بەرهەمێکی دیکەشی بە ناونیشانی: داخۆم بمێنم!؟ (چەند وانەیەکی دەروونناسی و کۆمەڵایەتی بۆ کچانی مێرمنداڵ) لە فارسییەوە وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی و ساڵی ١٣٩٨ لە سلێمانی چاپ کراوە. هەروەها چەندین وتار و لێکۆڵینەوەشی لە ماڵپەڕ و گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

## ئێوارەکە

شنو. عومەر محەممەدی "شکۆدار"

بەم ئێوارەیە،
باسی خۆر ئاوابوونم مەکە
با دڵم نەگیرێ،
من لە پاییزێکی بێ کۆتاییدا
هەڵوەریم.
ناخم پڕە لە زەردەپەڕی خۆر،
پڕە لە وردە شووشەی شکاوی حەزەکانم
نا ناتوانم،
حاشا لەو شەقامە بێ ئادرەسانە بکەم،
کە تۆیان لێ ون کردم،
لێمگەڕێ،
با تیر بۆن بە هەناسەی لالێوی
گەڵابابردووەکانەوە بکەم
با لە خەونێکی سپیدا،
خەمی گوڵە هێرۆکان بنووسمەوە،
کە بۆم دەگریان پڕ بە چاوی ئاونگەوە،
لێمگەڕێ،
بەو پێڵاوانەم کە بۆنی بەفریان پێوەیە
باڵای زستان بپۆشم،
جەستەیەکی سڕ و تەزیوم
چەندە ئاشقی کوڵمی ئەو خۆرەم،
نیگای فریوم لە ئێوارە ماچدا
دەسووتێنێ.
قەت لە بیرت ناکەم،
چ ژانێکی کوشندە بوو،
ئەو ئێوارە دڵتنگییە
قوم قومی مژینەی ئەو لێوانەمی،
خەمتەزێن و هەناسە سارد،
بە کۆچی غەریبی ئەسپارد،
لێمگەڕێ، با لەو شەقامە ئاڵۆزانەدا
گەمە بە خەنەکانی خۆم بکەم،
باویلکەیەکی ڕازاسووک و،
بێ گوناه بووم،
لێرەوە چارەنووس هەڵیکەندم،
لە پاییزە هەوارێکی ژانگرتوودا
گیرساموەوە،
لە ساتێکی تەنگتاوی زەمەندا،
ئاوەرەی تەنیایی خۆم بوومەوە.
لێمگەڕێ باسی ئێوارەم بۆ مەکە،
بەو یادە قاچاغەوە،
برینەکانم دێنەسۆ،
ئازارەکانم دەبنە چەقۆ،
لە وەرزی پاکترین سوێندەکانی بەدرۆ،
ئاژن، ئاژنم دەکەن.
تاوانەکانم تەنیا هەڵەن،
ئەو هەڵانەی قەت باوەڕ بە پیرۆزیان
ناکەی،
کە دوژمنی دڵ،
خودای بەزەییان تیا دەکوژێ،
چیتر باسی ئێوارەم بۆ مەکە،
لە لەگەڵ تەنکە هەوریکا ئاوا دەبم و
لە گۆرستانی ئەستێرە کوژراوەکاندا
دەنێژرێم

شنو. عومەر محەممەدی "شکۆدار"

مەنزوومەی کاکێشانی،
ئاسمانی ئەوڤینی،
وردەخاڵەکانی سێتگت،
هەسارەی بێ پسانەوەن
چاو برکێنی نیگام دەکەن،
لە بێدەنگی کەشێکی بیرکردنەوەدا،
دەژمێرم،
یەک، سەد، هەزار و....
لەوانەیە هەڵە بکەم،
بۆم بێتە ژمار،
لە ڕۆژی ژمار
تاوانی
١
١٠
١٠٠
١٠٠٠
١٠٠٠٠
١٠٠٠٠٠٠
و
ئای دۆزەخ،
بەهەشتی چێژەکانم
چۆن ئاور دەدەی،
خەتای خۆم نییە،
خەتای ئەو ژنەیە،
بە تامی سێو هەڵمدەفریوێنی،
لە وەتی هاتوومە ئەو خاکە،
نیشتیمانیش خەمێکی ترە و
ئازارەکانی دەمسووتێنی،
سووتانێک لە دۆزەخی ماچەکان،
ڕەشتر لە خاڵەکان دەمکەنە خەلووز



## مەچۆ

شنۆ. عومەر محەممەدی"شکۆدار"

مەچۆ باوانم،
با چاوەکانت بەفراوی نەبن،
سنوور بۆ متمانە نابێ، .
هەر دەتوانین،
بە خەمی کۆڵبەر،
چاوەکانمان بسڕینەوە،
مەچۆ باوانم،
وەڵڵاهی گۆرستانیش چیتر تاقەتی،
ئەو هەموو گوڵە نێژراوانەی نییە
کێڵەکان دەسماڵی سوور ڕادەهەژێنن،
دارە بادامەکان،
فرمێسکی گەڵا هەڵدەوەرێنن،
سەدان و هەزاران و ملوێنان
ئەستێرەی گلێنە،
دەبوا لە ئاسمانی ئەو نیشتیمانە، بدرۆشێنەوە
ئاسمانێکمان لە کاکێشان دەوێ،
ساڵانێکە
تەم و تاریکی ئەو خاکە بەرنادا،
ئەو خۆڵەچیتر حەز ناکا نیگاکان ون بکا،
مەچۆ باوانم،
بەخوا ئەو کاکۆڵانەی تۆ ،
ئەو کەزیانەی تۆ ،
بۆ مقەستی ئەو سڕەبایە شانە نەکراون،
چیاکان سەڵانێک لە مەوبەر،
ترپەی دڵی باوکتیان هەست پێ دەکرد
قەدی ڕژد و بنارەکان،
هەناسەی دایکتیان بۆن دەکرد،
بەڵام نامۆن ئێستا،
لە وەتی ڕکێفی زستانەکان،
بە دەست ئێمە وەنین،
لە وەتی تفەنگ و تەل و مین حاکمە،
کێوەکان،
خەمی خوێن و خنکانیان نییە،
مەچۆ باوانم،
با چیتر مەرگ چۆپی نەگرێ و
ڕەشبەڵەکی گۆڕستان،
ئازارمان نەدا.



# تێڕامان لە کتێبی "جاران" لە نووسینی "سەید نێعمان بەرزگەر"

بانە. ک.د.ئازاد




ڕەسووڵ هەمزەتۆف دەڵێ: شاعیران و نووسەران پێناسەی میللەتانن!

ک.د.ئازادیش دەڵێ:
بۆ ناسینی پیاوی غەریب / پێناسەکەی چاو لێ دەکەن نەک چاوانی
بۆ ناسینی میللەتێکیش/ چاو دەگێڕن/ بۆ شاعیر و هونەرمەند و نووسەرانی!

کوردستان خۆی چیرۆکێکی باڵا بەرزە
پڕ لە بەسەرهات و ڕووداو و خۆشی و ناخۆشی. وەک زۆربەی گەلان لە ئێستا و ڕابردووی دا، سەرگوزەشت و حیکایەک و چیرۆکی شکان و سەرکەوتن و ڕووخان و شەڕ و کێشە و ئاوارەیی و دەربەدەری و هەڵات هەڵات و دەسەڵاتی میر و مەزن و زۆردار و مرۆڤی دڵ ئاوا و بوێر و لێزان و سەتان بەسەهاتی سەیر و سەمەرە. دەست لە سەرهەر شوێنێکی ئەم نیشتمانە دادەنێی، زیرەی دەگاتە ئاسمان! پڕە لە زام و ئۆف و ئازار.
لەم سەردەمەش دا ئەو زامانە گەورەتر بوون و باڵایان کردووە و نەفەوتاون. جاری وایە وەک برینێکی تەشەنا، دیوەودەر بوون و زۆر جارانیش وەبنەویان داوە و بۆ ماوەیەک سەریان هەڵنەداوە.
سنوور و ژیانی سنوور نشینان هەموو ڕۆژێکیان تراژیدیا و بەسەرهاتی لە گێران نەهاتووی بێ بڕانەوەیە. بست بە بستی ئەو سنوورە جێگای شەڕ و پێک دادان و کۆچ و ڕەو و هاتن و هەڵاتن و ژیان و مردن بووە.
ماڵی کاول و بێ گەورە و منداڵانی دوای شەڕ و نەهامەتی و شەڕ بۆ پەیدا کردنی بژیو و لە مردن ڕزگار بوون و نەفەوتانی گەلێکی وەزاڵە هاتوو و ژیان لە پەنا مین و قین و ترس و مەرگ، هەمووی چیرۆکن،بۆ ئەو قەڵەمانەی وەئاگا بێن و ئەو زام و ئازار و خۆشی و ناخۆشیانە بنووسنەوە و لە فەتان ڕزگاریان بکەن.
خۆشبەختانە یان بەدبەختانە! کوردستان پڕە لەو قەڵەمانەی کە بێ پشتیوانن و خاوەن قەڵەم نەیتوانیوە بەرهەمەکانی چاپ کات و بە قەتیس ماوی لە ماڵەکان دا هەر ماونەتەوە.
مەریوان، خۆی شوێنی زۆر ڕووداوی خۆش و ناخۆشە. جێگای گەورە پیاوان و شۆڕە ژنانێک بووە کە چاوی مێژوو بە وان ڕوون بۆتەوە.

هەرکەس دڵی بە شتێک خۆشە؛
زۆر کەس خوویان داوەتە بازرگانی و زۆر کەس پیشەسازی و لێخوڕین و ماتماتیک و هونەر و .....
کەسانێکیش هەن کە دڵیان داوەتە نووسین
ئەوانەی دەنووسن، ڕۆژان و شەوان و مانگان و ساڵانێک تەرخان دەکەن بۆ نووسین و بیرکردنەوە لەو بەسەهات و ڕووداوگەلەی پێشتر لە زەینیان دا ڕوو دەدات و دواتر دێتە سەر قاقەز.
کاتێک بەرهەمی نووسەرێک دەخوێنینەوە، ئێمەش دەچینە ناو ئەو خولیاو و دونیایەی کە نووسەر دایڕشتووە و خوڵقاندوویەتی!
لە گەڵ قارەمانانی ناو نووسراوە و چیرۆکەکان دا ئامبازی ئەو کارەساتانە دەبین کە لە ناو ڕووداوەکان دا ڕوو دەدا و زۆریشمان خۆمان لە جێی قارەمانەکان دا ڕۆڵی ئەو کارەساتە و خەیاڵانە دەگێڕین کە نووسەر بە نووکی خامەی، ئێمە دەهێنێ و دەبات.
نووسین وەک زۆر هونەری تر یەکێک لەو شتانەیە کە دونیایەک دەخوڵقێنێ کە پێشتر نەبووە وتەنها لە ناو زەین و مێشکی نووسەر دایە . هەر چەند ئەو چیرۆک و ڕووداوانە گێرانەوەی واقعی و ڕاستییەکانیش بێ. چون نووسەر بەشێک لە باوەڕ و خەیاڵەکانی خۆی تێڵەڵ بە ڕووداوەکان دەکات و دەقاودەق نایانگێڕێتەوە.
لە ڕابردوو دا نووسین، پیرۆزی و شکۆیەکی خاسی بوو. وەک ئێستا نەبوو کە هەر کەس هەرچی پێی خۆشە و دەسەڵاتی هەیە چاپی دەکا. بۆیە متمانە بە کتێب و نووسراوە بە نیسبەت ساڵانی پێشوو زۆر لە کەمی داوە.
پێشتر ئەگەر لە بارەی شتێک یان مەسەلەیەک کێشەیەک بایە، بە لای ئەو کەسە دا دەشکاوە کە ئەو مەسەلەی لە کتێبێک دا دیوە. بۆیە زۆر جار کە کەسێک شتێکی دەگێڕاوە و دەورووبەر لێی دردۆنگ دەبوون، کە دەیگوت لە فلان کتێب دا نووسراوە ئەوە ئەو کێشە دادەکوژاوە.
زۆر سەختە لە بارەی کتێبێک بنووسی کە نووسەرەکە کاتێکی زۆری بۆ داناوە و زەحمەتی زۆری بۆ کێشاوە، منی ڕەخنەگر یان شرۆڤەکارێک لە نیو ساعەت دا هەموو بەرهەمەکە هەڵسەنگێنم و پاڵی لێ بدەمەوە کە بە ئامانجی خۆم گەیشتووم و پێشم وابێ حەقی مەتڵەبم ئەدا کردووە!

**چیرۆکی کورت لانی کەم دەبێ سێ فاکتەر هەبێ:**
کەسایەتی ـ ڕووداو ـ سەحنە یان مەیدان و شوێنی نواندن(شخصیت"، "حادثە" و " صحنە")
ـ زۆربەی یان هەر هەموو کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکان، بۆ خوێنەر ئاشنان. هەرچەند ناوەکانیان جۆراجۆر بێ. بۆ کەسایەتی نووسەر نەهاتووە، کاراکتێر و کەسایەتییەک هەڵبژێری کە نامۆ بێ بۆ خوێنەر.
ـ ڕووداواوەکان لە جوغرافیا و ناوچە و نیشتمانێک ڕووی داوە کە ڕەنگە هەر کەس لە ئێمە لە تەمەنی خۆی دا ئەو ڕووداوانەی دیبێ یان بیستبێتی.
ڕووداوگەلێک کە ئەگەر زۆر لێی ورد ببینەوە ڕەنگە لە شار، دێ یان کۆڵانی خۆمان ڕووی دابێ!

- شوێنی نواندن لە چیرۆکەکان دا ماڵ و دێ و شار و ژینگەیەکە کە بۆ خوێنەر ئاشنایە و نووسەر بە باشی ئەو سێ فاکتەرەی بە کار هێناوە.
هەر چەند بەشێک لە ڕەخنەگران چەند فاکتەریتریش ڕەچاو دەگرن کە یەکیان پێگە و شوێنگە و بار و دۆخە
( موقعیت) .دووهەم گەڵاڵە و پلان و نەخشە (طرح) .سێهەم دژایەتی، لێکدژی( تضاد)
دیارە لە خوێندنەوەی هەر کام لە کورتە چیرۆکەکان ئەو فاکتەرانە بە جوانی و بە زەقی خۆیان دەنوێنن کە ئەو بەشە دادەنێم بۆ خوێنەران کە ئەو فاکتەرانە لە ناو چیرۆکەکان دا ببیننەوە.

ئەوەی لە یەکەم خوێندنەوە دا لە کتێبی " جاران" بۆمان دەردەکەێ شێوەی نووسین و داڕشتنی کورتە چیرۆکەکانە.
نووسەر شێوەی نووسینی سادە و ڕەوانی هەڵبژاردووە و خۆی لە بە کار هێنانی زمانی چەقبەستوو و ئەدەبی پاراستووە و لە ناو دەقی گێرانەوە و دیالۆگ دا ئەو زمانی ئاخافتنەی بە کار هێناوە کە لەو ناوچە دا باوە.
هەڵبەت " جاران" ڕەنگە هەر جاران نەبێ و ئێستاش و داهاتووش بگرێتەوە!
بەڕێز سەید نێعمان بەرزگەر دەرد و مەینەت و حەز و خۆشەویستی و خۆشی و ناخۆشییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری خستۆتە ناو چیرۆکانەوە.
ئەوەی خوێنەر لە گەڵ خۆی دا ڕاپێچ دەکە کە لە نووکەوە تا کۆتایی خوێندن بەر نەدا، گێڕانەوەی سادە و بێ پچڕانەوە و دووری لە خۆ خەریک نەکردن بە مۆرفۆلۆژییە چ لە قارەمان و ئەوانەی دەوری چیرۆکەکە دەگێڕن وەک کارەکتێرەکان و چ شوێنەکان دا، کە دەتوانێ خۆی خاڵی لاوازی زۆربەی نووسینەکان بێ!
بەڕێز سەید نێعمان بەرزگەر، بە لای منەوە کارێکی زۆر گەورە و گرانی کردووە و ڕچەیەکی تری لە نووسین و داهێنان و چیرۆکی کوردی دا بە دیهێناوە. هەڵبەت پێش بەڕێزیان کەسانیتریش بوون کە ئەو ڕچەیان پێواوە، بەڵام لە کوردەواری دا کەم کەس ئەو کارەی کردووە.
لە زۆربەی کورتە چیرۆکەکان دا کە دەگاتە بەشی کۆتایی، درێژە و دەوامی چیرۆکەکە دەداتە دەست خوێنەر کە تەواوی کات. خۆی نەتیجەگیری ناکات!
بۆ نموونە:
لە: "ئامان، باوکت نەزانێ!"
داخۆ دوای کڕینی ئەو جلانەی کە دەزانێ باوکی بزانێ کێشە ساز دەبێ، کێشەی سوونیا دەگاتە کوێ؟
یان لە "ماشین ساندن"، دوای ئەوەی کاک نامیق تێدەگا ساحیو بونگا و کەسێکیتر بۆسەیان بۆ ناوەتەوە و ئەوە کاری هەمیشییانە، ماشینەکە دەکڕێ یان پەشیمان دەبێتەوە؟
یان لە "نامە و سەردان"
دیار نییە ئاخۆ دڵنیا و ئارمان بە یەک دەگەن یان هەر ئەو قسەی ناو ئەو مەجلیسەکەیە و بەس؟
وە تا کۆتایی کتێبەکە ....

بەڕێز سەید نێعمان بەرزگەر لەو شوێن و جوغرافیایە قارەمان و کارەکتێرەکانی هەڵبژاردووە کە بۆ هەموومان کە دانیشتووی کوردستان و ئەم ناوچەیە یان نیزیک بە مەریوانین، ئاشنانن.
داب و نەریت و هەڵسووکەوتێکی خستۆتە ناو چیرۆکەکانەوە کە بۆ هەموومان ئاشنایە و بگرە ڕەنگە لە ناو ماڵ و تایەفە و دێ و شارەکەمان بە دەیان ڕووداوی ئاوا نە نووسراومان بیستووە یان دیومانە.
لە ناو زۆربەی کورتە چیرۆکەکان دا، زاراوەی ناوچە زاڵە و نووسەر نەیویستووە بیکا بە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو.
بۆ نموونە:
- من ناچمە سەر مامەڵەی تۆ .نارەحەتی بۆ چیە؟ یا خوا موبارەکت بێ .وەلێ ئەگەر تۆ نایسێنێ، بە تەڵاقم من ئەیسێنم .دیارە ئەوەڵ ماشینتە .
ئاخ ئەگەر ئەتزانێ چ ماشێنێکە؟ !بە شەرەفم نەیسێنی، ئەیسێن(ماشین سەندن لاپەرەی ١٨)
- یا خوا بەخێر بیتەوە .چاو و دڵم ڕۆشنەو بوو!
- ماڵێ دادە ئاڵتوونیش ئاوان بێ، دایمە ها بە شوێن سووسە قسەیێ،ماڵە و ماڵ بیگەڕێنێ. (نامە و سەردان لاپەڕەی ١٠ و..)
- برۆ گەماڵ باوک، ئەوە ئێژم عەیبە، یەکێ نەتناسێ وائەزانێ سنجەرخانی .قورئان بە حەق و مەعنات لە زەماوەن مەحمووی برازام، بیس و یەک سوار لە خێڵ خەزوورانیم داخست .ئیسە تۆ بویتە بە کورێکۆ هەرشەم لێ ئەکەی؟ (سپادانش لاپەرەی ٣٥٦)
- ڕێگە ڕۆیینت زۆر جوانە .خۆ گوناح نییە جارنەجارێ سەرێ بەرزەوکەیت! (نامەی پرتووکاو لاپەرەی ٢٧٩)
- تەمەنم منداڵ بوو .گرفتێکی چکۆلەم بوو، جاربەجارێک ژمارەی دوو و پێنجم لێ تێک ئەچوو .ئاخر بێژە کابرای خارجی، مەجبوور بووی دوو ڕەقەم لە یەک شێوە دانێی؟!( سەعاتەکەم ـ ١٩١)
- حاجی ژن ڕەحمێ کەمێ گریا و پاش چەند جار وتنی» ئای دەستی شکاوم« ، دەستی خستە سەر شان کا نەبی و وتی:
- ڕۆڵە، هیچ لەگەڵ کاری خوا ناکرێ .بۆچی من چەن ساڵ بۆ سالارم گریام، جگە لەوە چاوەکانم نا بانی، چیم دەسکەوت؟ قەزات لە میمکت، خەڵک بۆ لای تۆ تێن .تۆ کوڕ کێت پێ ئێژن .هەر ئیسە سەردانێکی کەیوان و ڕەفیق بکە با فریای چێشت و نانەکە بکەون.( سەرەخۆرە ـ ١٨٧)
وە .....لە زۆر شوێنیتر
بەڵام شتێک کە بەردەوام لە زۆربەی نووسراوەکان دا دووپات بۆتەوە، باری دەروونی ئەو کەسانەیە کە دەوری چیرۆکەکە دەگێڕن:
نووسەر بار ودۆخی ئەو زەمانەی تێیدا دەژین و وەزع و حاڵی خەڵکەکە و ڕەفتار و هەڵسووکەوتی ئەندامانی بنەماڵە، ویکڕا دەخاتە ڕوو:
دوای نان و چایی، کاوان ساکی هەڵگرت .دەستی باوکی ماچ کرد. باوکی باوشی پیدا کرد و باوک و فەرزەندی چەند جار یەکتریان ماچ کرد .کچەکان دانە دانە دەستیان کردە ملی .دایکی وەک برامردوو بانگی هەڵدا .زۆرە زۆر ئەگریا .باوشی پیداکرد و هەمیسان کەوتەوە ما چکردنی ( سەربازی ـ ١٨٢)
- کوڕەزا و کچەزا زۆر بوون .دانەیەک ئەهات، دووان ئەچوو .کاری بووە میوان ڕێخستن .ئێتر سەرشلۆغی و لێدان مناڵەکانی با بمێێت!

بەئاواتەوە بوو، شەوی بتوانی بە ڕاحەتی لای شوو و منالّیا سەر بنێتەوە. لە گشتی ناخۆشتر، خەسووی تا دەمی گەرم ئەبوو، تاریف بووک و زاواکانی ئەکرد و باس باسی کچەکانی بوو .یەک ڕا کەلیمەیەک باسی مەینەت و داماوی ئەمی نەکرد .هێوەر و دش گشتیان بوون بە خاوەنماڵ و گوزەرانی خویان.( ژیانی سەرماڵی ـ ١٨٠)

ـ پیرەژنی داماو، دڵ ناڕازی، گۆشتی بە ناو خەڵکی ئاواییدا بەخشییەوە.ئێوارە، کوڕە چوو بۆ مزگەوت .دوای نوێژ، تەمایەری خوڵکی خەڵکی بوو. کەچی کەس نەیوت کەرت بەچەن .ڕووی نەبوو بچێتەوە بۆ ماڵ .بۆیە کراسەکەی لە چوار پێنج لاوە دڕاند و خوڵکی گەرمی خەڵکی کردە بیانوو و وتی: ـ ئەونە نەویان لە کراسەکەم، لەداخا قەوڵم بە کەسیان نەدا! (تەنیا کوڕ ـ ١١٣)

ـ جێگە ڕاخرا .من و کابرای میوان و باوکم لە دیوەخان خەوتین .ناو ژوورەکە کەمێک ڕۆشن بوو .دەموچاو کابرا دیار بوو .خەو دڵمی گرت و نەیگرت، هات بە زەیندما: ـ ئەم کابرا نەمرێت؟ بە خوا بمرێت زیرە ئەکەم!
بە پشتا خەوتبوو .پرخەی لووتی هات .دڵم خۆش بوو .زانیم نەمردووە. (میوان ـ ٢٧١)

ـ کا مسەفا لە هەر مەجلیسێکدا دادەنیشت، هەموو بۆی ئەبوونە دڵسۆز و خەمخۆری .یەک ناونیشانی بیمارستان و مەحکەمەی پێ ئەدا .یەک حەواڵەی لای شێخ و سەیدی گەورەی ئەکرد .یەک دەوا و دەرمانی کوردی بۆ هەڵدەڕشت و یەکی تر ژنی بۆ دەخواست .تەنانەت دوێن ێشەو میوانی و دانیشتنیان لێکردە زەرەمار !کەچی دار و بەرد هاتبێتە قسە، ئەم یەک کەلیمەش جوابی نەداوە. (خوا کوڕتان پێ بات ـ ٥٢)

لە کۆتایی دا، هەرچەند ئەو کتێبە زۆر زۆر لەوانە هەڵدەگرێ کە من لە سەری دەنووسم بەڵام پێشنیار دەکەم کە هەموو ئەو کەسانەی لێرەن بیخوێننەوە و بانگاوازیشی بۆ بکەن تا ئەوانەی لێرە نین بیخوێننەوە. ئەوەش دوو بابەت لە خۆی دەگرێ:
یەکەم یارمەتی دانی نووسەرە کە بتوانێ لە داهاتووش دا بەرهەمی تر بۆ زمان و گەلەکەی بنووسێ و
دووهەم خوێنەری کورد چاوی بە بەرهەم و نووسراوەیەک ڕوون ببێتەوە کە بە لای منەوە کەم وێنەیە!

تێرامان لە کتێبی " جاران" لە نووسینی "سەید نێعمان بەرزگەر"
لە مەریوان ـ ١ ڕەشەمەی ١٤٠٣ ـ لە کۆڕی پەردەلادان لە کتێبی " جاران" خوێندرایەوە

## نەعمان بەرزگەر



نەعمان بەرزگەر، یەکی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی لە گەڕەکی تازاوای دارسەیرانی شاری مەریوان لە دایک بووە. دوای تێپەڕبوونی یەک مانگ لە تەمەنی بە هۆی شەڕی ئێران و ئێراقەوە بنەماڵەی ئاوارە بوون و ڕوویان کردۆتە گوندی تەیناڵ لە ناوچەی سەرشیو مەریوان.
قۆناغی سەرەتایی لە تەیناڵ و لە تەمەنی هەشت ساڵی بۆ فێربوونی خوێندن و نووسینی کوردی، قوتابی مامۆستا سەید محەممەدی باوکی، یەکێ لە گەورەپیاوان و ناودارانی ناوچەی بەرپلەی ساراڵ و جانەوەرە و مەریوان بووە.
قۆناغی مام ناوەندی لە جانەوەرە تێپەڕ کردوە. دواناوەندی لە مەریوان تەواو کردووە و ساڵی ٧٦هەتاوی بە هاوکاری ماموستا عادڵ محەممەدپوور هاتۆتە ناو بواری نووسینەوە.
ساڵی ٧٧لە زانکۆی فەرهەنگیانی سنە وەرگیراوە و بە پێشنیاری مامۆستایانی ئەوێ، نووسینی چیرۆکی هەڵبژاردووە.
پاییزی ٧٩ی هەتاوی کاری مامۆستایی لە بەشی سەرەتایی دەست پێ کردووە و تاکوو ئیسە لە گوندەکانی ئاڵێ هەمەدان، مەیدوڵ، تازاوا و سۆفی بلە، قەتەون، شێخ شەربەتی، چنارە، وێڵە، کۆڵێت، جووجەسازی و بەشێ لە شاری مەریوان، دڵسۆزانە خزمەتی گەلی کردووە و منداڵان بیرەوەری خۆشیان لە مامۆستا و چیرۆکەکانی هەیە. هەموو کات بە وتنی چیرۆک ماندوویی قوتابیەکانی ڕەواندۆتەوە.
لە ساڵی ٨٠ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە. دوو کوڕی هەیە. تا تەمەن دە ساڵیان هەموو شەوێ لە کاتی خەوتن بۆ منداڵەکانی چیرۆکی باس کردووە. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەو چیرۆکانەی بۆ منداڵەکانی خۆی و قوتابییەکانی پێشکەش کردووە ئەوەیە هیچیان پێشتر ئامادە نەکراون. بەڵکوو زۆرتر چیرۆکی داواکراو بوون. بۆ نموونە منداڵی داوای کردووە پێم خۆشە پشیلە و گورگ و مەیموون ئەکتەری چیرۆکی ئەم جارە بن! ئەویش دەسبەجێ ئامادەی کردووە!
چیرۆکی لە حەفتە نامەی "داهاتوو"چاپ کراوە. لەگەڵ گۆڤاری "خوێندکار" کاری کردووە. زۆرێ کەناڵ تلگرامی و پەیجی ئێنستا و فەیسبووک، لە نووسینەکانی کەڵکیان وەر گرتووە.




تا ئیسە زیاتر لە ٦٠٠چیرۆک و بەسەرهاتی نووسیوە. کتێبی " جاران" ١٣٢چیرۆکە و بە سەرنجیاری مامۆستا سمایل عەزمەی و هاوکاری بڵاوگەی هەژان چاپ کراوە و بەرهەمی دووهەم کە تایبەت بە منداڵانە، بە زوویی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی ئەکرێت.
ئەوەی وەکوو چیرۆک ئەینووسێت، یان بیرەوەری منداڵی یان بەرهەمی خەیاڵ و مێشکی خۆیە. لەوانەیە دەستپێکی چیرۆکی وەکوو ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانە بێت کە لە دایەگەورە و باوەگەورەکانمان بیستبێت، بەڵام کاتێ لە خوێندنەوەی بەردەوام ئەبیت، ئەزانی دیسان درووستکراوی بیری خۆیە.

**ناسنامەی کتێبی " جاران"**
تیراژ: ٥٠٠ ـ لاپەرە : ٣٥٨ ـ نرخ: ٣٠٠ ـ بڵاوگەی: هەژان . سەقز



گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

## ئەڕا ٢١ژانویە، رووژ جەهانی باوش

ئیلام. رودوس فەیلی (مصطفی بیگی)

سەردم بییە تەنیام، ئەڵس بگرەمە باوش
تەنیام وە بێکەس هەمەکەس! بگرەمە باوش
ئی سای خەسە جام شەراو خەسێ خوازێ
ئمشەو پڕ خاوێ خەس خەس بگرەمە باوش
دەس حەڵقە بکە دەور خومە و تێر بنووڕەم
تا سوو پڕ چاوێ، پڕ دەس بگرەمە باوش
هێمان قەفەسێگم؛ پڕێ هەست پەڕ پەرواز
هێمان پەڕەوازەم دە قەفەس؛ بگرەمە باوش
زانی هەوەس باوش خوەت کردمە، گەنجوور
بووباوشتم هەر لە هەوەس؛ بگرەمە باوش
سەرگەردە دەم و لێو تو؛ لێوان تو گەردم
ساقی لە سەرا سەرمەس و مەس ؛ بگرەمە باوش
سەرسەردە سزەی عشق بەرانی، ئەرێ هانای
ئەی عشق هەقانی، تو برەس؛ بگرەمە باوش
گەنیامە دە ئی سۆک مەنیساوە؛ بیاوە
رچیامە وە بێ کەس هەمەکەس بگرەمە باوش

## رخس شێعر

ئیلام. رودوس فەیلی (مصطفی بیگی)

هەی ئەڵپەڕم و ئەوج د ئەوهام گرموە
رەخسم دِ کەشتِ ژ لەشتِ ئلهام گرموە

شاعر دڤم و مەس دڤم ژ رەخس خوەت و بای
ڤەر شێعرێ تر ژ پرچِ رەشتِ واو گرموە

خوەت جام دمای جام دمای جام دیاری
خوەم جام دمای جام دمای جام گرموە

تەش نەێ دِ دڵ و کەڵکەڵە نەی، هەێ دِ کڵ خوەم
ئارام دڤیت و د تو ئارام گرموە

بەهرِ مِ ئەگەر کەفتن ژ ئی بوونەسە دوسم
ئەر باڵەڤڕی گرتنە ژ بام گرموە

بەردێ شەنم و پەنجەرەکە ڤاز نەکردی
باڵِ چەوێ ئەڵگر ک مِ پەیغام گرموە

دنیای خوەمی، شێعرِ خوەمی، عشقِ خوەمی، خوەت
ڤەی عشقە؛ ڤِ ئی شێعرە، مِ دنیام، گرموە
شێعر ڤ بنزار کوردی پەهڵە (کوردەلی) لاخوار
ئیلام ئەڵڤەسریایە



ئیلام. رودوس فەیلی (مصطفی بیگی)

خسێ تەش ئڵ کڵم، ئاگر ڤ گیونم
agir vi guyuim ,imľki ľxisê teş i
ڤەرێکەم گەرد خوەێ، تا کوو؟ چ زوونم
ta kû nêzûnim ,verêkem gerg i xwey
م دئیلا هامە ناو خوەم، عشق دئوولاو
işq diûlaw ,mi diîlaw ham di naw xwem
کرێ هاوار ژ مەزگ سخۆنم
kirê hawar ij mezg i sixunim

ترجمه
شعله‌ای در درون من می‌نهد و آتشی اندر جان من نیز
مرا با خود تا کجا خواهد برد؟ چه می‌دانم
من در این سوی کز کرده‌ام در خود، اما عشق در آن سوی همیشه هی
داره فریاد می‌کند از مغز استخوان من

- ٢ -
یەکێ دڵ دەێ یەکێ تر دڵ هەنارێ
henarê íyekê tirdi ,deê íyekê di
یەکێ ڤەر عشقێ تر ها دڵ دەرارێ
derarê íê tir ha dişyekê ver e
ڤەلنتاین یەت، دڵم تاسەێ تو دیرێ
im tasey to dîrêídi ,yet velintayn
یە، ها ژ ئاسموون هەێ عشق ڤارێ
q varêşha ij asimûn hey e ,ye
رودوس فەیلی (مصطفی بیگی)
(mistefa beygî) rûdûs feylî

شێعرێ ڤ بنزار کوردی پەهڵەیی (کوردەلی) ئێل کورد پەهڵەێ ئیلام
ey îlamíi kurd i peh íê (kurdelî) eyîîpeh írê vi binzar i kurd'şê

## واهۆ مەسیح

ئیلام. رودوس فەیلی (مصطفی بیگی)

مەسیح گیان
یەحیا نییەسەێ ئوو وە جاتیی غوسل تەعمید
غوسڵ مەبیت دان
وە زاڕووەێلە دان
دە شوون کەلاوەێلەێ کلیساگە دمیسک و نماز مەبیت دخوەنستن دە مزگەوت ئومەوی
بونیادخوازەێلەگە
مەسیح گیان
نووح نییەسەێ ئوو دە جالیی دارە زەیتوونەێلە، بەعسییەێلە دارێ چکانن ئەڕا ئێعدام
مەسیح گیان
مەریەم نییەسەێ ئوو وە جیی
ناقووس کلیسا، زەنگ مەسیحییەێلە زڕنن
دە سەیدنایا
تەکفیرییەێلە
مەسیح گیان
گیانەگەم
واهۆ، یە هایتە کوو؟

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا



# تاسەی دیدار ماموستا گوران

ئیلام. رودوس فەیلی (مصطفی بیگی)

شەفەق نیوز ـ شێعری لە ماموستا گوران، باوگ شێعر نوو کوردی، ئەڕا کورد فەیلی.
دە بارەیٚ ئی شێعرە وتنە ک تیم تووپانیٚ لە بەغدا هاتگە ئەڕا وازی وەرد تیم تووپان سلێمانییە، دە نام ئەو تیم عراقییە بڕیٚ لە کوردەێل فەیلی وازیکار بینە ک ماموستا گوران ( ١٩٦٢ ـ ١٩٠٤) ئەڕا یەکمجـار ئەوانە دبینیٚ و دزانیٚ ک دە لا رووژهەڵات دەجلەیش کورد فەیلی دژییٚ، خوێنیٚ وە قوڵ دیایگە و ئی شێعر دنیشـیٚ دە بان زوانیٚ ک دە کتاو کوو بەرهەمەێلەیٚ ماموستا گوران وە نام (تاسەی دیدار)یش هاتگە.
وەر ژە ئی شێعرە وەێجوورە نووسانگە: بە زمان دایکی کوردستانەوە بۆ برا فەیلییەکان

بەرهەمی: گۆران (١٩٠٤ ـ ١٩٦٢)

## لە کتێبی: لە کۆڕی خەباتا

ڕۆڵەی دووری ئاوارەبووم
کەللەی پڕ بوو لە ئارەزووم
سەودای سەری، تاسەی دڵی
خۆزگە و ئاواتی بەکوڵی
هەر ئەوە بوو: کە باڵ بگریٚ
وەک مەل، تا باوەشم بفڕیٚ!
دەم بنێتە دەمی کانیم،
دەست بکاتە ملی لووتکەم،
گوێچکە شل کا بۆ گۆرانیم،
بۆم پێکەنیٚ وەک خورەی چەم!
بەڵام ساڵان،
ساڵانی زوو،
کوندەبەبوو
کوندەبەبووی شووم ئەیقڕان:
قەدەغە بوو لە منداڵان
بۆ گۆی مەمک بەرن دەمیان،
قەدەغە بوو دەستی دایک
بنێتە دەم ساوا مەمک!
سەردەمێک بوو،
کوندەبەبوو،
قەل ئەیقڕان،
گورگ ئەیلووران،
پڵنگی دوو پێی دارستان
شارستانیەتیی ئەلەرزان!
ڕۆژ تاریک بوو، ڕێگا ترس بوو،
«جووڵە» پەلپی هەزار پرس بوو...
ڕۆڵەی دووری دەشت نشینم
ئەبوو، هەرگیز، تێر نەبینم!
ڕۆڵەم لەگەڵ ڕۆڵەی دیجلە،
لەگەڵ ڕۆڵەی دیجلە و فورات:
لە خوێناوا ئەیکرد مەلە،
بە خوێنی جەرگ ئەیکرد قنیات!

ڕۆڵەم دیل بوو،
دیل زەلیل بوو،
ڕۆژی شەو بوو،
شەو بێ خەو بوو،
پۆلیس وا بە سەریا زاڵ بوو
وەک کۆتر نێچیری داڵ بوو!
سەرەڕای هاودەردیی دیجلە،
ترس هەبوو، شەق و زللە،
وشەی کوردیی سەر زمانی
باتە قەڵەم بە تاوانی!
بەڵام ڕۆڵەی من و فورات
ڕۆژی پیرۆزیان لیٚ هەڵهات،
چواردەی تەمووز پچڕی زنجیر:
لەسەر مل لاچوو دەمی شیر،
پرشنگی ڕۆژی ئازادی
وێرانەی پڕ کرد لە شادی،
بای فێنکی زەردەخەنە
بەسەر کوڵما کەوتە شنە،
چاو وەکوو گوڵ مەستی ڕەنگ بوو
زمان بەستەی خەستی دەنگ بوو،
کوڕ کۆشی دایکی کەوتە بیر،
دایک مەمکی پڕ بوو لە شیر...
ئەوا، ئێستا: خوشک و برا،
برا و برا،
لە یەکتری بوون ئاشکرا
هەر دەستە، هەر دەستە گوشرا،
تینوو، تینووا لە مل کرا...
هەر ڕۆڵەی دوور کوردستانە
لە کۆشی دایکا میوانە!



# داب و نەریتەکانی نەورۆز لە ناوچەی "لەیلاخ" لە ساڵەکانی ٤٠ و ٥٠ هەتاویدا

دیۆلان : ڕەنجبەر

هاوڕێیان وەرن لە گەڵم کەون بادەینەوە بۆ ساڵەکانی چل و پەنجای هەتاوی و، ڕوو بکەینە بان لەیلاخی سنە و بچینە یەکێ لە ئاوایەکانی ئەو مەڵبەندە بە پیت و بەرەکەتە، بە ناوی ئاوایی " دەڵگ " لە پێدەشتی لەیلاخ و لە بناری دووئاوانێ "چەم جووگجۆوو" ( هەواجوو آسیاوجوو، قازیجوو و سوورەجوو ) و چەم "تەرواڵ"*،

خەڵکی ئاوایی دەلگ و ناوچەی لەیلاخ، بۆ هاتنی نەورۆز و جێژنی سەری ساڵ و بەهار و کۆتایی شەختە و زریان و سۆزی سەرما و بێدەرەتانیی و خانەتەنگانی و نەبوونی ڕێگە و بان بۆ دەست پێڕاگەیشتن ناوەندەکانی تەندرستی لە شار و بۆ وەدەس خستنی پێداویستییەکانی ژیان لە وەرزی زستان، بە هەستێکی گەرم و گوڕەوە بوونەکانی ئەم جێژنە دێرینەی باب و باپیرانیان بە جۆش و تینەوە بەڕێوە دەبرد.

ئەو ساڵانە بەفرێکی زۆر دەباری و گشت ڕێگای هاتوچووی گوندەکان دادەخران، کەشوهەواش لە ڕادەبەدەر سارد بوو، بە جۆرێک کە هەموو شوێنێک ئەیبەست و دەبووە بەستەڵەک، بەفریش تەنگی بە ماڵان هەڵدەچنی و ڕنۆی بەفر بەردەرگای گاڵە دەدا، ڕێبوارانێکی زۆر لە بەفر و کڕیوەدا مانەوە و سەریان لێشواو و ڕەقهەڵاتن و لاشەی بێگیانیان دوای نەورۆز و بگرە دوارۆژەکانی خاکە لێوە لە ژێر ڕنوە بەفر وەدەر دەکەوتن، کەشوهەوای ئەم مەڵبەندە کە پێش هاتنی تورکانی سەلجوقی بە ئەسپەندئاوا، بە مانای مەڵبەند و ناوچەی پڕ خێر و بێر، دەناسرا، لە بەر بەفری زۆر و کەشوهەوای زۆر زۆر سار و ورە بەزێن، تورکانی داگیرکەری سەلجوقی ناوەکەیان گۆڕی بۆ لەیلاخ "ییلاق " واتا مەڵبەندی سارد و ڕچمان لە بەرانبەر قشلاخ " قشلاق" لە چەم شاری سنە کە ئەوێ کەشوهەوا هێور بوو.

با بینەوە سەر باسەکەمان، هەر لە بەر کەشوهەوای زۆر سارد و ڕچمان و بێدەرەتانی و خانەتەنگی و بێتفاقی، خەڵک بە هیوای دوایی هاتنی ئەو شەختەو زریانە سەختەی زستاناندا، وەرزی زستانیان دەکردە دوو بەشی بەرانبەرەوە، واتا چل و پێنج یەکەم و چل و پێنجی دووەم، کە چل و پێنجی دووەم لە پازدەی ڕێبەندان هەتا کۆتایی مانگی ڕەشەمە بوو، کە زستان دەگەیشتە چل و پێنجی نیوەی دووەم، ئیدە بەرە بەرە خەڵک ڕوویان لە دڵخۆشی دەکرد کە لێرە بەولاوە، کەشوهەوا ڕوو لە خۆشی دەکا و سۆزی سەرما دەشکێ، هەر لە سەر ئەو دڵخۆشیی و هیوایە چیرۆک و هەڵبەستی وایان دەهۆنی، کە گوایا ئیدی سۆز و سەرما لە کۆڵیان دەبێتەوە و شەوی تاریکستانی دڵتەنگی و خانەتەنگی ملی دەشکێ و شەماڵ دەشنێ و بەفران دەتوێنەوە و دەبێتە نەورۆز و بەهارێکی تریش ڕوو لە مڵبەندەکەیان دەکا و لە خەم دەرسکن.

یەک لەو چیرۆکانە، کە داپیرەکان بۆ نەوەکانیان ئەگێراوە، چیرۆکی" کوڕی سەیاو " بوو،

کوڕی سەیاوی چیرۆکەکە، یەک لەو کوڕە ئازا و دڵێر و بوێرانە بۆ کە شەوی چل و پێنجی زستان دەچوە بناری کێوێک و بەردی لە نێسارەوە دەبردە خۆرەتاو و، بەردی خۆرەتاویشی ئەهێنایە نێسار، بە مەبەستی بەزاندنی شەختە و زریان، جا ئەگەر بیتوانیبا ئەو شەوە لە بەر سەرما هەتا خۆرکەوتن بەردەوام بێت، ئەوە خەڵکی زۆر دڵخۆش دەکرد، چۆن مانای وابوو کە بەری ساڵ باش دەبێت و بەهار زوو دێت و زستان هەڵدێت، ئەگەریش خۆی ڕانەگرتبایت و بەرلە خۆر کەوتن بگەڕایتەوە، خەڵک دڵگران و خەمبار دەبوون، چۆن ئەوە وا پێشبینی دەکرا کە زستان دەکەوێتە دوا و باروودۆخی ژیانی خەڵک زەختی زیاتری ئەکەوێتە سەر و ئازووخە و خۆراک و تفاق نامێنێت و ئاژەڵەکان لە برسان دەمرن و بگرە خەڵکیش کەونە نێو قەیرانی قڕ بوون.

هەر وەها شەوی چل و پێنج سەوتەیەک ئاڵیکیان دەنایە بەر سایەقەکەوە، بۆ بەیانییەکەی ئەگەر ئاڵسکە بنیشتایەتە سەری، ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە چل و پێنجی دوایی زستان کەش و هەوا هەمدیسان سارد دەبێت و دەبوا دەست بگرن بە تفاقەوە بۆ ئەوە لە ئەگری درێژە کێشان سارد و سەرمادا لێیان نەقەومێت،خۆ ئەگەریش ئاڵسکەیەک لە ئارادا نەبوایێ، دڵخۆش دەبوون و ئەوە نیشانەی باش بوونی بەری ساڵ بوو،

هەر لەو سونگەوە، هەڵبەستێکیشیان هەبوو ئەیوت :

ئەگەر خۆش کەروو قرخ بێش / دەستت بنە وەبان هێش
ئەگەر خۆش نەکەروو قرخ بێش / ئەوە سەگ لە سەر لێش.

واتا ئەگەر چل و پێنجی زستان کەش و هەوا خۆش بوو ئیتر ئامادە بە بۆ چوونە جووت و کشت و کاڵ، ئەگەریش کەشوهەوا باش نەبوو، ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات لە بەر تەواو بوونی ئاڵف بە هۆی درێژەکێشان و دواکەوتنی زستان، قڕیان دێت و دەبنە خۆراکی سەگ و دڕندەکان.

بەڵام خەڵکی ئێمە لە هیچ هەلومەرجێکدا دۆشدانەماون، بۆیە تاقیکاریی شەوی چل و پێنج مزگێنی کەشوهەوای نیوەی دووەمی زستانی باش نیشان بدایەت یان خراپ، بە هیوا هاتنی نەورۆز و بەهار، وردە وردە ئەکەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ پێشوازیی لە نەورۆز و بە ڕێوەبردنی داب و نەریتەکانی.

هەر لە یەکەم شەوی ڕەشەمەوە هەموو ئێوارانێک دوای کارو باری پێڕاگەیشتنی ئاژەڵەکانیان، هەرکەسەو بە هێلکەییەکەوە دەچوونە گەمەگەیەک بۆ یاریی کێبەرکێی هێلکە شکێنی، کە وەک سەرەتا و دەسپێک و بە پێرچوونەوەی نەورۆز بوو، ئەو کێبەرکێیە هەتا کۆتایی مانگی ڕەشەمە بەردەوام دەبوو.

لە ڕۆژانی نزیک بە نەورۆز ئافرەتان وەخۆ ئەکەوتن بۆ خاوێنکردنەوەی نێو ماڵ و سپیکردنەوەی دیوارەکانی، ئینجا نوورە ئەهاتە بانگهێشکردنەوەی ئەو بووکانەی کە لەو ساڵەدا چووبوونە ماڵی بەخت بۆ ئەوە لە ڕۆژانی جێژن لە ماڵە باوانیدا بێ.

هەر وەها ماڵی خەزوورانی کچی دەزگیراندار بە ڕازاندنەوەی مەجومعەیەک دیاری لە قوماشی ڕنگاوڕەنگ، زێڕ و نوقل و شیرینی دەچونە جێژنەپیرۆزەی دەزگیرانی کۆڕەکەیانەوە.

بۆ دواین پێنجشەمە لە سەر هەینی ساڵ خەڵکی ئاوایی بە ئامادەکردنی ناوساجی و برساق، کە دەسپێردرا بە دوو کەس لە پیاوەکانی دێ، دەچوونە سەر دانی گۆڕستانی مردووان و دوای دواعا و نزا بۆ کەسوکاری کۆچکردوویان و سەرەخۆشی کردن لە کەسوکاری تازە کۆچکردووان، ناوساجییەکان بە نسبەت بەرانبەر لە نێوان گشت ئامادەبوواندا دابەش دەکرا و دوا ئەوە هەرکەسەو ملی ڕێگەی ماڵی خۆی دەگرتە بەر .

دوای ئەو مەراسمە نۆرە دەهاتە سەر دیاری هەناردن بۆ منداڵانی هاوساماڵ و قەوم و خوێش و ئەویش بریتی بوو لە هێلکەی ڕەنگکراو و نوقڵ و دراو و شتی وا وەک جەژنەپیرۆزە و دڵخۆشی و مژدەی کۆتای زستان و هاتنی شەوی جەژنی نەورۆز.

ئێوارە شەوی نەورۆز کابانی ماڵ، بە ئاگردانی گسکەکۆتەرە و جل و بەرگیە شڕەکان لە بەر دەرگای حەوشە ماڵ ئاگری نەورۆزی دەکردەوە، دوا بە دوا ئەوە کورانی دێ بە ئاگردانی کۆکراوەی پووش و دار و سووتەمەنی دیکە و هەپەرکێ وەدربرینی هەستی دڵخۆشی جەژنی نەورۆزیان پیرۆز دەکرد و ڕادەگەیاند.

ئیتر نۆرە ئەگەییە قۆناخێکی تر لە داب و نەریتی نەورۆز کە بریتی بوو لە شاڵ داکێشان، ئەم نەریتە وا بوو کە کورانی لاو هەرکام بە شاڵێکەوە دەچوونە سەر بانی جێران و هاوسێماڵان و لە کلاوەڕۆژنەی ئەو ماڵانەوە بە بێدەنگی و نناسیاوی، شاڵەکەیان ئەکێشا خوارەوە بە مەبەستی وەرگرتنی دیاریی

جەژنی نەورۆز، کابانی ماڵیش بە شیرینی و دراو و گوروێ و شتی وا وەک دیارە جەژنانە دەیخستە نێو شاڵەکەو دەیوت ئەوەش بەشت و جەژنت پیرۆز، خاوەن شاڵیش بە دڵخۆشییەوە شاڵی دیاری نەورۆز هەڵدەکێشا...

شەوی نەورۆز یەک لەو شەوانەیە کە خەڵکی سەرە ڕای کەموکۆڕییەکانی بژیوی ژیان و ناڵەباری باری ژیان و دەستەنگی و هەژاری و نەداری، پڕ بەدڵ پێی دڵخۆش بوو وەک دەڵێن : " شەو بە شەوقی سپێدەیە کەس خەوی لێناکەوێ " شەوی نەورۆز مژدەبەخشی کۆتایی شەختە و زریان و تەنگو چەڵەمەکانی ژیان و کردنەوەی دەرگای فەرحانەتی و ڕزگاری خەڵکی لادییەکان بوو ئیتر ئەوە بوو شەوی نەورۆز گوند نشینەکان هەردەبوو شاگەشە بن و لە خۆشیاندا خەو لە چاوانیان زڕابێت.

بۆ بەیانییەکەی، واتا یەکەم ڕۆژی سەڵی تازە و ڕۆژی جەژنی نەورۆز، کابانی ماڵ بە لێنانی شیربرنج کە چێشتیتایبەتی بەیانی جەژنی زۆربەی خەلک بوو وەک نەریتێکی کۆن، ئامادە ئەکرا و خەیزانی ماڵ بانگ دەکران بۆ جێژنە پیرۆزە لە یەکتر و دەسلاملان و گردن ئازایی خواستن لە ئەگری هەر جۆرە دڵئێشانێکی ساڵی کۆن وئارەزووی خێر و خۆشی بۆ یەکتر لە ساڵی نویدا،

ئینجا خەلە بە تاک و بە کۆمەڵ دە جوونە جێژنە پیرۆزەی قەو و خوێش و هاوسێماڵەکانیان بۆ جەژنە موارەکی گردن ئازایی لە یەکتر، بەتایبەت دە چوونە سەردانی ئەو بنەماڵانەی لە ساڵی ڕابردوودا یەکێ لە ئەندامەکانی خێزانیان کۆچی دوایی کردبوو بۆ دوایین سەرخۆشی و هەم بۆ هاوخەمیی و دڵدانەوە و لە بیرکردنی خەم و کەسەر و تازییە بارییان.

ئیتر نۆرە دەهاتە سەر سەردانی زم و کەسوکار و ئاشنا و ڕۆشناکانی شوێنەکانی دیکە بۆ جێژنە پیرۆزە و دیداری سەری ساڵی نوێ و ئەم سەردان و خۆشی و هات و چووانە بەردەوام ئەبوو هەتا سێزدەوەدەر، ڕۆژی سێزدە وەدەر هەر بنەماڵەیەک بە لێنانی چێشتێکی سادە و ساکار و بانگهێشتی خزموکەسان دەچوونە بنار چەم و و ڕووبار و شوێنە گەشت و گوزارەکان و ڕۆژێکی خۆشیان لە گەڵ یەک ڕادەزوارد و بۆ ئێوارە سێزدەوەدەر دوای فڕێدانی سێزدە کوچک بە ئارەزووی دەرکردنی نەحس و شوومییەکان و هەروەها کوڕە سەڵت و جەحێڵاکان و کچە ئازەوەکان بە گرێدانی لاسکی گژ و گیان بە مەبەستی بە دی هاتنی ئاواتی دڵ، کۆتاییان بە ڕێوڕەسم و داب و نەریتی نەورۆز و ساڵی نوێ ئەهات،

منیش هەر لێرەوە و هەرلە ئێستەوە و ئاواتەخوازم ئێوەی بەڕێز و زەحمەتکێشی گۆڤارە ڕازاوەی لە داوێنی ئاربەباوە ساڵێکی خۆش چاوەڕێتان بێت و گشت ئاوات و ئارەزووەکانتان بێنە دی،

هەروەها بە بۆنەی هاتنی جەژنی دێرینی نیشتمانیی نەورۆزی ٢٧٢٤ی کوردی پیرۆزبایییەکی گەرم ئاراستە گەلی خۆشەویستی کوردستان دەکەم و، بە ئاواتی خێر و خۆشیی دڵخوازی خوێنەرانی گۆڤاری لە داوێنی ئاربەباوەم لە ساڵی تازەدا...

* بە داخەوە ئێستە هەردوو چەمەکان، ساڵانێکە وشکە و ئاوایی دەڵگیش بەرەو وێرانی و خەریکە چۆڵ دەبێت.

## درکاندن



پاوە. ئالان ڕەحمانی

منی خستە گێژاوێکەوە. ئەو ڕۆژە بەتەمای هەر شتێک بووم، بێجگە ئەوە! مووڵەتی نەئەدا دەیگوت : هەر ئێستا، هەر ئێستا ئێستا یان هەرگیز.

من دەبا بەهانەیێکم درووست کردبا، نازانم بەڵام شتێک کە منی لەو بارووڕۆخە دەر بهێنایە.من لە ژیانم حەزم لە پیاو نەبوو.نازانم ئەو هەموو ناحەزییەم چۆن درووست ببوو! قسەکانی دایکم لە منداڵی وای لێکردم یان کارەکانی باوکم؟!

بەڵام ئەو چەنجار پێمی گوتبوو:« من پیاو نیم، هەوریکم لە پانتۆڵدا»

بە ڕاستیش پیاو نەبوو! دلۆڤان بوو، هونەرمەند بوو، یارمەتی خەڵکی ئەدا، دایمە پێدەکەنی، نەشیدەخواردەوەو جار.. جار.. لەگەڵ من جگەرەی دەکێشا.

لەوانە گرینگتر: نەیدەڕەنجاندم!.

ئاخر من هەرچی پیاوم دیبوو پێچەوانەی ئەم بوون، بۆیە لە چاومدا پیاو نەبوو. نازانم! یان زۆر پیاو بوو یان پیاو نەبوو. دوای ماوەیە گەیشتم بەو قسەیە کە ڕەنگە ئەو کەسەی وا پەرتووکەکان باسی دەکەن ئەم بێ!.

زۆری پێنەچوو گەیشتم بەو قەناعەتەی کە تەنیا پیاوی ئەم شارە ئەوە. مرۆڤێکی سەیرە، ئاخر هەندێجار قسەی وای دەکرد کە لێی تێنەدەگەیشتم.

جارێکیان گوتی: من حەزم لە مرۆڤ نییە،تۆشم لەبەر ئەوەی خۆش ئەوێ کە مرۆڤ نیت!» تا ئێستاش کەس نەیتوانی ئاوا هەم بەرزم کات و هەم نزم! بەڵام ئەمانە کەی بوونە بەهانە، ئەمانەم بگوتا پێم دەکەنی.

زانیم،ڕۆژ! ئاخر بۆ دەبێ من لە ڕۆژی هەینی دان بەوە دانێم؟ بۆ شەممە نا؟ یەکشەممە؟ من هەمیشە حەزم دەکرد سێشەممە ئەوە ڕوو بدا بۆم!

- ئازیزم ئێستا یان هەرگیز!

- باشە بۆ هاوین؟من حەزم لە زستانە. هەمیشە گوتوومە هاوین گەر خۆش بێا ناوی هاوین نەدەبوو.

بۆ دەبێ لەم وەرزە ڕووبدا سێ وەرزی دیکەمان هەن،

نابێ کەوێتە وەرزێکی دیکە؟

- ئێستا یان هەرگیز

- دەی با کاتێتر؟کاتژمێر یەکی نیوەڕۆش بووبە کات؟

با هەندێتر؟

- ئازیزم یان ئێستا یان هەرگیز

من نەمدەتوانی بەهانە لە خۆی بگرم.هەرچەن دەمزانی شێتی منەو بەجێم ناهێڵێ بەڵام ئەو ترسەش لە دڵمدابوو نەکا لەدەستی بدەم.

کەواتە، بەهانەم لە داروبەردی ئەم زەوییەی خوا گرت، دانە.. دانە.. ئەویش هەرهەمووی بەتاڵ کرد:

دانە.. دانە.. هەستم کرد وەک چەن سەربازی جەنگم کە لەشکرێ ئابڵۆقەی دابێ! لە لاوازترین و بێداکۆکی ترین جۆری خۆم بووم و ئەویش لەشکرێک بوو: ئامادەو بەهێز!

دانم پێدانا! منیش خۆشم ئەوێ منیش عاشقتم..

بەوجۆرە منی بێهێز و دفاع، چەکی بەرخۆدان لە خۆشەویستیم داناو ئەویش زۆر پیاوانەو جوان و نەجیبانە.. دڵمی داگیر کرد،هەرچەن خۆشم حەزم دەکرد! ویستم بگریم. بەڵام ئەو لەگەڵ خۆی نە هێزی هێناو نە چەک، لەگەڵ خۆی هێوری و خۆشەویستی و هێنا...



# چەند بەسەرهات و قسەی خۆش

بانە. ئامینە عەزیزی"سروور"

قاچاخچییەک ئێسترەکەی بردبوو بۆ کاروان. بۆ حەسانەوە، باری خست. تا هات ئێسترەکەی بارکاتەوە، دی ئێستر نەماوە و لێیان دزیوە! نەیکردە نامەردی ملی ئێستری کابرایەکی سلێمانی گرت و باری لێنا... کابرای سلێمانی هات بۆ لای و گوتی: کاکە! ئەم ئێسترە! ئێستری منە!... قسەیەک لەم و دوو قسە لەو، خەڵک هەموو کۆبوونەوە! کابرای سلێمانی گوتی: کاکی من ئێستری تۆ نێر بوو یان مێ؟!... کابرای قاچاخچی خۆی لێڵ نەکرد و گوتی: نێر... کابرای سلێمانی گوتی: جا خۆ ئەم ئێسترە مێیە!! کابرا گوتی: بەڵێ ئێسترەکەی منیش نێرێکی تەواو نەبوو! ئەمەش مێیەکی تەواو نییە! کەوابوو ئێستری منە!

✽✽

ژانی دیان وای زۆر بۆ هێنا هەتا چووە لای دیانکێش و گوتی: بم وە سایەقەت، دیانم زۆر ئێشێ، بە چەنێک بۆم دەرتێنی؟ دیانکێش گوتی: باوکم دوو قران بدە و خۆت رزگار کە!

کابرا گوتی: دەی تۆ خودا چکێ کەمتر بێژە... من هەر قرانێکم هەیە.

دیانکێش گوتی: نا ناوێت... کابرا ئارامی نەما گوتی: خاسە برا! بێژم چە، دەری بێرانە! لەجیاتی دیانە ئێشەکە دیانێکی تری نیشاندا و گوتی: ئا... ئامسە... کە دیانی کێشا... کابرا گوتی: بە خوا برا ئەمەسە نەوا! ئا... ئەمەسە. کە قامکم لەسەری داناوە... ئەمجارە دیانکێش ئەو دیانە ئێشەکەیشی بۆ دەرهێنا کابرا دەستی برد و دوو قرانی دا بە دەست دیانکێشەکە و گوتی: تۆ هەرەکت بوو بۆ دیانێک دوو قرانم لێ بسێنی! وا ئەزانی پووڵ بەسلاضە؟! ئاوا باوکت ئەهێرمە بەرچاوت... دوو ددانم پێ دەرهاوردی وە دوو قران.... هەر دیانێک کەوتە قرانێک!! ئیتر جارێکی تر نەیژی کوردە هیچ نازانێ... ئاوا دەردت پێ ئەدەم و دەستی تەر تێنم وە قنتا!

✽✽

پیاوێک هەرەکیەتی بچێ بۆ سەیری زەماوەن! روو لە ژنەکەی دەکات و ئەڵێ: ئەوا من دەڕۆم، نەچی بۆ سەیران و درگاکە جێ بهێڵی!! هەر کە کابرا لە درگا دەرچوو، ژنەش دوای مێردەکەی کەوت و درگای لە کۆڵ گرت!!!

پیاوەکە چاوی بە ژنەکەی کەوت، لێی چووە پێشەوە و گوتی: ژنە بۆچی هاتی؟ نەمگوت: پێت لە ماڵ نەیەتە دەر؟

ژنەکە گوتی: خەم مەخۆ درگاکەم هێناوە!!!

✽✽

ژنێک رۆژی هەینی بە مێردەکەی ئەڵێت: کابرا تۆ خودا پیاوی دەستە راستی مەلا مێوان کە!

ژنە لەو لاشەوە بە دۆستەکەی ئەڵێ: لە مزگەوت لە راست مامۆستا بوەستە و نوێژەکەت بخوێنە.

بەڵام ئەو رۆژە دوو غەریبە لە دەست راست مەلاوە نوێژ دەخوێنن!

ژنەش بە هیوای دۆستەکەیەتی، بە ئێشتیا تەرەکەباب ساز دەکات. هەر کە چاوی بەو دوو پیاوە دەکەوێ تەگبیر دەکات، کە بچێ شووڵکەدارێک بێنێت و لای ژووروی ماڵەکە داینێ. میوانەکان ئەڵێن: تۆ خودا پێمان بڵێ ئەو شووڵکە تەڕەت بۆ هێناوە؟ ژنە ئەڵێت: چ راست و چ درۆ ئەم مێردەی من عادەتی وایە هەرکەس بێت بۆ ماڵی ئەبێ دەستی شووڵکی تەڕ بخوات جا ئیزنی رۆیشتنیان ئەداتێ! میوانەکان بە پەلە خۆیان گورج دەکەن و ئەڵێن: تۆ خودا درگامان بۆ بکەوە با دەرباز بین. میوان دەم لەسەر پشت رادەکەن و چێشت و نانیش بەجێ دەهێڵن. لەملاوە ژنە و دۆستی بە چێشتە دەگەن! درەنگانێک کابراکە دێتەوە و هەواڵی میوانەکان دەپرسی. ژنەکەی دەڵێ: وەڵڵا رۆیشتن.

کابرا گوتی: ئەی نانیان نەخوارد؟

ژنەکەی گوتی: چێشتەکەیشیان لەگەڵ خۆیان برد.

کابراکە بە ئاواتی تۆزێ گۆشتەوە قەراری نەبوو. تیکە نانێکی بە دەستیەوە گرت و دوای پیاوەکان کەوت. هەر رای دەکرد و هاواری دەکردنێ: کورە تۆزێ، هەر تۆزێ بە شی منیش بدەن! میوانەکان لە دوورەوە کە کابرایان دی وایانزانی دێ بۆیان. دوو پێیان بوو کردیان بە چوار و هەڵاتن!!!

✽✽

رۆژێ کابرایەک گۆشت دێنێتەوە و ئەیداتە دەست ژنەکەی و ئەڵێ: تۆخودا ژنە، ئەم گۆشتە بۆ دایکم ببرژێنە. بووکی خراپ لە جیاتی گۆشتەکە بۆق دێنێ و دەیبرژێنێت و دەرخواردی خەسووی ئەدات! چەند ساڵ دوای ئەو رووداوە، هەر ئەو بووکە دەبێتە خەسوو! بەڵام بووکێکی زۆر چاکی دەبێت. تا زەلیل دەکەوێت هەرچی گۆشتی بۆ سوور دەکاتەوە لەبەر دەمی دایدەنێ، گۆشتەکە دەبێ بە گۆشتی بۆق!!! مە جبوور دەبێ بیخوا! و ئەڵێ: ئەمە کردەوەی خۆمە کە دێتەوە رێم! خودایە رازیم بە رەزای تۆ!

✽✽

سێ کوڕ کە دراوسێ ماڵیش دەبن، دەچنە شەڕی ئێران و عێراق. کاتی بەرێکردنیان، باوکی یەکێکیان کە زۆر دەوڵەمەندە ئەڵێ: برۆ کوڕم، خودا ئاگادارت بێت، مەولوودیم لە سەرشان نەزر بێت و گایەک بکەمە قوربانی. باوکی ئەوی دیکەیان ئەڵێت: منیش وا لە رێگای خودا مەرێک ئەکەمە مەولوودی. باوکی کەسی سێهەم فەقیر دەبێت و تەنگدەست و گوتی: لە دارای دونیا هیچ شک نابەم تەنیا ناسکێی ژنم نەبێت، تەڵاقێکی لە رێگای خودا کەوتبێ کە کوڕەکەم بە سلامەت بگەڕێتەوە!!!

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا



## ئامێزی ژن

هۆنەر: هێمن

جاران پەناگای شەوانم
ئامێزی ئاوەڵای ژن بوو
گەرمی و نەرمی ئەو ئامێزە
مایەی حەسانەوەی من بوو

دەردی ژیان، ڕەنجی خەبات
ماندووبوونی ڕۆژی ناخۆش
بەشەو لە ئامێزی ئەودا
هەمووم دەکردن فەرامۆش

نیگای چاوی، بزەی لێوی
برینی دەکردم سارێژ
برینی ئەو دڵەی دوژمن
بەتیر دەیکرد دابێژ دابێژ

نازی، تۆرانی، زیزبوونی
لاواندنەوەی، ئاشت بوونەوەی
هەموو لە جێی خۆی شیرین بوون
زۆر سەختە لە بیرچوونەوەی

بەڵێ سەختە، یەکجار سەختە
دووری لە ژن، نامرادی
بەڵام لە ژن خۆشەویستتر
لە لای من ئەتۆی ئازادی

## Arms of a woman

وەرگێڕانی: سەعید سەلیمی بابامیری



The open arms of a woman,
Used to be my shelter the best,
Her breast being so hot and soft,
At every night put me to rest.

The pain of life, rebel sorrow,
The weariness of a tough day,
In her arms at a restful night,
I forgot them all anyway.

Her lovely looks, smiling lips,
In healing my wounds, they had roles,
The so many wounds of the heart,
That enemies made full of holes.

Her charms, her sulks, being moody,
Caressing her, her making peace,
They were all sweet at the time,
Really hard to forget and cease.

Yes, it is hard and really hard,
Far from women is all boredom,
But lovelier than a woman,
For me is you dear freedom.

Poem by: Hemn
Translated by: Saeed Salami Babamiri



## بە نێو شەودا پیاسەم دەکرد

هۆنەر: شێل سیلڤەستین
وەرگێڕانی: سەعید سەلیمی بابامیری

بە نێو شەودا پیاسەم دەکرد
شوێنی گەرمم بە دی دەکرد
نازەنینێک بەو کۆڵانەدا رادەبرد،
گوتم "گوڵم! گوڵی بەفر لەسەر مژۆڵت نیشتووە!"
بە پێکەنین جوابی داوە : " بەفر نییە...
پەڕی باڵنجە و خوداوەند لە ئاسمان ڕایوەشاندووە."
لێوی بەبزەی لێک کردەوە
تا گوڵە بەفرێکی پەنای بە لێو بگرێ،
دامان لە قاقای پێکەنین
پاشان چاوم بڕیە چاوی و
دیسان هەوا گەرم بۆوە...



## دار



هۆنەر : عبدالله گلابی

کە داربڕێک بۆ داربڕین رووی کردە ناو لێڕەوارێک،
پێش وەی دەس کات بە داربڕین،
رووی پرسیاری کردە دارێک:

"دوائاواتت چییە پێش مردن؟
پێش مردن و لەت لەت کردن؟"

داری ریشە لە خاک خەوتوو
بە هیچ بایەکی نەکەوتوو
گوتی "کاتێ بەڕژنم برا،
جەستەم لە خاکا دابرا،
بمکە بە لانکەی منداڵێک،
لەسەر سینەم بنوێ ساڵێک،
بمکەنە قۆنداغی تفەنگ،
دژی زاڵم بمبەنە جەنگ،
بۆ شەهیدێک با تابووت بم،
دەگەڵ فەخری ژیان جووت بم،
بمکە کاغەز، بمکە لاپەڕ،
بمکە قەڵەم، بمکە سەنگەر،
بەڵێن بدە پاش بڕینم،
پاشی جەرگ دادڕینم،
بمکەیە هەرچی لەم شارە،
تەنیا نەمکەی بە سێدارە!"

## The tree

A woodcutter went into a jungle to cut trees,
Before cutting he addressed a tree, and said "please,
Before death do make some wishes;
Before being cut down into small pieces!"

The tree with deep roots in the ground,
And never been by a wind downed,
Said "when I am cut and downed,
When I am fallen on the ground,
From me build a cradle to rest;
Let a baby sleep on my breast.
From me make butts for guns to rule;
Take me to wars to kill the cruel.
For me make a martyr coffin,
Let me with life honour be in!
From me make paper, make pages,
Pencils, stockades and bridges,
Promise me that after my death;
When in my leafs I have no breath,
From me make everything... agree!
Just don't make a gallows from me!"




Poem by: Abdullah Golabi
Translated by: Saeed Salimi Babamiri

## ئازادی



بانە. فتاح ئەمین زادە

ئێوارەیەکی ساردی پاییز بوو، حەپەحەپی سەگ، لە گەڵ لوورە لووری گورگ تێکەڵ ببوو.
هەستم کرد لەم نزیکانە، مەڕ و بزنی سەر بە شوانی لێیە.
لە دوورەوە، تارمایی ماڵەکانی ئاوایی دیاری ئاکرا.
کە چاوم، ورد کردەوە، دیم گورگێک بە ماتە ماتە، لێم نیزیک ئەبێتەوە.
لە ترسی پەلاماری گورگ، خۆم بە رانەکەدا کرد.
کاکی شوان، بە هەڵسڵەمینەوەی ئاژەڵەکان، هەستی کرد شتێک ڕوویداوە. بەڵام من، خۆم حەشاردا.
شوان ئاژەڵی بەرخۆیدا، بەرەو ئاوایی گەڕاوە.
خاوەن ماڵ ئاژەڵی تاقەت کردن، لەبەر ئاغەڵ هەر چاوی بە من کەوت، دەستی بە سەرمدا هێنا، ماچی کردم، هەر ئەی وت: خوایە لێت بەزیاد بێت.
زستان هات، هەر چەند جێگەم گەرم بوو، لەوەڕ و تفاق زۆر بوو، خوڵقی خاوەن ماڵیش گەرم بوو، چون ئەی ویست دەستەمۆم بکات.
بەڵام من بەم جۆرە ژیانە ڕانەهاتبووم،
هەر بیرم لە دەرباز بوون ئەکردەوە، گەرانەوە بۆ کوێستان و هەڵمژینی هەوای تازە.
هەوا ڕوو لە گەرم بوون بوو. بۆنی بەهار ئەهات.
رۆژێک خاوەن ماڵ، شوانی بانگ کرد، بە بژاردە، ئاژەڵی پێ سپارد وتی: لەم رۆ بە دواوە، بییان بە بۆ ئەو شاخ و کێوە.
لە یەکەم رۆژ دا، لە بن دەوە نێک، خۆم مت کرد، تا شوان دور کەوتەوە.
لا ڕێیەکم گرتە بەر تا گەیشتمە لوتکە، چاوم بە چەند بزنە کێوی کەوت، زوو تێکەڵیان بوم، بۆنیان پێوە کردم، خۆیان تێهەڵسووم، دوای لەوەر خواردن، چۆکم دا لەسەر تەختە سەنگ، من بێدەنگ، ئەوانیش بێدەنگ، فیکەی شووان لە دوورەوە ئەهات، منی بانگ ئەکردەوە بۆ ناو ران، منیش ملم دابوە کاوێژ کردن.



# هەمووکەس هەروا دەڵێن

بۆکان. سەلاح نیساری

## ١

شووتی محلی، قەیسی محلی، ترێی محلی.
ئەوە دەنگی میوە فرۆشەکە بوو.
هەتا من لە درگای حەسارێ هاتمە دەرێ، ئەو بە سێ چەرخەکەوە گەیشتە ئەوسەری کۆڵانەکە. دیسان فووی بە بڵندگۆکەدا کردەوە:
شووتی محلی، قەیسی محلی، ترێی محلی.
وەختێ گەیشتمە لای ماشێنەکەی، سێ ژن دەوریاندا. یەکێ لە ژنەکان گوتی: میرزا کەریم ئەو هەمووەت خوێند بووی بە میوە فرۆش؟
بڵندگۆکەی لە پێش دەمی لابرد و بە پێکەنینەوە گوتی: دانشگای میوە فرۆشیم تەواوکرد و دەست بەکار بووم!
پاکەت نایلۆنم هەڵگرت و گوتم: میرزا کەریم، قەیسیەکە خۆماڵییە یان ترێکە!
لەوکاتەدا شووتی بۆ یەکێ لە ژنەکان دەکێشا، چاوێکی لێکردم و لە وڵامدا گوتی:
قەیسی خۆماڵی و ترێی خۆماڵی چییە؟
شووتییەکەی حیسێب کرد و پووڵەکەی وەرگرت.
گوتی: شووتی محلی، قەیسی محلی، ترێی محلیم پێیە.
لەگەڵ ئەوەی دەنک دەنک قەیسیم دەکردە پاکەتەکەوە، گوتم: باشە بۆ بە زمانەکەی خۆت هاوار ناکەی، بڵێی قەیسی و ترێی خۆماڵی؟ برێک مەحتەل ماو گوتی:
کاکە هەمووکەس هەروا دەڵێن، جابۆ محلی چ ئیشکالی هەیە، شیر فرۆش دەڵێ، شیری محلی، ماست فرۆش دەڵێ ماستی محلی. هەنگوین فرۆش دەڵێ، هەنگوینی محلی. پەنیر فرۆش و کەنگر و گێلاخە فرۆشیش هەروادەڵێن.

## ٢

کاک سامان پەیکان بارەکەی لەبەر دووکانەکەی حاجی حەسەن ڕاگرتبوو، بڵندگۆکەی نابوو بە دەمیەوە، وەک ئەوەی بە زاراوەیەکی بێگانە گۆرانی بڵێ:
هەندیوانەی محلی، خەربوزەی محلی، قەرەلووی محلی، گولابی محلی.....
لەسەر چەند کاغەزی ئەستووریش بە فارسی ناوی میوەکانی نووسی بوو. چووم لە تەنیشتی ڕاوەستام، گوتم: بازاڕت بێ. خێرا پاکەت نایلۆنێکی هەڵگرت و گوتی: لە کامیان تێکەم؟
گوتم: کاکی برا، خەڵکی کرمان و مەشەد و تاران دێن میوەت لێ بکڕن؟!
بەسەر سووڕمانەوە تەماشایەکی کردم.
گوتی: نا. هەرخەڵکی خۆمان لێم دەکڕن.
گوتم: ئەدی بۆچی بە فارسی ناوی میوەکانت نووسیوە و بە کوردیش هاوارناکەی؟
پێکەنی و گوتی: خۆ هەر من نیم، تەماشاکە، ئەها میوە فرۆشەکانی دیکەش وەک من نووسیویانە و وەک منیش هاوار دەکەن.

## ٣

مزگەوتەکە ڕێی ڕێدار نەبوو. مامۆستا لە پەستا دەیگوت: الفاتیحا....
دەستەیەک دەهاتە ژوورێ و دەستەیەک دەچوونە دەرێ. خوالێخۆش بوو، ببوو بە عەکسێک و بە درگای مزگەوتەکەوە، سەرنجی پرسە بێژانی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. مجلس ترحیم جناب مرحوم آقای حاجی رشید....،
لە چوار شەقامی نێو شار بە تەنیشتی زۆربەی دارتەلەکانەوە پرسەنامەی جەنابی حاجی ڕەشید هەر بەم شێوەیە سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا.
دوای حەوتەی ئەو مەرحومە ڕۆژێک لە شەقامێکی شار تووشی وەستا وەفای حاجی ڕەشید هاتم، لەبیری بوو چوومەتە مزگەوت و سەرەخۆشیم لێکردووە، بەگەرمی مەرحەبایی کردم. عەرزم کرد، باوکی بەڕێزتان ڕۆحی شاد و جێی بەهەشت بێت. ئەرێ وەستا وەفا، خەڵک لە شارەکانی تەورێز و هەمەدانەوە بۆ سەرەخۆشی باوکت هاتبوونە ئێرە؟!
زۆری ئەو پرسیارە پێ سەیر بوو، گوتی:
جا فارس و عەجەم بۆ دێن سەرە خۆشی لە ئێمە دەکەن؟
گوتم: دار و دیوار کاغەزی سەرەخۆشی ئێوەی پێوەبوو هەمووشی بە فارسی نوسرابوو.
گوتی: براڵە ئەی بەچی بینووسین، ئەوەنییە هەمووکەس کاغەزی سەرەخۆشی هەر بە فارسی دەنووسن.

## ٤

دەپازدە ڕۆژێک دەبوو لە ئاوایی کانی گوڵانەوە هاتبوون و شەش ماڵ خوارتر لە کۆڵانەکەی ئێمە خانوویەکی خۆشیان کرێ بوو. دوو سێ ڕۆژ بوو خێزانم پێی دەگوتم: کابرا ئەو ماڵە تازە هاتوون، سازبە ئێمەش لەگەڵ ماڵی کاک سمایل و مام عەوڵای جیرانمان پێیانەوە بچین و بەخێراتنیان بکەین.

شەوێک کۆبووینەوە و بە دیاری و سەوقاتەوە چووین و لە زەنگی درگاماندا. فەرموویان کردین و وژوور کەوتین، هەربە دابی لادێ بە حورمەتەوە زۆریان بەخێر هێناین، خودا هەڵناگرێ زۆر بەرێز بوون. نێوماڵ بە کورسی و مۆبل و مافوور و پەردەی ئەلمۆدە ڕازابۆوە. کێژ و بووکی خانەخۆی، دەمپایی لەپێ، بە سەر فەرش و مافووراندا دەهاتن و دەچوون و بە چایی و شیرنی و میوە زۆرمان بە دەورداهاتن. سێ منداڵی پێنج شەش ساڵان غارغارێنیان دەکرد و بە سەر مۆبل و کورسیدا خەریکی بازبازێن و حەقلی مەقۆ بوون. دیار بوو ئەوانە نەوەی مام وەسمان بوون و جارێ کوڕ و بووکی قەلفریان نەکردبوو بەجێی بێڵن. دووای ئەوەی مام وەسمان یەک دوو جار لە منداڵەکان مۆڕ بۆوە، پاش نەختێک سرەوتن منداڵان ملیان نایەوە لە هاروهاجی. یەکێ لە بووکەکانی بانگی منداڵەکانی کرد: مامان گیان، شلوغی مەکەن وەرن لەلای مەمان دانیشن. بەبیستنی ئەودەنگە داچڵەکیم، بەڵام هیچم نەگوت و ددانم بەخۆمداگرت. دیسان منداڵ هەڵبەزین و ئەوجار بووکە چکۆلەکەی، نەک لەبەر ئەوەی کورتەباڵابوو، بەڵکە لەوی دیکە منداڵتر دیار بوو، فەرمووی:

یاشار گیان مەمان، بێ لای مەمان دانیشە ئاغا تووڕە دەبێ.

یاشار گیان بەقسەکەی مەمانی، سەرەتا چاوێکی لەمام وەسمان و ئەوجار تەماشایەکی منی کرد و چوو لە تەنیشت مەمانی دانیشت. منیش ماشەڵڵا بەو هەموو سەبرەی هەمە، گوتم. دادی من بۆ بە منداڵەکەت ناڵێی وەرە لەلای دایکت دانیشە، خۆتۆ کوردی مەمانی چی؟

سەری داخست و گوتی:

بلێمچی، منیش چاو لە ژنی جیرانەکان دەکەم، ئەمڕۆ هەموو کەس هەروادەڵێن.



هۆنراوەی حافز



وەرگێرانی مامۆستا حەقیقی

خۆزگە بەو ڕۆژە کە لەو مەنزڵە وێرانە دەرۆم
وەکوو مەل لەو قەفەز و دانە بەرەو لانە دەرۆم

گەرچی لەو ڕێیە دەزانم کە غەریب نابەڵەدە
من بە بۆنی سەری ئەو زولفە پەرێشانە دەرۆم

وەکوو با بەو لەشی بیمار و دڵی بێتاقەت
بە هەوای قامەتی ئەو سەروی خەرامانە دەرۆم

دڵ لە زیندانی سکەندەر وەڕەزە، ڕزگار بم
تاکوو ئەو جێیە کەوا مڵکی سولەیمانە دەرۆم

ئەوی سووکبارە خەمی حاڵی گرانباری نییە
من بەهۆی هیممەتی پیرانە مریدانە دەرۆم

گەر بەسەر وەک قەڵەمێ، ڕێگە بڕۆم بۆ لای ئەو
بەو برینی دڵ و بەو دیدەیی گریانە دەرۆم

شەرتە کردوومە ئەگەر لەو خەمە دەرچم ڕۆژێ
بە شێعر خوێندنەوە تا دەری مەیخانە دەرۆم

بەهـــەوای چاوی بە ڕەخسین و سەما وەک زەڕرە
تاکوو سەرچاوەیی ئەو خـۆرە درەخشانە دەرۆم

گەر وەکوو حافزی لەو دەشتە نەشێ ڕێ دەرکەم
لەگەڵ ئەو یار و بنەی ئاسەفی دەورانە دەرۆم

## شێت عشق



(ئاودانان) ئاونۆ. مێهرداد موورادی ماسیی

- کورد پەهڵە) کوردەلی

مەجنوون لەیلی بیمە دەوروڤەر بانقلان
هووش هەواسم چییە قسمە ڤە حەق قورئان

چی شێت بێپەلەمار گر ئەڵ زەمین نیارم
یەی سەرم هە دە ئەهواز یەی سەرم هە دهگولان

چی ئشرافێ ڕێز پێز خوش ئەتر و ڕێحە چی گوڵ
جوور خێیاڵ پەخشان زلفەلێ پەخش و وڵان

هناسێ گا شەماڵە ئەژ دڵ کوڕهاڵ دەرای
شەرجی ئەهواز کەرێ ڤە هنکی مەریوان

قسەی سووهان قومە شیرین کەرێ کوم تەهڵ
دەمێ توم شەراو دێ دنونەلێ گا تاڵان

دەنگێ ئەهوورایە زەریفە چی کەمووتر
ئەخمێ پێیا چرچنێ چی عەڤدڵا ئووجالان

خەرمەن زولف و چەترێ سایە خسێ ئەڵ زەمین
تاون سەعدی نییە هەڵقەیێ دوم بڵان

کەوگ خوەش ئاوازێکە فەختێ شەقەی دەنگێ یای
تفەنگچییەل دە دوم خاڵ خەتێ مفتەڵان

مەر کەسێ ڤە چەوێ دڵ بۆوینێکەی بزونێ
ئەنێ ئەشن موورادی لێڤە بییە یا فلان



# شنە ی ئومید

کەرەج. محمد فەتاحی

لە دڵی سروشتدا، کە ڕەنگ و دەنگەکان پێکەوە دەنگ دەدەنەوە، ژیان لە هەموو گۆشەیەکدا هەناسەیەکی نوێ دەدات. لە نێوان ئەم جوانییانەدا، لە گۆشەیەکی زەلیلدا، واقیعێک دەست پێدەکات کە وا لە هەمووان دەکات بیربکەنەوە. لە باوەشێکی سەلامەتی خاک و خۆشەویستیدا، باڵندەیەکی بچووک چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکات کە باڵەکانی بڵاودەکاتەوە و بەرەو ئاسمانی بێ سنوور دەفڕێت. لە هێلانەکەیدا، هێلکەکانی لەو هێلانەیەی کە دروستی کردووە، بە خۆشەویستی و هیواوە پەروەردە دەکات؛ نیشانەی پابەندبوون بە ژیان و بەربەستەکانی.

ئەم هێلانەیە تەنها شوێنێک نییە بۆ ژیان، بەڵکو نیشانەیەکی ڕوونە بۆ پەیوەندییەکی قووڵ لەگەڵ سروشت، کە بەردەوامیی و خۆشەویستی تێیدا تێکەڵاون. هەموو ڕۆژێک، چاوەڕێی ئەو ساتەوەختە موعجیزەییە؛ کاتێک جوجکەکان یەک لە دوای یەک لەدایک دەبن و ژیان لەم هێلانە بچووکەدا بۆنی هیوا لە هەوادا بڵاو دەکاتەوە. ئاسمانی شین چاوەڕێی دەکات و لەگەڵ هەر چەقۆیەکی پەڕەکانیدا، جوجکەکان ئازایەتی و خەون لە دڵیاندا پەروەردە دەکەن.

لەم گەشتەی ژیاندا، وەک ئەو باڵندە بچووکە، دەبێ قبووڵی بکەین کە هەر تەحەددایەک کە دێتە سەرمان دەرفەتێکە بۆ گەشەکردن و سەرسوڕمان. لەناو هێلانە زەلیلەکانی ژیاندا، بزانە خۆشەویستی و هیوا دەتوانێت باڵمان پێببەخشێت بۆ فڕین. با پێکەوە لەم گەشتە پڕ لە جوانییەدا بفڕین، لە هێلانەی دڵەوە بۆ ئاسمانی شین، و بە هەوای هیوا ئاهەنگ بگێڕین بۆ ژیانەکان.

ئەنجامەکەی ئەوەیە کە:

١ - قبوڵکردنی ڕاستییەکان:

فڕینی مریشک هێمای ئازادی و سەرەتایەکی نوێیە. بە باڵە نوێیەکانەوە هەڵدەفڕن بۆ ئاسمان، ئەوەمان بیردەخەنەوە کە هیچ شتێک مەحاڵ نییە. ئەمە چیرۆک و مەتەڵ نییە، بەڵکو ڕاستییەکی ژیانە، نەک تەنها بۆ ئەو باڵندە بچووکانە، بەڵکو بۆ هەمووومان. هەریەکەمان دەتوانین بە خۆشەویستی و هەوڵدان، دونیایەکی باشتر بنیات بنێن و بە باڵەکانی هیوا بەرەو ئاسمانی شین بفڕین.

٢ - قبوڵکردنی تەحەددیات:

تەحەددیاتەکان بەشێکی سروشتی هەموو ژیانمانن و نابێت لێیان بترسین. بەڵکو پێویستە وەک دەرفەتێک بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن لە ڕێگەی ئەزموون و فێربوون و بەهێزکردنی لێهاتووییەکان و زیادکردنی متمانە بەخۆبوون و پەرەپێدانی کارەکتەری... بە هەڵوێستێکی ئەرێنی و ئیرادەیەکی بەهێزەوە، پێویستە هەموو تەحەددایەک بکرێتە پردێک بۆ گەیشتن بە ئامانج و خواستەکانمان. بۆیە دەبێت تەحەددیاتەکان قبوڵ بکەین و بە قازانجی خۆمان بەکاریان بهێنین.

٣ - گواستنەوەی وانەکانی ژیان:

١. پێویستە ئیلهام لە واقیع و ڕووداوەکانی ئەم باڵندە ماندووونەناسە وەربگرین، کە ژیان جوانە، کە دەبێت ژیان بە خۆشەویستی و هیوا و بە خۆڕاگری و لێبوردەیی دەست پێ بکەین و وانەکانی ئازایەتی و لێبوردەیی و ئارەزووی ڕەنگاوڕەنگ لە دڵماندا بچێنین و بە دیاری بۆ نەوەکانی داهاتووی ئەم خاکە بگێڕین و لە هەموو قۆناغێکدا ئاهەنگی سوپاسگوزاری بگێڕین.

ئەنجامەکەی ئەوەیە کە:

١ - قبوڵکردنی ڕاستییەکان:

فڕینی مریشک هێمای ئازادی و سەرەتایەکی نوێیە. بە باڵە نوێیەکانەوە هەڵدەفڕن بۆ ئاسمان، ئەوەمان بیردەخەنەوە کە هیچ شتێک مەحاڵ نییە. ئەمە چیرۆک و مەتەڵ نییە، بەڵکو ڕاستییەکی ژیانە، نەک تەنها بۆ ئەو باڵندە بچووکانە، بەڵکو بۆ هەمووومان. هەریەکەمان دەتوانین بە خۆشەویستی و هەوڵدان، دونیایەکی باشتر بنیات بنێن و بە باڵەکانی هیوا بەرەو ئاسمانی شین بفڕین.

٢ - قبوڵکردنی تەحەددیات:

تەحەددیاتەکان بەشێکی سروشتی هەموو ژیانمانن و نابێت لێیان بترسین. بەڵکو پێویستە وەک دەرفەتێک بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن لە ڕێگەی ئەزموون و فێربوون و بەهێزکردنی لێهاتووییەکان و زیادکردنی متمانە بەخۆبوون و پەرەپێدانی کارەکتەری... بە هەڵوێستێکی ئەرێنی و ئیرادەیەکی بەهێزەوە، پێویستە هەموو تەحەددایەک بکرێتە پردێک بۆ گەیشتن بە ئامانج و خواستەکانمان. بۆیە دەبێت تەحەددیاتەکان قبوڵ بکەین و بە قازانجی خۆمان بەکاریان بهێنین.

٣ - گواستنەوەی وانەکانی ژیان:

١ - پێویستە ئیلهام لە واقیع و ڕووداوەکانی ئەم باڵندە ماندووونەناسە وەربگرین، کە ژیان جوانە، کە دەبێت ژیان بە خۆشەویستی و هیوا و بە خۆڕاگری و لێبوردەیی دەست پێ بکەین و وانەکانی ئازایەتی و لێبوردەیی و ئارەزووی ڕەنگاوڕەنگ لە دڵماندا بچێنین و بە دیاری بۆ نەوەکانی داهاتووی ئەم خاکە بگێڕین و لە هەموو قۆناغێکدا ئاهەنگی سوپاسگوزاری بگێڕین.

**نووسەر:**

محەمەد فەتاحی، مامۆستای یاریدەدەری خانەنشینکراوی پەیمانگای توێژینەوەی دارستان و لەوەڕگەکانی وڵات



بانە. سۆران حوسێنی

قرژ بوون
دارتەل بە دارتەل، بەسەر جەستەی ئەم شارەوە
تەلی نیوە مردوو
چۆن تەزووی گەرم بدا بە شار
داچەقاوە دەمی پەنجێرە
و هەڵگەڕاوە
چاوی نێئۆن زەرد
بانگ بە سەر منارەکانەوە قەتیس دەمێنێ
مزگەوت
نووزەڵەی بردۆتەوە ناو باوەشی تەنک و نووتەک و ساردەوەبووی خۆی
باوێشک ئەدا بازاڕ
هەڵ دەلەرزێ شەقام
دەنا
دەمکێشایە ناو چوارچێوەی قاپێکەوە لە ڕێبەندان
قوژبنێک پێدەزانم بەڵام
ڕووناک، گەرم و دڵگرتر لە هەرچی ساڵۆن
لە گەروویەوە هەڵدەستێ هاڵاو
ناوی دەشێ شتێک بێ لە ئاوەڵدووانەی جێژوان
بۆ وشەیەک کە لەوێدا شکڵ دەگرێ ڕۆشن
و ڕێکەوەندێک کە دەگەڕێ لە ڕێکەوتێکی شاز
بۆ کۆپلەیەک
کە لە دەستی دێ باڵ بدا بە تریبوونێکی مات
شەوق بدا بە هۆڵێکی چاوەڕێ و
جووڵە بخاتەوە ناو دڵی یانە بە یانەی شار
هەر ئەم ڕەشەمە
کۆپلە بە کۆپلە ناو دەستەکانتان ئەبینم کە پڕ دەبن لە مەشخەڵ
ڕێچکە بە ڕێچکە هەنگاوەکانتان ئەگەنەوە بە شەقام
برووسکە بنووسن بۆ پەرەسێلکەکان کە:
دارتەلەکانی چاوەڕوانی قنج ئەوەستنەوە ناو کۆڵان
هەور؛ هەر کۆمەڵێک گەواڵەیە لە هاڵاو
کە دەگەڕێتەوە سەر ئەم کێڵگانە لە ئەندێشە
ئەمە خەیاڵ نییە
باران هەر ئەگاتەوە بەم چەکرووزانە لە بەڕوو
بەم ڕیشانە لە دارگوێزو
بەم ڕەگانە لەخوێن
شار بزووتنی تێ ئەزێ و شەقام بە شەقام
دەربازی ئەبێ لە زستان
شار چاوی کردۆتەوە بۆ گزینگ و دڵی گرتۆتەوە بۆ تیشک
شار؛ تاقەتی خۆر ئەنێ بە سەریەوە وەک نانەشان
بان بە بانی ئەبێتە پەلکەزێڕینەو
ناودڵی ئەبێتەوە چراخان
ئەنووسم :
تەزوو ئاخرین ئایەتی بەهارە
کە قوژبن گێڕاویەتەوە بە هاڵاو!

## پرچی هەتاو

مەهاباد. شاهۆ موکریانی



ساڵەهایە نەگبەتی شەو ڕێی هەتاوی بەستووم
دەرک و ڕۆچنەی ڕوو بەڕۆوانگەی عەشقی لێداخستووم
ناتەبایی و نەگبەتی و بوغز و تەماع و مەینەتی
بوونە شێر پەنجەی بەڕان و وا لەداویان خستووم
هێندە بێهۆ کات و سات و چرکەکانم تێپەڕین
دەردی پیری داوی مەرگی وا لە ڕێ ڕاخستووم
ئێستێ بێ هێز وتەوانم هام لە گۆشەی ئۆدەیەک
داخ و حەسرەت چەشنی مارێ جەرگ وناخی گەستووم
ڕۆچنەیەکم لێ دیارە ها لە بان تەشقی سەرم
پرچی نووری بەتاوی وا لە ڕێ هەڵخستووم
پێم دەڵێن شاهۆ دەرابە هەستە سستی تا بەکەی
ڕاپەڕە با ڕاچڵکێن ئەو خێڵە مەستەی نووستووم

## ڕەمزی شێعر

چەشنی تەبعی من ڕەوانن ئەشکی چاو
با بەرامەی شێعری سوورم کەن بە قاو
هەستی من چاوەی دڵە دەڕژێ بە کوڵ
نەغمەیی پڕ دەرد وزامە دێتە کوڵ
شێعری من سووتاوو مەست و بێ نەوان
دەردی زامی پڕ لە ئێش و بێ دەوان
چەشنی لافاوی گڕ و دەریای ئەوین
کۆچەری دڵ پڕ لە تاسەو داغ وتین
سازی ناسازی خەمینی دڵ بەخەم
قافی بەرزی پڕ لە هیوای سەر بە تەم
دەنگی پێ ڕێبواری شەو ناڵەی گەروو
ژاری ژینی خێڵی کەمتیاروو زەروو
تەیری شێعرم سووری ڕێی هێلانەیە
ژیر و وریاو باوەفاو مەستانەیە
ڕەمز و ڕازی هەستی شاهۆ بیر نەکەن
زۆر بە وردی بیر لە حاڵی خۆ وەکەن

## غەزەل

غەزەل ڕاوەستە شێعرێکم بە دەستە
زنەی پاکی دڵی شەیدام مەبەستە
غەزەل خۆت وخودا وئەو هەستە پاکە
لە دڵ بچنە گوڵی هیوام بە دەستە
غەزەل ڕابە دەگەڵ ڕووباری هەستم
هەڵۆی هەستم دەسیرێنن بە دەستە
غەزەل خێر و شەڕ ئیمڕۆ تێکەڵاوە
لە دەفرت هۆش وهزرم مەستی مەستە
غەزەل تێکە شەرابی پاکی نابت
دڵم غەرقی مەیە لەو گۆمە خەستە
غەزەل ژین بۆتە مۆڵگەی شەو پەرەستان
مێعر ئازاد و شێعریش دەستە بەستە
غەزەل تۆراوە خۆشی لەو هەرێمە
بە خوڕ دەڕژێتە خوارێ مۆمی جەستە
غەزەل ڕابە کە کاتی ڕاپەڕینـــە
لە باڵت دە و هەتا ئاسۆ مەوێستە



# ئەو پیاوەی لە دڵی گەرمی شێعر و جوانیدا ون بووە



(بۆ هاوڕێم خالید فەتاحی)

بۆکان. ئەمین گەردیگلانی

خۆشەویستیم،
کۆترەشینکەی سلاویکە، لە سەر لکی خەڵفە بلاڵووکێکی "میراوا" باڵ دەگرێت و خۆی لە چریکەی شیرینی "حەسەن زیرەک" دەئاڵێنێ و هەڵدەفڕێ.
لە سەر کێوی "باڵووقایە" سووکەڵە لەنگەرێ دەگرێ و پاشان لە شەققەی باڵ دەدا و بە سەر "قەڵای ئەشرەفی"دا تێدەپەڕێ و لە سەر چیاکەی "وەنەوشە" باڵی لە شەونمی ڕوونی سوێسنە و وەنەوشە وەردەدا و پاشان بەرەو باوەشی هەمیشە گەرمی شاری سەقز باڵ لێدەدا.
بە سەر مەیدانی هەڵۆدا دەخولێتەوە و چاو لە هێلانەی دڵێکی گەرموگوڕ و دڵۆڤان و داڵدەی غەواران دەگێڕێ.
لە نێو گوڵجاڕی زەنوێری خەرمانێک شێعر و کتێبدا هێلانەی ئەو دڵە گەرم و پڕ ئەوینەی نیشتمان دەدۆزێتەوە.
کۆترەشینکەی سلاوەکەم، شەونم و گوڵووک و چرۆ بە سەر ئەو دڵە گەرمەدا دەبارێنێ و زۆر بە پرتاو بەرەو لام دەگەڕێتەوە.
دەمەو ئێوارە دەنووکی لە دەلاقەی مێشکم دەداو دەڵێ: هەستە، دۆزیمەوە.
ئەویندارە میوانگرە دڵپاکەکەی شاری سەقزم دیتەوە.
ڕادەپەڕم.
دڵم بە باڵی نیانی کۆترەشینکەوە دەبەستم.
دەڵێم: هانێ، تۆ لە پێشدا دڵم بەرە.
کۆترەشینکەی سلاوەکەم، خێرا لە شەقەی باڵ دەدا و دڵم دەبا.
منیش دوای ئەو، چەپکە گەزیزەی ماچێکی "ناڵەشکێنە" بە تاڵێ گزنگی لێوی خۆری بەیانی دەبەستم
دەیهێنم و دەیدەم لە پێسیرە کەسکە مێخەکچنەکەی "وەنەوشە".
گوڵووکی شێعری "حەقیقی" و سروەی وشەی پڕ لە سیحری دڵی "سوارە" دەدەمە دەست پشووی هەستم تا بیهێنێ و بیپرژێنێ لەو دڵە پاک و بێ خەوشە.
شەونمی سەر تاشەبەردی "تۆڵەکە" و "قەڵای کچان" و "بێژنگبەسەر" و "تەرەغە" دەدەم بە شاباڵی شێعر تا بیهێنێ و بیدا لە شۆڕابەی کەزیەی "ڕووش" و "جاقل" و "نەکەرۆز".
"نەکەرۆز"یش سەر هەڵبڕێ و لەگەڵ نیگایدا بینێرێ بۆ "چلچەمە"ی ئاورگەکەی هەمیشە پڕ گڕی نەورۆز.
برینجەی لێوی زوڵاڵی "حەوزەگەرە"
ئاوێتەی شەپۆلی سرکی "تەتەهوو"ی ئاشق دەکەم و تیشکی باڵ بە ژەنگاری خۆر ڕادەسپێرم هەڵیگرێ بە گزنگە بێگەردەکەی دڵ و دیدە.
چونکە ئەوە دیارییەکە دڵی شەیدام لە نێو گوڵدانی وشەدا چاندوویەتی و پەرەی شلکی پەلکەکانی وەک پەپوولە باڵ لێدەدەن بۆ باوەشی دڵی گەشی ئەو ئاشقە دڵ بە کوڵەی کەوا هەست و سۆز و دەنگی بۆ شێعر و ئەدەب نەویدە.
ئەو پیاوە نەرم و هێدییەی هەر دەڵێی کوڕی باران و کانیاو و سەوزەڵانییە.
هەردەڵێی شنەی شیبایە و ئەوینداری لێوی بە گزنگ خووساوی بەیانییە.
گەر دەتانەوێ بیناسن ئەو پیاوە مەند و ماقووڵ و خاکەڕایە،
گەر دەتانەوێ بیناسن ئەو کانییە پڕ قوڵپەیەی هەڵقوڵاوی قوڵایی دڵی چیایە.
پێتان دەڵێم، جوان بیناسن.
بەژن و باڵای لە ماچی شێعر و گۆرانی هەڵبکێشن.
گوڵبارانی باڵای بکەن بە گوڵووکی سووری دیدە.
لە ناختاندا هەڵیگرن، بیپارێزن،
ئاوێتەی خوێن و دەمار و هەناسەکانتانی بکەن،
چونکە ئەو پیاوە ئاشقە، سەرمەشقی پاکی و بێگەردی و ژین و ئاوات و ئومێدە.
ئەوینداری ڕاستەقینەی کوردستانە و کوردستانیش هەتا مابێ لە بیر ناکا ئەوینداری و فیداکاری و وەفاداریی ئەو خالیدە.

بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی








# پلانێ پێوەر بۆ خەڵاتی ئەدەبی کوردی

[بە بۆن دانانی خەڵاتگەلی ئەدەبیی قەڵەمی هەژار و کاڵ]

سنە. عەلی سوهرابی

❖ ساڵی١٩٠١لە وڵاتی سوید،بە شێوەی فەرمی یەکەم خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی بە سوولی پرۆدۆم شاعیرو نووسەری فەڕانسەوی بەخشرا کە پێشتر باو نەبوو.بەڵام لە درێژەی مێژوودا لایەنگرانی ئەدەبی و هەروەها دەوڵەتەکان لە نووسەران و شاعیرانی هەڵکەوتوو پاڵپشتی ماڵیان کردووە.ئەم یارمەتیانە زیاتر فەخری بووە نە وەک خەڵاتی فەرمی . ئەو ئاوەی خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل ڕشتی دەیان خەڵاتی جێ متمانەی دیکەی لەجیهاندا بەشوێندا هات.وەک: بوکر ، پولیتزێر ، هۆگۆ ، سێروانتێس و...

❖ لە وڵاتی ئێرانیش بۆ پەرەپێدانی زمانی فارسی، چەندین جۆر خەڵاتی ئەدەبی لە بواری چیرۆک و شیعرو ڕۆمان دابینکراوە کە زیاتریان بەناوی کەسایەتییەناودارەکانی وێژەی فارسییەوەیە وەک :خەڵاتگەلی جەلال ئالی ئەحمەد، ئەحمەد شاملوو، هووشەنگ گوڵشیری، پەروین ئێعتسامی، نیمایووشیج.هەروەها خەڵاتی گەورەی کۆماری ئیسلامی ئێران و مێهرگانی ئەدەب و...

❖ لە بواری ئەدەبی کوردیش چەندین خەڵاتی ئەدەبیمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە کە بۆ گەشەو نەشەی خامەی شاعیران و نووسەرانی کورد تەرخان کراوە کە هەندێکیان دەوڵەتی و بەشێکیشیان سەربەخۆن . وەک:کتێبی ساڵی کوردستان، داڵاهوو، قەڵەمی هەژار، کاڵ و...

❖ ئەم ڕەوتە تایبەتە –دانان و بەخشینی خەڵاتی ئەدەبی– لە کوردەواریدا جۆرێ پەرتەوازەیی و ئاڵۆزیی خاوەن خەڵاتەکەی تێدا دەبیندرێت کە هەندێ جار، نەبوونی پلان و گەڵاڵەی ستاندارد دەبێتە هۆی دابەزاندنی کێشی ئەدەبی خەڵاتەکە و لە کیس چوونی پاڵپشتیی بەردەنگ و ناهومێدی کۆمەڵگای ئەدەبی.جا بۆیە لەم وتارەدا بڕێ خاڵی ئەرێنی و پێشنیاری تایبەت بۆ بە ستانداردکردن و یەکپارچەکردنی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە هاتووەتە ئاراوە کە هیوادارم ڕەچاوکردنیان وەک باقی نەتەوەکانی جیهان، ببێتە هۆی سەقامگیری و گەشەسەندنی خەڵاتگەلی ئەدەبی کوردی .

❖ بەڕێوبردنی ڕێورەسمی خەڵاتە ئەدەبییەکان، پێویستی بە دانانی پلانی دروست و گەڵاڵەدارشتنی کارامەیە،تا بە ئامانجە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانمان بگەین.بەڕێزەوە لە درێژەی بابەتەکە،هەندێک پێشنیار پێشکەشی بەرێوەبەران دەکرێت:

١ - پێناسەی ئامانجگەلی دیاریکراو

ئامانجەکانی خەڵاتەکە ڕوون بکەنەوە: ئایا جەخت لەسەر دۆزینەوەی نووسەرانی لێهاتووی نوێیە یان ڕێزلێنان لە نووسەرانی بەناوبانگە؟

جۆری ئەدەبیاتێ کە پێویستە پاڵپشتی بکرێن (ڕۆمان، شێعر، چیرۆکەڵە، و...) دیاری بکرێت.

٢ - پێکهێنانی دەستەی داوەرانی لێزان و ڕەنگامە

داوەرانی بەئەزموون و بەتوانا و پسپۆڕ هەڵبژێرن.چون ئەگەر ڕەوتی هەڵبژاردنی داوەران و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن ڕوون بن باوەڕی گشتی زیاد دەبێت.

٣ - دیاریکردنی مەرجەکانی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕوون و بەرچاو

مەرجەکان پێش لە دەسپێکی کارەکە ،ڕوون بکەنەوە و بە ئاگاداریی گشتی بگەیەنن.

جەخت لە سەر داهێنان، نوێکاری و کاریگەری فەرهەنگی، جێگەو پێگەی خەڵاتەکە بەرزتر دەکاتەوە .

٤ - لە خۆگری و جۆراوجۆری

دەبێ خاترجەم بین کە نووسەران، لە گرووە گەلی جۆراوجۆری کەلتووری، زمانی و کۆمەڵایەتین کە لە ڕەوتی بەشداری و داوەری ڕەچاو کراون.

لە سنووردار و کورت کردنەوەی خەڵاتەکان بۆ جەریانگەلێ تایبەتی ئەدەبی یان زمانی خۆبپارێزن.

٥ - ڕوون بوونی ڕەوتی هەڵبژاردن و ڕاگەیاندنی دەرئەنجامەکان

ڕەوتی هەڵبژاردنی براوەکان ڕوون و دادپەروەرانە بێت. ڕاگەیاندنی هۆکاری هەڵبژاردنی هەریەک لە براوەکان، متمانەو بایەخی خەڵاتەکە بەهێزتر دەکات.

٦. پاڵپشتیی ماڵی و پرۆپاگەندەی بەردەوام دابین بکەن

سەرچاوەگەلی بەردەوامی ماڵی بۆ خەڵاتەکە تەرخان بکەن تا ڕەوتی بەڕێوەبردنی کارەکە نەوەستێ.

لەگەڵ پەخشانگاو ڕەسانە و بنکە فەرهەنگییەکان هاوکاریتان بێت تا خەڵات و براوەکان لە ئاستێکی بەربڵاودا ببیندرێن.

٧. بەخشینی خەڵاتگەلی بەرچاو و بەنرخ

خەڵاتی مادی،دەرفەتی لەچاپ دان یان پاڵپشتی لە بەرهەمەکانی داهاتوو،بایەخێکی زیاتر بە خەڵاتەکە دەبەخشێ.

دابینکردنی لەوحی سپاس یان تەندیسێ تایبەت وەک برەند و نشانەی خەڵاتەکە، کاریگەری زۆری دەبێ.

٨. ڕێورەسمگەلی هاوتا بەرێوەبەرن

بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە ئەدەبییەکان،.دیمانەو وتووێژی نووسەران، و کارگاگەلی فێرکاری لە تەنیشتی مەراسمی ئەسڵیدا دەتوانێ پێگەی خەڵاتەکە لە کۆمەڵگایی ئەدەبیدا سەقامگیر بکات.

٩. دارشتنی پلەتفۆرمێک بۆ بەرچاوکەوتنی بەرهەمەکان

نامزەدەکان و براوەکان لە ڕێگای پیشانگەکان، ماڵپەرەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بناسێنن.

ئەگەری وەرگێڕانی کارە هەڵبژێردراوەکان بە زمانەکانی دیکە ،پەرە بە کاریگەری جیهانی خەڵاتەکە دەدات.

١٠. هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی ساڵانە

پێویستە هەموو ساڵێک کار و ڕەوتی بەشەکانی بەڕێوەبردن، تاوتوێ بکرێ و بۆ باشتربوونی خولەکانی داهاتوو ،گەڵاڵە دابڕێژێت .



## بەهار هات

سەردەشت. دڵبەخوێن

بەهار هات و بەهانەی ژوانە ئەوجار
دڵ و دیدەم بە تاسەی ژیانە ئەوجار

چرۆی دا گوڵ لە شاخ و دەشت و شیوان
سریوەی بانگی سەرهەڵدانە ئەوجار

سەراپا جێژن و شایی و هەڵپەڕین بێ
کوڕ و کیژ دێن و دەست بەردانە ئەوجار

کەژ و کۆ دێنە پێشوازی بەهارێ
دنەی هەست و جمەی سەردانە ئەوجار

چریکەی دەنگی کەو دێ لەو کەنارەی
سەرەی ئاونگی ڕێی بێریانە ئەوجار

دەهەستن مەشغەڵی روناکی هەڵکەن
بلرفێ ئاوری نەورۆزانە ئەوجار

وەجۆشی بێنە جێژنی کوردەواری
شنەی ئاهەنگی بای زریانە ئەوجار

---

بانە. ک.د.ئازاد

**قەرار نەبوو**
**کوێستان بکەی بە جێژوان و**
**بەفر بکەی بە هێلانە**
**گەر دەتزانی**
**شاری بانە چاوەڕوانە!**






## ئۆقرە

سنە. فەردین کەمانگەر

لەم زستانەدا
بهێڵە با
لەناو تۆتۆی تارای سپی دەشتەکاندا
لەسەر جادە داپۆشراوەکاندا
لە ناو کێوستانی ئاوتەکاندا
لەم وەرزە سەخت وساردەدا
لە ناو بۆران و کریوەیزستاندا
ئۆقرە بگرم
لە ئەم زەمەنە
زستانی ساردو
ڕۆژەکانی تەماویە
عاشقانی ژین لە زیندانن
لە گەل سرتەی بادا
بەفر دەکەمە وشەو تا
لەگەڵتا دەدوێم
تا لە ئازارەکان
لە زەنجیری کریوە و سەرما
هەڵبێم
ئەی قیبلەگاهم نیشتمانم
تۆیی هێزی مانەوەم
سیلەی چاوانت؛ بەرزترین لووتکەی هیواکانم پیشاندەدا
سینگت دەشتی بناری قەندیلە
لێوانت کانیاویکە و پەرداخت پەرداخت لێ دەخۆمەوە
تینوییەتیم دەشکێنت
بهێڵە با
لەم وەرزە سەختەدا
لە ئامێزی تودا
سپای کریوە تێک بشکێنین
بهێڵە با
ئەو کاتە گوڵەنەورۆزە لە زستان چرۆ دەکات
من ئاخرین ماچ
لە لاپەڕەی گوڵ هەڵبگرم
تا ڕۆ لە جەستە هەڵفڕێنم
بهێڵە بهێڵە
دوایین سات
لە ئاخرین چرکە، لەم وەرزە سەخت وساردەدا
منی ماندوو
لەئامێزتا
ئۆقرە بگرم



## گۆشتاوی گیسک

مەهاباد. قادر حوسێن شەریفی

هەرەتی مانگی گوڵان بوو. تازە دوازدە بهارم تێپەڕاندبوو. ئەوساڵی قوتابخانەکان دەرگایان بەڕوی قوتابیان داخرا. بابم لە گەڵ ڕەحمانی پوور خەجیجێ چووبوونە بازاڕی ئەمیراباد و سی سەر کاریلەی ڕەق و تەق و لەڕ و لاوازی کڕیبوو بۆ خێرێ بەڵام هەر بۆ مەینەتی و قەرقەشی من بوو تا کوو خێر. هەر ئەو ڕۆژی شاڵی شانازیان بە شانم دادا و کردیانمە شوانەوێڵەی کاریلان. ناچار شانم وە بەر شانی دا و قۆڵم لێ هەڵماڵی. دواتر زانیم تەواوی ئەو خەونانەی کە بە ڕاهەڵ و پۆی ڕەنگاوڕەنگی مناڵی هۆندبوومنەوە پوچەڵ بوونەوە و کەڕوویان هێنا و نەهاتنەدی. ئەو جا لە گەڵ ئەو گیسکە لەڕ و گەڕ و گەڕیلانە جیق و فیقم دەرهاتبوو. هەر لاکەی ملم دەهات. هەرچی ئەوان قەڵەوتر دەبوون ئەمن سیس تر و لاوازتر دەبووم. وەک ڕۆژانی بەڕوو دۆزەکێ هیندەیان بە شاخاندا تەقاندبووم وەک داوە دەزووم لێهاتبوو، کە بە دەرزی هەموو دەرزێکەوە ڕۆدەچووم.

هەر ئەو ساڵی ڕۆژ نا ڕۆژێک لە گیانەلای ئێواران کە خۆر بە زۆری و بە لارە ملی خۆی دە پەناو پەسیوی ئاسۆ دەپەستاوت، خەڵکی ئاواییش بە بێ وازی و چرژاوی و شل و شەکەتی دەتکوت دوا هەنگاوی ژیانی خۆیان داوێن لە کارو باری ڕۆژانە لە مەزرایە دەگەڕانەوە و لە چوار دیواری قورماوی ماڵێ دەخزانەوە تا بحەسێنەوە و پشویەک بدەن و سەرخەوێک بشکێنن. کە چی خرم و هۆڕی خۆمپارە و شریخە و ڕمبەی تۆپ و ناڵە و لوورەی ئارپیچی نانەکەی پێ تاڵ دەکردن و سەر لە نوێ دەردەپەڕینەوە دەر.

ئاوایی وەک هێلانەی هەنگە ژاڵ هەر ڕۆژێ بە جۆرێک بە هۆی هووروژم و پەلامار و لەشکر کەشی دەهاژا و داڵی مەرگ بە سەرماندا دەسووڕا. ژیان بە جارێک ژانی پێ کردبووین و ژاندبووینی.

ڕۆژ هات و چوو هاوین لە کزێی دا و گەلاوێژ بەرەو خرمانان خزی گیسک قەڵەو و بە کەیف و سەرخۆش بوون و بەو ڕۆژگارە درێژەی هاوین خەریکی ڕمبازێن و سمکۆڵ و جیفرک لەخۆدان بوون و لێم یاغی ببوون. ئەوان لە سەرسفرەی ڕەنگین و پر گوڵ و گوڵزار و مێرگ و چیمن و دۆڵ و دەشت، دەلەران و دەڵەوەڕان. دایم سەرگوڵیان دەخوارد و شیرەی گژ و گیایان دەمشت و خاشەی منیان دەکێشا.

ئەمیش لە سایەی پر پیت وبەرەکەتیانەوە بە ڕۆژ لەو دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ و لەم یاڵ بۆ ئەو یاڵ وێڵ و لێڵ و سەرگەردان بەدوویانەوە وەک داوەڵ ڕەش هەڵگەڕابووم. هێندەم دەم دادەچەقاند بڵێم ئیخە وەرە کە شەوانەش بە کاوێژی ئیخە وەرە لە شیرنەخەودا ڕادەپەڕیم. تاکوو ڕۆژێکی یەکیان خۆی بە پەڵێکەوە کرد و قاچی شکا و کوشتمانەوە. ئای چەند بەتاسە بووم گۆشتاوی یەکێ لەو گیسکانە بخۆم. گوشتاوی دیزەی ناو تەندوور. دایکم گۆشتاوێکی چەور و چلێک و خۆشی پێ لێنا و سەر دلم پڕ بە دلم چەور کرد. بەڵام داخەکەم ئەوەش بوو بە خەون و خەیاڵ و وەگیانمان نەکەوت.

ئێوارێ وەک هەمیشە ڕۆژ پەڕی و شەو داهات و تاریکی خۆی بەو ناوەدا کێشا. هەموومان بۆ خواردنی شێوی شەو کۆبوینەوە. هێشتا لە خوارنی گۆشتاوی مام گیسک تەواو نەببوین کە لە پر گرمەیەکی بەسام ئاهۆنی ئەو ناوەی شێواند. بوو بە هاوار و قیژە، بابم گووتی ڕاکەن بۆ کونەتەیارە. ئەو دەم هەر بنەماڵەو کونەتەیارەی خۆی هەبوو. گوتم تا بەشە گۆشتاوی خۆم نەخۆم نابزووم. ئاخر منی مێر منداڵ هێشتا ترس پێم هەڵنەگەڕابوو. ئەوەی فکرم لێ نەدەکردەوە مردن بوو. دوای خواردنی شێوی شێواو بە پرتاو و هەڵەداوان بەناو کۆڵانی تەنگ و تاریک کە بە بۆنی مەرگ تەنرابوو خۆم هەڵدایە کونە تەیارەی خرێ حاجیان و بە پاڵە پەستۆ و چیرە چیڕ و خۆ وێک هێنان و هەناسە بڕکە وەک فیشەکی شێت خۆم خزاندە ناو ورگی کونە تەیارەی تاو نەدیو. تا شەو شەق بوو و وڵات ئاهۆن بۆوە ماتەمان کرد. دواتر بە تاساوی و تەزیوی، بەرگ شڕ و تۆز و خۆڵاوی لە شەوەزەنگی ڕەش گەڕاینەوە باوەشی ماڵی تاریک و تنووک بەشکو سەرخەوێک بشکێنین.

بەو جوورە ڕۆژگاری دوور و درێژی هاوین بە زۆرەملی و پاڵ پێوەنان تێدەپەڕی و بە دەست لەشکری بێ شەرمی ژیانەوە پێوە ببوین.

## گلەیی و گازندەکانی داربەڕوویەک



مەریوان. سیروان کریمی زادە

من داربەڕوویەکی پیرم، لە نێو دڵی دارستانەکانی زاگرۆس ڕیشەم چەقاندووە. ساڵانێکی زۆرە لە ژێر چەتری ئاسمان لەنێو هەوای پاکوخاوێن، باران و بەفر تێپەڕبوونی کاتم دیوە. لە هەر گەڵایەکم چیرۆکێکی عەشق بە زەوین و ئاوازی بای تێدایە،
ئەو چیرۆکانەم بەگوێی هەموو گیانلەبەرێ ئەگەیشت بەڵام ئێستا دەنگی گۆڕان و لەناوچوون و مەرگ جێی ئاوازی سروشتی گرتوە.
مرۆڤ و کەرەستەکانی بێ بەزەییانە بەربوونەتە دارستانە پیرۆزەکانی زاگرۆس. هاوڕێ بچووکەکانم ئەو داربەڕووە تەمەن جوانانە ڕۆژگارێک هیوایان بە ژیان بوو ئێستا شاهێدحاڵی لەناوچوونی خۆیانن. ئێش و ئازارم لە ڕیشەکەم لە بنی عەرز تا ئاسمان تێدەپەڕێنێت. لەناوچوون و مردن هەموو سروشتی گرتوە. لە نێو ئەم تاریکییەدا هێشتا تروسکەیە هیوا لە نێو لق و گەڵاکانم دەبینرێت. هەر شنەیەک کە لێم دەدا ڕۆژانی پێکەنین و دڵخۆشی وەبیر دێنێت، ئەو ڕۆژانە مرۆڤ و سروشت دەست لە ناوی دەست لە ئاشتی و خۆشیدا ئەژیان، لەوانەیە ئەو چیرۆکە درگایە بێت بۆ ئەو مرۆڤانە کە هێشتا عەشق بەسروشت لە دڵیاندا زیندووە.
من داربەڕوویەکم هێشتا لەسەر پێم، هەر لقێکم ڕووبە ئاسمان هەڵکێشراوە و پەیامێکی پێیە:(گەڕاندنەوە بۆ ڕیشە گەڕاندنەوە بۆ ژیانە).
ڕۆژێک دەبێت نەوەی نوێ دووبارە بە دەستێکی پڕ لە هیوا دارستانەکانی زاگرۆس زیندوو بکەن ئەوان بە زانینی چیرۆکی من لە هەڵەکانی ڕابردوو دەرس وەرگرن. دووبارە گوێ بگرینۆ بۆ ئاوازی گژەبا و چریکاندنی پەلەوەرەکان.
ئەم چیرۆکە تەنیا چیرۆکی من نیە چیرۆکی هەموو دارستانەکانی گۆی زەوییە. لە ناخمدا چیرۆکێکی شاراوە لە پەیوەندی قووڵی ژیان و سروشت و نرخی هەر دڵۆپێکی باران و هەر شنەی بەیانی دەبینرێت.
ئەمڕۆ ئێش و ئازار هەمووی دنیای گرتووە بەڵام دوام ڕۆژ بە ویست و ئیرادەی هەر جەوانێ سێبەرێ لە تاریکی جێی خۆی ئەدا بە هیوا و ڕۆشنایی.
من دیسان گوێ دەگرم بۆ شنەی با لە هەر هەناسەی گەڵاکانم چیرۆکی ڕابردوو خەیاڵی داهاتووی گەش شاراوەیە.
(ژینگە دۆستی ئەرکە، ئەخلاقە، پێکەوە ژیانە)



شعر:" افشین یداللهی "

وەرگێران: سەقز. ف.ر.ئومێد

ئەو رۆژەی وا ئێخەی نەبوون بە دەستی بوون پچڕا و دڕا
ئەو رۆژەی پێش لە ئەزەڵ و بۆ هەمیشە چاوت کێشرا
ئەو کاتەی کە زەوی نازی چاوانی تۆی بۆ خوا کێشا
ئەو کاتەی تامەزرۆیی تامی تۆی لەگەڵ فرمێسک چێشا
من عاشقی چاوی تۆ بووم نە عەقڵی بوو نە دڵی ما
من نامەوێ کە تێبگەم کە شێت کێیە و کێیە زانا
یەک چرکەبوو عاشق بوون و دونیا تەنیا ئەو چرکەیە
بۆ هەتایی چاو و عەقڵم یەخسیری تۆ و ئەو رکەیە
کاتێ کە من عاشقت بووم شەیتان بەرەو من سوژدەی کرد
ئادەم هەتا زەوی هات و ئاسمان بەرەو من سوژدەی کرد
من مابووم و چاوانی تۆ نە گڵێک و نە ئاگرێ
من هیچ نازانم کامەیە شێتی و عەقڵی گرێ گرێ
من عاشقی چاوی تۆ بووم شایەت لە عە شق عاشقترم
شایەت پێش لە عەشق ئەمن عاشقانە بۆ چاوت مرم
هەوەڵ و کۆتایی شێعرم باسی ماچی چاوم و چاوتە
ئەی زاناترینی شاعیر با هەڵەش بێ سەروا چاوتە

## به هار



مەهاباد . ئاڕگەش

سۆزی سەرمای سەرماوەز
لەگەڵ ساردی مەیلی یار
سەهۆڵ بەندە گوند و شار
با دەرکەوێ تیشکی هەتاو
شەختە و زستان ببێ تەواو
دەرچین لە تۆف و کرێوە
بگەینە نێو خاکەلێوە
سروە مزگێنی بەهاری بێنێ
بۆنی گوڵان و ئازادی بێنێ
بیکەینە شایی زستان رۆی نەما
پێشوازی بکەین لە بووکی بەهار
لەگەڵ دۆست و یار بە چەقڵە سەما.

## سەربازی شەڕ



ورمێ. حەسەن حەسەن پوور

ڕاوەستاوین لە وێستگە، بە دڵێکی پڕ جەخارەوە
فرمێسکی دنیا دەبینم بە چاوی ئەم ئێوارەوە
دەڕۆین بەرەو نادیاری دوارۆژێکی کەس نەدیتوو
تاکوو باوەش بگرینەوە بۆ فریشتەی مەرگ زوو زوو
بە خەت کران تازە لاوی دڵ پڕ لە خۆزگە و ئارەزوو
سەربازی شەڕ، کە لێی ونە مانای ژیانی داهاتوو
بەرەو سنوور بەرەو شوێنی لە خۆشەویستەکەم بە دوور
قینی ڕەشی ڕێبەری شەڕ، بە خوێنی لاوان بێتە سوور
خوداحافیز گوڵی جوانم، بڵێی بتبینمەوە دیسان؟
بڵێی ڕوو بە نیگای تۆوە، بپشکوێ چاوی چاوەڕوان؟
شەڕە و دەزانی هەر دەبێ لایەک بدۆڕێ و هەڵشکێ
چۆمی ڕق و قین لە دڵی ڕێبەری شەڕدا بوشکێ
تا دووکەڵ و گرمە و زیڕە ئاسمان و عەرزی دابگرێ
تاکوو شەهید لە هەردوولا لە دایک بێ و مرۆڤ بمرێ
بڵێی مۆتەی ڕەشی دووری بچێ و جێ بێڵێ شەوگارم؟
بڵێی کەس تێ بگا گیانە، چەنێ لەم حاڵە بێزارم؟

## نەورۆز

مەهاباد . ئاڕگەش

لە کونجی خەم دەناڵێنم وەکوو نەی
بە خوڕ ئەسرین ئەبارێنم بە جێی مەی
بەهاری کوردە، نەورۆزە و سەری ساڵ
بە نەغمەی بولبولان گوڵ دەدڕێ ئێخەی
بەهار هات و نەهاتی بوویە قاتی
تەمەن ڕۆیی و سەبری من هەتا کەی
ئەوا زەردی تەمەن داویە لە ڕەنگم
کە ئێزنم دە لە باخی سینە و بەی
لە کوێستان خاڵ خاڵ بەفری تواوە
ئەوا گیان هاتەدەر رووح گەیشتە سینەی
نەهاتی جارێ بۆ جێژوان بە لاوی
هەتا پیریم بە ئینتیزار بوو تەی
هەموو میوانی بێ وەختین لە ژێر خاک
کە شای جوانان بێ یان شاو خاوەنی کەی
وەرە جارێکی ماچ کەم زاری چووکت
بە نەورۆزانە، ڕوژێ بژیم بە بێ وەی.

# تاقە وێنەی زانایەکی ناوداری کورد بۆ یەکەم جار بڵاو دەبێتەوە



لێکۆڵینەوە: موحیب مەهابادی

لە لاپەڕەی ١٩٦ی ئاڵبومی مێژوویی عەلی خان والی قاجار وێنەیەکی تایبەت سرنجی ڕاکێشام کە لە ژێرەوەی بە فارسی نووسراوە:

"حاج ملا عبدالله افندی از جانب دولت عثمانی برای تبعید تبعه متمرده عثمانی از کویه سنجق ولدت خود بساوجبلاغ آمده"

"حاجی مەلا عەبدوڵلا ئەفەندی لە زێدی خۆی کۆیە ڕا بە ناوی حکومەتی عوسمانیەوە هاتووە بۆ ساباڵغ (مەهاباد) بۆ دیپۆرتکردنەوەی هاووڵاتیەکی یاخیبووی عوسمانی"

بەڕای من ئەو بەڕێزە زانای ناوداری کورد "حاجی مەلا عەبدوڵلا جەلی"یە کە لە سەردەمی عوسمانی قازی ناوچەکە بووە و دەکاتە باوکی بلیمەتی نەتەوەیی مەلای محەممەدی گەورەی کۆیە و باپیری بیرمەند و کەسایەتی ڕووناکبیری کورد مامۆستا مەسعود محەممەد، هەر وەها شایانی باسە ئەم وێنەم لە ئاڵبۆمی وێنەمێژوویەکانی عەلی خانی والی قاجار دۆزیەوە کە لە ساڵەکانی ١٨٤٦ تا ١٩٠٣ بە کامێرای خۆی تۆماری کردوون و ئەم وێنە لە لاپەڕەی ١٩٦ی ئاڵبۆمەکەی دایە و شایانی باسە وێنەی کەسێکی تر بە ناوی عەبدوڵلا پاشا هەر لەم لاپەڕە دایە کە نووسراوە قایمەقامی هەولێر بووە و هەر لەگەڵ حاجی مەلا عەبدوڵلا بە هۆی ئەم ئیشەوە هاتووە بۆ مەهاباد، وێنەکە وێدەچێت ١٨٩٠ یا چەن ساڵ پاشی بێت، کورتەیەک لە ژیاننامەی عەلامەی خوالێخۆشبوو: مامۆستا جەلی ناوی تەواوی مەلا عەبدوڵلای کوڕی مەلا ئەسعەدە، (١٨٣٤ ـ ١٩٠٨) شاعیرێکی کورد بوو کە لە ساڵی ١٨٣٤ لە شاری کۆیە لە دایک بووە. سەرەتای خوێندنی حوجرەی مزگەوتی لە لای باوکی بووە. لە قۆناغی فەقێیەتیدا هاورێی شاعیری ناوداری کورد حاجی قادری کۆیی بووە. پێکەوە ڕوویان کردۆتە ناوچەی باڵەکیان و لە گوندی شێخ وەتمان لە حوجرەی مەلا محەمەدی کاک عەبدووڵلا خوێندوویانە. مامۆستا جەلی لە ساڵی ١٨٧١ لەگەڵ باوکی حەجی کردووە لە ماوەی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی حەج مەلا ئەسعەدی باوکی کۆچی دوایی کردووە و لە وڵاتی حیجاز بە خاک سپێراوە، ئیتر خۆی گەڕاوەتەوە کۆیە و بووە بەجێنشینی باوکی. جەلی پێوەندی و ناسیاوی لەگەڵ مەلا و شێخانی دەروێشی ئەو سەردەمەدا بووە هی وەکو شێخ عومەری بیارە و کاک ئەحمەدی شێخ و عەلامە موفتی زەهاوی و هی دیکە. مامۆستا مەلا عەبدوڵلا "جەلی" هەڵبژاردووە وەک نازناوی شیعری و ئەمە لە دوای بووە بە نازناوی هەموو بنەماڵەکەی و بە "جەلی زادە"وە ناسراون. مامۆستا جەلی لە ساڵی ١٩٠٨دا کۆچی دواییکردوە، ڕووحیان شاد و یادیان هەرمان بێت، پێشکەشتان هاورێیانی هێژا و دڵسۆزی وڵاتی پڕ لە شانازی کوردستان



وێنەیەکی دەگمەن و مێژوویی لە شاری سلێمانی، ساڵی ١٩٤٨ی زایینی، خوالێخۆشبوو حاجی عومەری سەلیم ئاغای فەتاح ئاغای میران ئاغای زەنگنە، کە لەگەڵ دامەزراندنی شاری سلێمانیدا هاتوونەتە ئەم شارە، شایانی باسە کە خاوەنی ئەم وێنە دەکاتە باپیری بیرمەند و نووسەری ناسراوی کورد دکتور فریاد فازل عومەر وەرگری خەڵاتی تایبەتی سەرۆک کۆماری وڵاتی ئاڵمان، لێکۆڵەر، وەرگێڕ و دامەزرێنەر و سەرۆکی ئینستیتووتی خوێندنی کوردی لە بەرلین، ڕووحی حاجی عومەر ئاغا و کۆچکردووانی بنەماڵەی شاد و بەڕێز دکتور فریاد فازل تەندروست و تەمەندرێژ بن و هەر بمێنن بۆ کوردستان، پێشکەشتان بێ هاورێیانی هێژا و دڵسۆزی نەتەوە و نیشتمان . . . «بەسپاسەوە موحیب مەهابادی»



درد دل از کورد باشد ترس از آن غدار نیست!

حسرتا فردی چرا از قوم ما بیدار نیست؟ . . .

لەم دواییانەدا ئەم بەیتە شیعرە پرواتایەم لە دەستنووسێکی کۆن و مێژوویی‌دا دۆزیەوە، کە شێخ مەحموودی نەمر "مەلیکی کوردستان" بە زمانی فارسی لە کۆتایی ژیانیدا نووسیویەتی، منیش وەرمگێڕاوە بە کوردی و ماناکەی ئەوەیە، دەفەرمێت:

دەردەی دڵ بۆ کوردە، ترسم دوژمنی غەددار نیە!

زۆر مەخابن بۆچی کەس لەو میللەتە بێدار نیە؟ . . .

ڕووحی شاد و یادی هەرمان بێت، لەگەڵ وێنەیەکی دەگمەنی بەڕێزیان بە ساڵی ١٩٤٢ی زایینی لە ئەرشیڤی تایبەتم پێشکەشتان بێ هاورێیانی هێژا و دڵسۆزی خاکی پاکی نیشتمان . . . «بەسپاسەوە موحیب مەهابادی»



وێنەیەکی دەگمەن و مێژوویی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی، عومەر ئاغا و براکەی، دوو سەرکردە و شەرڤانی کوردن کە لە دژی ڕووسەکان شەڕ دەکەن، وێنەکە بەم نووسینەوە لە ڕۆژنامەی The Anderson Daily Intelligencer لە ١٠ی ژانویەی ١٩١٥ی زایینی بڵاوکراوەتەوە،(بەڕای من ئەو لاوە دلێرە هەمان عومەر ئاغای شەریفی شکاک بێت!) پێشکەشتان بێ هاورێیانی هێژا و دڵسۆزی کوردستان . . . «بەسپاسەوە موحیب مەهابادی»



هەولێر. موحیب مەهابادی

ئەوەی بو دڵ هەوێنی مان و ژینە؟
ئـەوین و رەمـزی دین و راپەرینە
لەناو دەریایی واتا هەستی تینوو
نقوومە و هەر خەریکی پـشکنینە
لەنێو گـوڵـزاری حیکمەت عـاشقانە
نـیـازی گوڵـبـژێری و گوڵـچـنینە
لەباوی بێکەسی دونیایی سەردەم
لە شاری دڵ سەفای دۆستان ببینە
لەکانگای تەنگ و تاریکی گیای غەم
بـەرەو خاکی هـەتاو هـیوام فرینە
لەداخ فرمێسک و ئاخی بێنەوایان
لە غـەدری دڵـرەقی نـاخ پڕ لە قینە
درا بـڕیار لە عەرشی پڕ لە هەیبەت
بگۆڕێت ئەم جیهانەی زۆری شینە
لـە ڕێدان شۆڕەسواری ئـاسمـانی
موحیب ڕزگاری ئەهلی دڵ شیرینە! . . .

هەولێر. موحیب مەهابادی

سـەردەمی خۆشی جـەوانی قەت لەبیر ناچێتەوە
دەوری بـەخـت و کـامـەرانی قەت لەبیر ناچێتەوە

خـۆشەویستی بەس دەکا پیشەی بـزانێ گەر مرۆڤ
عـەشق و سۆز و مـیهـرەبانی قەت لەبیر ناچێتەوە

دیـمـەنی پڕ هـەست و ژوانی پڕ ئـەوینی دڵـحەسێن
دۆست و بـەزنی گـوڵـنیشانی قەت لەبیر ناچێتەوە

ڕۆژگاری پاکو بێگەردی ئەوینداری ژیان یادیبەخێر
شـەوق و زەوقـی دڵ دەزانی قەت لەبیر ناچێتەوە

هـەستی دڵـداری دیـاری جوانی خوایە بۆ بـەشەر
بوو بە ڕەسمـێکی جیـهانی قەت لەبیر ناچێتەوە

مـەحوی ئیلهامی دەروونی بووم لە میوانی زەوی
تـایـبەت ئـەمـری ئـاسـمـانی قەت لەبیر ناچێتەوە!

پڕ لەعەرز و ڕۆح لەعەرشا بوو موحیببی عاشقان
ڕەمـزی مـێـعـراجی شـەوانی قەت لەبیر ناچێتەوە . . .



## زمان

سەردەشت. گزنگی خۆر

بۆ گەلان
کارتی پێناسە
زمان و ئاڵا و یاسا
زمان گرینگ وەک هەناسە
بیر و هزرە
وتەی بەرز و تەرزە
مێژووی پیوەندی گەلانە
دەنگی چرین و دەربڕینە
پەڕ و باڵی فرینە
دڵی نیشتمانە
هێما و هەوێنی هەرمانە
ڕووگەی سەربەخۆیی ژیانە
بەنرخ ترین میرات و سامانە
هۆی شایی بەخۆبوونە
جیاوازی و شانازی کورد بوونە
خۆینی شادەماری نەتەوەیە
کۆڵەکەی لەشکان نەهاتووی،
خۆڕاگری و تێهەڵچونە
دایک یەکەم مامۆستای دڵسۆزە
خاوەن هەست وهەڵوێست وهۆزە
بزە و شادی لە سەر لێوی ڕژاوە
زمانم بەشێوازی کوردی پژاوە



## ئەی بەهار هات

مەهاباد. جەعفەر مەعرووف(ژیار)

لێک بزووت قەتراوی بەفرێ، وا بە بەر نیسارەوە
وەک زەروو هات لێوی نایە، دەم گوڵی گوڵزارەوە
دێ گەزیزەش دەست لەگەردن، بەفری داناری زەوی
ڕادەژێنێ زوڵفی چیمەن لەو قەراغ و خوارەوە
چاوە چاوی سەر چڵووکان، باوو بەزمی خونچەیە
گوڵ چرۆی دا خۆی نواند، هەر وا بە باڵای دارەوە
وا لە پێدەشتی وڵاتم، لێوی داوە خاکەکەی
هەڵپەڕینی گوڵچرۆیە و، پەلکی گوێ بەو گوارەوە
بای شەماڵ هێناویە هەوری، پڕ لە بارانە و سەفا
دادەبارێنێ حەیات بۆ شوێن بە شوێن ئاقارەوە
ئاگری هەڵ بو لە شوێن و جێ هەواری ئاشقان
هەڵپەڕین حوری بەهەشتان لەو چیای چوارپارەوە
وادەڵێن نەورۆزە بەزمی، ژینی دوبارەی زەوی
ژینی سەد بارەی گەلی من، هەر بەدەست ئازارەوە
ئەی بەهار هات و منیش هەر وەک هەموو ساڵێک بەهار
ئەو دڵەم پڕ غەم دەمێنێ، سەر بە تاسەی پارەوە
چاوەڕوانی موژدەتم ،ئەی نەو گوڵی وەرزی بەهار
سەربەخۆیی چوار وڵاتی، ها بە دەست ئەغیارەوە
ئەی "ژیار" ئەو ڕۆژە دێت، چوارباغ ئەبێتە چوار چرا
دەست دەخەینە دەستی یەکتر، پاڵ بە پاڵ برپارەوە

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

# وجودییەت و کاریگەرییەکانی لەسەر ئەدەبدا



هەولێر. سعداللە نوری









وجودییەت یان ئێگزیستانسیالیزم (Existentialism) بیرۆکەیەکی فەلسەفی مۆدێرنەکە تیشک دەخاتە سەر ئازادییەکانی مرۆڤ و بەرپرسیارییەتییەکانی لە ژیاندا . ئەم فەلسەفەیە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەدەی نۆزدە و بیستدا گەشەی کردووە و کاریگەرییەکی بەرچاوی بەسەر ئەدەبیات و هونەری جیهانی دا هەبووە.

بەپێی ئەم فەلسەفەیە، مرۆڤ بێ هیچ پێناسەیەکی پێشوەختە لەدایک دەبێت و دەبێت خۆی بەرپرسیار بێت لە درووستکردنی ناسنامە و ماناکەی. فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی وەک ژان پۆل سارتەر، ئەلبێر کامۆ، و سیمۆن دێ بیڤوار لەم بوارەدا کاریگەرییەکی گەورەیان هەبووە.

لە ئەدەبیاتی وجودیدا، نووسەران باس لەوە دەکەن کە ژیان بە شێوەیەکی بنەڕەتی بێمانایە و مرۆڤ خۆی دەبێت مانا دروست بکات. ئەم جۆرە ئەدەبیاتە زۆرجار تیشک دەخاتە سەر کێشەکانی وەک : تەنیایی، دڵەڕاوکێ، ئازادی و بەرپرسیاریەتی، هەروەک لەپێشدا ئاماژەمان پێکرد وجودییەت بیرۆکەیەکی فەلسەفییە کە سەرنج دەخاتە سەر ئازادی و بەرپرسیارییەتی مرۆڤ لە دروستکردنی مانای ژیانی خۆی. بە پێچەوانەی پوچگەرایی، وجودییەت پێی وایە هەرچەندە ژیان لە خۆیدا مانای نییە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بە هەڵبژاردنەکانی خۆی مانا دروست بکات. ئەم بیرۆکەیە زۆرجار لە کارەکانی نووسەرانی وەک ژان پۆل سارتەرو ئەلبێر کامۆ دەبینرێت.

بۆ نموونە لە ڕۆمانی "The Stranger"ی کامۆدا کەسایەتییە سەرەکییەکە (مێرسۆ) لەگەڵ بێمانایی ژیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا دەبینرێت کە ژیان مانایەکی دەرەکی نییە، بەڵکو مرۆڤ خۆی دەتوانێت مانا دروست بکات.

**کاریگەرییەکانی وجودییەت لەسەر ئەدەبیاتی جیهانی:**

ئەگزیستانسیالیزم کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئەدەبیاتی جیهانی دروست کردووە، بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا. ئەم فەلسەفەیە وەک بنەمایەک بۆ چەندین ڕۆمان، شانۆنامە، و شیعر خزمەتی بەرچاوی کردووە.

١ ـ تاکەکەسی و ئازادی : نووسەرانی وجودییەت تیشک دەخەنە سەر ئازادیی تاکەکەسی و بەرپرسیاریەتیی هەر کەسێک لە ڕووی کردارەکانییەوە. ئەمە بووەتە هۆی دروستبوونی کەسایەتییە ئەدەبییەکان کە بەردەوام لەگەڵ کێشەکانی ژیان و بێماناییەکەی ڕووبەڕوو دەبنەوە.

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەگزیستانسیالیزم ئازادیی تاکەکەسە. لە ئەدەبیاتدا، ئەم بیردۆزە وەک هۆکارێک بۆ گەڕان بەدوای ناسنامە و مانا دەردەکەوێت. بۆ نموونە، لە ڕۆمانی "ئالۆزی"ی سارتەردا، کەسایەتییەکان بەردەوام لە گەڕان دان بەدوای مانای ژیان و ئازادیی خۆیاندا، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بیردۆزەکانی ئەگزیستانسیالیزمە. وجودییەت پەرە بە ئەزموونی تاکەکەسی دەدات و دەڵێت کە هەر کەس بە شێوەیەکی تاکەکەسی پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە. کەئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی چیرۆک و ڕۆمان و شیعرو شانۆنامە کە تیشک دەخەنە سەر ئەزموونە تاکە کەسییەکان.

٢ ـ بێمانایی و پووچەڵکردنەوە : زۆرێک لە کارە ئەدەبییەکانی وجودییەت باسی بێمانایی ژیان و پووچەڵکردنەوەی مانای ئاسایی دەکەن. ئەمە وای لە خوێنەر کردووە کە بیر لە مانای ژیان و ئامانجەکانی خۆی بکاتەوە.

٣ ـ نائومێدی و گەڕان بەدوای مانا :

گەڕان بەدوای مانادا یەکێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەدەبیاتی ئەگزیستانسیالیستی. لە شانۆنامەکانی سارتەر وەک "دەست بەسەردا"، کەسایەتییەکان بەردەوام لە گەڕان بەدوای مانای ژیان و ئازادیی خۆیاندا بوون. ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بیردۆزەکانی ئەگزیستانسیالیزمە کە پێی وایە مرۆڤ دەبێت خۆی بەرپرسیار بێت لە درووستکردنی مانایەک بۆ ژیانی.

لەلایەکی دیکەدا ئەگزیستانسیالیزم بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ نائومێدی لەدەمەقاڵێ و کێشەدایە . لە ڕۆمانی "بیگانە"ی ئەلبێر کامۆدا، کەسایەتییە سەرەکییەکە، مێرسۆ، بە شێوەیەکی سارد و بێهەستییەوە ڕووبەڕووی ژیان دەبێتەوە. ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی دەروونییە لەو بیردۆزەی کە ژیان بێ مانایە و مرۆڤ دەبێت خۆی بەرپرسیار بێت لە درووستکردنی مانایەک بۆ ژیانی.

٤ ـ بەرپرسیارییەتی :

بەرپرسیارییەتی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ئەگزیستانسیالیزم. لە ئەدەبیاتدا، ئەم بیردۆزە وەک هۆکارێک بۆ گەڕان بەدوای ناسنامە و مانا دەردەکەوێت. بۆ نموونە، لە ڕۆمانی "ئالۆزی"ی سارتەردا، کەسایەتییەکان بەردەوام لە گەڕان دان بەدوای مانای ژیان و ئازادیی خۆیاندا . ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بیردۆزەکانی ئەگزیستانسیالیزمە.

٥ ـ هەستی ترس و دڵەڕاوکێ : زۆرێک لە کارە ئەدەبییەکانی وجودییەت باسی هەستی ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن کە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ بێماناییی ژیان دروست دەبێت.

**نووسەرانی پەیرەوی وجودییەت:**

١ ـ ژان-پۆڵ سارتەر (Jean-Paul Sartre): یەکێکە لە بەناوبانگترین نووسەرانی وجودییەت . کارەکانی وەک "ڕێگای ئازاد" (Being and Nothingness) و ڕۆمانی "ڕەخنەگر" (Nausea) بە شێوەیەکی بەرچاو تیشک دەخەنە سەر بیرۆکەکانی وجودییەت.

٢ ـ ئەلبێر کامۆ ( Albert Camus): کامۆ بە شێوەیەکی گشتی وەک یەکێک لە نووسەرانی وجودییەت ناسراوە. کارەکانی وەک "بێگانە" ( The Stranger) و "ئەفسانەی سیزیف" ( The Myth of Sisyphus) باسی بێمانایی ژیان دەکەن.

٣ ـ فرانتس کافکا ( Franz Kafka): هەرچەندە کافکا پێش ئەوەی وجودییەت بە فەلسەفەیەکی جیاواز دەستنیشان بکرێت ژیا، بەڵام کارەکانی وەک "گۆڕەپان" ( The Trial) و "مەسخ" ( The Metamorphosis) بە شێوەیەکی بەرچاو تیشک دەخەنە سەر بیرۆکەکانی وجودییەت.

٤ ـ سیمۆن دی بیڤوار ( Simone de Beauvoir): هاوکار و هاوسەری ژان–پۆل سارتەر بوو. کارەکانی وەک "جێندەری دووەم" ( The Second Sex) بە شێوەیەکی بەرچاو تیشک دەخەنە سەر ئازادی و بەرپرسیاریەتیی تاکەکەسی.

٥ ـ سۆرێن کیرکگۆر ( S□ren Kierkegaard): وەک باوکی فەلسەفەی وجودییەت ناسراوە. کارەکانی وەک "ترس و لەرزین" ( Fear and Trembling) باسی هەستی ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن. ئەم نووسەرانە و زۆرێکی تر کاریگەرییەکی بەرچاویان بەسەر ئەدەبیاتی جیهانی هەبووە و بیرۆکەکانی وجودییەتیان بە شێوەیەکی بەرچاو لە کارەکانیاندا بەرجەستەکردووە.

## ئایا نان دان بە پەلەوەرەکان کارێکی دروسە؟



مەریوان. ڕۆشنا کەریمی

بۆ ئەنجامی هەر کارێک پێویستە فکر و لێگەڕینی لێ بکرێ کە کارەکە بە جوانی و هاوکات زانستی ئەنجام بدرێ بە تایبەت لە سەر کاری ژینگەیی سەوادی زۆری پێویستە.

بە خواردن دان بە پەلەوەر یا بوونەوەرەکانی تری سروشت چەرخەی ئەشێوێت و هەر شێوە دەست تێوەردان لەو سووڕەیدا هەڵەیە و یەک لەو ناهاوسەنگیانەی زیادبوونی حەشیمەتی جۆرە پەلەوەرێ لە بەراورد جۆرەکانی دیکەیە.

جۆرە پەلەوەرانێک زۆر ئەبن و چەندین گوونەی تر بە هۆی زۆر بوونی ئەوان لە ناو دەچن.

لە جێگەیەک وەک زرێبار، ئەبینن ئەو پەلەوەرانە بە جورێک نان و دانییان پێ ئەدەن، کە زۆر جار بینیومە خەڵک خۆراکی وەک فەک و چیپس و کەیک، نانی کۆنەی تەماوی و ماڵیی خۆیانی ئەدەن.

هاوڕێیان ئیمە تەنیا یەک جۆر پەلەوەر مان نیە!

زۆربەی پەلەوەرەکان هەستیارییان هەیە بەو خۆراکە بۆ ژیان و زیندو بوونیان دەخاتە خەتەر و مەترسی لە ناو چوون.

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان پەلەوەرەکان و تەنەوعەکانی تر، بۆیە پێی ئەڵێن تەنەوعی زیستی و ژینگەیی، بوونی ئەم پەلەوەرانە و چەندین پەلەوەر و گوونەیی تر لە گەڵ یەک ئەبێت بە هۆی درووس کردنی یەک سیستەم لە ئێکۆسیستمدا.

بە خۆراک دان بە یەک پەلەوەر چەرخەی تەبێعی سرووشت و ژینگە لە ناو ئەچێت، ئیمە خەریکین بەو دانە پاشی و خۆراکە تەعادوڵی تەبێعی واتە هاوسەنگی و فیزیولۆژی بوونەوەرانی ئەو ناوچە و ئەو موحیتە و تەنانەت فۆنۆلۆژی ڕوەک و رووبەرێک کە ئەو پەلەوەرە لەوێدایە لە ناوی ئەبین و ئەی شێوێنین.

لەوانەیە بە شێوەی کاتی یارمەتییان بەین، بەڵام بە شێوەی گشتی هۆکارین بۆ لە ناوچوونیان.

ئەوە کارێکی زۆر هەڵەیە، تکایە با ئاگاداری ژینگە و سروشت بین و بە باشی هەڵس و کەوتمان بێت لەگەڵ سروشت، ژینگە دۆستی ئەرکی ئەخلاقی هەموو تاکی کۆمەڵگایە.

بە چەن هۆکارێک ئەبێ خواردەمەنی بە ئاژەڵ وپەلەوەرەکان نەدەین

**یەک** هەر ئاژەڵ وپەلەوەرێک ڕژیمی خواردەمەنی جیاواز بە خۆی هەیە ولەو شوێنانەی تیا ئەژیت پێداویستی خۆی ئەدۆزێتەوە وکاتێک ئێمە خواردەمەنی پێ ئەدەین لەوانەیە تووشی نەخۆشین و لەناو چوون بێت،کاتێک ئێمە نان بە پەلەوەر بدەین ولەبەر قورسی ونەتوانینی هەزم کردنی ئەبین بە هۆکارێک بۆ مەرگ ولەناو چوونی

**هۆکاری دووەم** ئەهلی بوونەوە ئەو ئاژەڵ وپەلەوەرانە ونزیک بوونەوەیان لە ئینسان

بۆ نمونە کاتێک ئێمە خواردن بە گیاندارێک ئەدەین جۆرێک فێری ئەکەین کە زیاتر لە ئێمە نزیک بێتەوە و دواتر مەترسی هێرش کردنی لەسەرمان زۆر ئەبێت یان کاتێک خواردن بە ئاژەڵێک ئەدەین لەوانەیە بەهۆی نزیک بوونەوەی بە جادە وڕێگاوبان ببینە هۆکاربۆ ڕووداوی هاتووچوو وفەوتانی

**هۆکاری سێهەم** بە دانی خواردن بە ئاژەڵە وەحشییەکان لەوانەیە ڕەوتی ئاسایی لێ تێک بدەین و لە ڕەوەندی کۆچ و زاووزێ (تولیدمثل)کاریگەریمان ببێت بۆ نمونە کاتێ ئێمە بە پەلەوەرە کۆچەرییەکان لەو شوێنە خواردن بدەین چیتر ئەو لەو شوێنە ئەمێنێتەوە وئەبێتە هۆی گۆڕیانی هەڵسووکەوت وژیانی، زیاو بوونی زاو وزێ و زیاتر لە ڕادەبەدەرییان کە شتێکی نائاساییە

**هۆکاری چوارەم** کاتێک ئێمە تەنیا لە یەک شوێن تایبەت خواردن بە ئاژەڵ وپەلەوەر ئەدەین بۆ نمونە زرێبار ئەبین بە هۆکارێک بۆ زیاو بوونی ئاژەڵ وپەلەوەر لەو شوێنە وزیاتر بوونی نەخۆشین و ئەم نەخۆشینە لە ئاژەڵ وپەلەوەران بگۆزرێتەوە بۆ مرۆڤەکان

لە ڕاستیدا ئێکۆسیستم وسیکل ژینگە وسروشت بە خاتر ئەم دڵسۆزییە نازانستیانەی ئێمەی مرۆڤ تێک چووە

خواردنی مرۆڤەکان بە هیچ جۆرێک بۆ ئاژەڵ وپەلەوەرەکان گونجاو نییە وئەتوانێت خەسارێک زۆرلە سیستمی گوارشی بدات وتووشی نەخۆشییان بکات ولەم ناوە پەلەوەرەکان زۆرترین خەسار ئەبینن وتووشی فەوتان ولەناو چوون ئەبن



مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی (زایەڵە)

شەو دوای دەردم لەکوێ بێنم کە مەیلت دوورە لێم؟
چارەنووسی چاوچنۆک چاوی ئەمێستاش سوورە لێم

تۆ خودامی وا ئەنەلهەقبوون لە زارم ناگەڕێ
گەرچی تانەی تانەتاشان دارەکەی مەنسوورە لێم

ئاشقی تۆ با بەرەو شێتبوون سەری خۆی هەڵگرێ
پەنجەکێشانی هەموو لێم هەر هەموو سەگلوورە لێم

پەردەپۆشیی، پێکەنینی دێ بە ئیشارەی برۆ
باسی ڕسواییم بە ناوت، زایەڵەی بەرموورە لێم

شانەکانت هەڵگری ڕازی مەمی تۆ دەستمن
مەکرەشەرمی کاتی بزوانیانە وەک سەنتوورە لێم

گەرچی "عەیبە و وامەکە و ئامان "لە خێڵی سامرین
بووم بە مووسای سینی سینات، هێشتە خاوەن توورە لێم

ئەودەمانەی نیم و کووچەم هاتنت ڕاپۆرت ئەدا
بیستنی بۆی نەرمەهەنگاوت، شنەی باکوورە لێم

دوورەدەستیی لێوەکانت پیرەتاسەی گەستووم
چۆرە پادزەهرێ! هەتا نەیداوە مردن پوورە لێم

کەی وەکوو نالی بەیانی چاوت بۆ پرسیار ئەبەم
خۆم ئەزانم بێخەوە و ئاڵۆزە، وا مەخموورە لێم

بۆی نیە نەزمی غەزەل بێت و منەتبارم بکا
هەر کە زانی بۆت ئەنووسم، دێربەدێر مەجبوورە لێم

پاڵنگان. لوتفوڵڵا فەتحی"هەورام"

ئەمنو  زمسان  هەردۆێما  سەردێ
وەیلان کەۆتێنمێ هەریۆ بەدەردێ

جە هەوای سەردی بێ باکەن زمسان
خەفەت  بێ  حاکم  دڵمانە  دیسان

# چاوەڕێ



پیرانشار.هاوار لاجانی

یووسفم کەوتوومە چاڵێ،کاروان تێناپەڕێ
سەت مەخابن یار زولەیخاشم لە ون بووی ناگەڕێ
بێتە گۆڕم چاڵی عەشقی، با کەسێ نەمدا نەجات
هاوسەفەر ڕۆیی بە جێمام،وەک ڕەفیقی نیوەڕێ
گورگی برسی بۆتە دۆستی پاسەوانی ماڵەکەم
بۆیە کاتێ دێتە ڕاوێ، گێ دەبێت و ناوەڕێ
وا شەتاوی چاوەکانم پڕ خرۆشن، دێنە خوار
سەیرە گۆنام وا زەلیوە بۆتە جۆگەو ئاوەڕێ
پێ لە سەر دڵ دادەنێم و گوێ بە هاواری نەدەم
سوێند بە عەشق و خۆشەویستی، پێم نەماوە باوەڕێ
پاشی مەرگیش، شێعرەکانم وەک ئەویندارێ منن
نەک زولەیخایێ کە نێوم بردە سەر سەت لاپەڕێ
دەوری عەشق کۆتایی پێهات،خۆ دەبەر مردن نەما
حەز بە تەنیایی دەکەم زۆر،چیدی نابم چاوەڕێ
چاوەڕێی مەرگو نەمانم،ئیدی ناکەم مل کەجێ
بەسسە هاوار خۆ هەراکەت بێ سەدایە بۆ کەڕێ



پاڵنگان. لوتفوڵڵا فەتحی"هەورام"

چن وەشەن دەنگو نەواو پیرۆزێ
جیانەمانی جە قاڵەو هۆزێ
چن وەشەن سەربەرز چەنی هاوماڵێ
جە شادی وەشی پێ وەرە ناڵێ
چن وەشەن دۆژمەن کەوتەبۆ لەرزە
تارو مارکریۆ چا بەرزان بەرزە
چن وەشەن وەڵات شۆریۆ جە خیانەت
بێگانە تۆریۆ لاشۆ ئەهانەت
ریشەکەن کریۆ گێلی و نەزانی
دەردەو خەڵکەکەی  دەردو وێت زانی
جە لاشەو لەقیت نە تاشا پوازە
کەرات بەچیرۆک داستانەو ڕازە
کینەو بوغز و قین جە ناخت مازە
دارێ پەی سێوەر  جە  باخت  بازە
گۆشتەکەی موری پێشێچم هارِی
هەر ڕۆ بەجۆرێ ڕەنگیچم وارِی
باغیرەت ژیوە مەردانە ساچە
باعێزەت ژیوایت گێڵنەو واچە
هەر بە زینەیی نەبی بە مەردە
کەراڎ بە حماڵ وزانەت  پردە



# گرنگیی ڕەخنە لە ئەدەبی منداڵاندا

ڕۆستەم خامۆش – هەولێر

بۆ زیاتر گەشەسەندن و بایەخی زۆرتر و نووسینی جوان و ڕازاوە و داهێنەرانەو ئافراندنی دەقی ئەدەبی منداڵان، وەک ژانرەکانی: (شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت و تێکستی شانۆیی و ڕۆمان) لەلایەن شاعیران و نووسەرانەوە، جێگەی خۆشحاڵی و شایانی نرخاندنە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو نووسین و ئیشکردنە لە زۆرێک لە ژانرەکانی ئەدەبی منداڵاندا، بە گرنگ و پێویستی دەزانین کە ڕەخنەش بوون و ئامادەیی خۆی هەبێ، بۆ ئەوەی ئەدەبی منداڵان باڵاتر بێ، ئاخۆ بە چی باڵا دەبێ و چۆن پێشدەکەوێ؟ بەڵێ بە نووسینی شیعر و چیرۆک و هەموو ژانرەکانی تر، کە ئافراندنی تێدابێ و بە زمانێکی سادە و شیرینی منداڵ نووسرابێ، ئەوەش دەبێ ڕەخنەگر و توێژەری ئەو بوارە لێکۆڵینەوە و کاری لەسەر بکەن، بەڵام دەبێ ڕەخنەگری ئەو بوارە کێ بێ و چۆن بێ، یاخود چۆن ڕەخنە بگرێ؟ بەڵێ دەبێ ڕەخنەگر، کەسێکی: (بە ویژدان و دڵپاک و بێلایەن و ڕووناکبیر و ئەدەبناس بێ)، بۆیە باشتر وایە ڕەخنەگر خۆی بە دوور بگرێ لە هەر بیر و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیایەک، کە خۆی باوەڕی پێیەتی، چونکە ئەو دەبێ کار لەسەر دەق بکات و جوانیناسیی و بەهای ئەدەبیی دەست نیشان بکات و دەقە نائەدەبییەکانیش جیا بکاتەوە، مادام دەقەکە بۆ منداڵ نووسراوە، دەبێ ڕەخنەگر زۆر ورد و لێزان و شارەزایانە ڕەخنەی لێ بگرێ، باشتر وایە ڕەخنەگر: (ئەدەبناس و دەروونناس و پەروەردەناس و زمانزان بێ)، هەڵەو کەم و کوڕییەکان بخاتە بەرچاوی خوێنەران، نەک ئەو بێ باسی ئەو شتانە بکات و ڕەخنەیان لێبگرێ، کە خۆی باوەڕی پێی نییە و لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەو ناگونجێن و یەک ناگرنەوە.

ڕەخنەگری شیعری منداڵان (پاتریک گراف– ١٩٦٩) تێڕوانینی خۆی هەیە بۆ شیعر و ئەو پێی وایە بە هەندێ وشەی سادە و ساکار کاری داهێنەرانە دەکرێ، بەم شێوەیە لە بیرۆکەیەکدا ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ: ((ڕەنگە بەکاربردنی داهێنەرانەی کۆمەڵێک وشەی سادە و ساکار، ساناترین و باشترین و ڕوونترین شێوازی هەڵبەستنی شیعر بێت)).

بۆیە دەڵێین شاعیران و نووسەران پێویستە زیاتر خۆیان ماندووتر بکەن و هەوڵبدەن زۆرتر بزانن و فێربن، ئاگاداری بەرهەمە چاپکراوەکان بن بۆ منداڵان، چ ئەوانەی ناوەوە، یاخود هی دەرەوەی وڵات، بە پێی دەرفەت و کاتی گونجاویان پێویستە زانیاری زیاتر کۆبکەنەوە و خۆیان ڕۆشنبیرتر بکەن و هەوڵی داهێنان بدەن لە نووسینەکانیاندا، ئاگایان لە گۆڕانکارییە نوێیەکانی ئەدەبیاتی منداڵانی جیهان بێ، تاکو ئێمەی کوردیش لەگەڵ وڵاتانی جیهان ڕێبکەین و هەر هیچ نەبێ لە ڕەوتەکە جێ نەمێنین.

وە دەبێ شاعیران و نووسەرانمان خوێندنەوەیان زۆرتر بێ لە بوارەکانی: (ئەدەب و پەروەردە و دەروونناسیی منداڵاندا)، هەتا ئەدەبیاتی منداڵانی کوردمان بەرەو پێشتر بچێ و بە هەوڵ و تێکۆشانی قەڵەمی خەمخۆرانی ئەو بوارە، بگەیەنرێتە ترۆپک, چونکە ناکرێ و نابێ هەر وەکو دەیان ساڵ پێش ئێستا، کە چۆن بۆ منداڵان نووسراوە، ئێستاش هەر بەو شێوەیە بۆیان بنووسرێ و ئافراندنی تێدا نەبێ لە ڕووخسار و ناوەڕۆکدا، وە بابەتی ژانرەکە لەگەڵ ژینگەی ئێستادا یەکانگیر بێ.

من پێم وایە دەبێ لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە پێویستە هەوڵبدرێ و کار بکرێ بۆ نوێگەریی و داهێنان، چونکە منداڵانی ئەم سەردەمە زۆر جیاوازن بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، بەڵێ منداڵانی ئەم سەردەمە ئاشنا و ئاگادارن بە چەندان ئامێری زیرەک و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، بەکارهێنەری مۆبایل و ئایپادن، وریا و چاوکراوەتر و زیاتر دەبینن و دەبیستن و دەخوێننەوە، کەواتە: هەموو شتێک لە گۆڕاندایە و دەبێ ئەدەبی منداڵانیش پشکی هەبێ لە ئافراندن و لە تازەگەریی و گۆڕانکارییەکاندا.

مەبەستی سەرەکی من لەم نووسینەدا، بە گرنگ زانینی ڕەخنەیە لە بواری ئەدەبیاتی منداڵاندا، بۆیە بە پێویستی دەزانم ڕەخنەگری تایبەت بە بواری ئەدەبیاتی منداڵانمان هەبێ، ناڵێم نیە و هەر هیچ نەکراوە و نەنووسراوە لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، بەڵام پێم وایە دەبێ زۆر لەوە زیاتر بکرێ و دڵسۆزان و شارەزایان کاتەکانی ژیانیان و بەشێک لە تەمەنی بە نرخی خۆیان ببەخشن بەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگە، کە لە داهاتوودا ئەو منداڵانە دەبن بە خزمەتکارانی گەل و نیشتمان و ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵات دەکەوێتە سەر شان و ئەستۆی ئەوان.

بۆیە دەڵێم: دەبێ ڕەخنەگران نەهێڵن هەموو شتێک بەناوی ئەدەبی منداڵان، وەک: (شیعر و چیرۆک)و هەموو ژانرەکانی تر دەرخواردی هزر و مێشکی منداڵانی کوردمان بدرێ، پێویستە کارێکی وابکەن، کە دەقی شیاو و گونجاو بۆ منداڵان، لەگەڵ دەقی کرچ و کاڵ و نائەدەبیی منداڵان جیابکرێنەوە.

بەڕاستی دەبێ کەسانێک هەبن لە بواری ڕەخنەدا، بە تەواوی پێنووسەکەیان بۆ ئەو لایەنە گرنگەی ئەدەبی منداڵان تەرخان بکەن، بەڵکو ئەدەبی منداڵانی کوردمان، وەک ئەدەبی منداڵانی وڵاتانی پێشکەوتوو، بگاتە لوتکە و ئێمەش شانازیی بە سەرکەوتنی ئەدەبیاتی منداڵانی خۆمانەوە بکەین.

## قوتابخانە

بانە. هێلین موحەممەد ئەمینی

من ناوم هێلینە
شێوەم جوان و شیرینە
ئەچم بۆ قوتابخانە
حەزم لە دەرس نووسینە
خوێندن هۆی سەرکەوتنە
ئەویش بە تێکۆشینە
وانەکانم ئەخوێنم
مامۆستام زۆر شیرینە
فێری زانستمان ئەکات
وەک تیشکی خۆر زێڕینە
تا ماوم تێئەکۆشم
هۆی سەربەستی زانینە
کوردستانم خۆش ئەوێ
تاجی سەرمە ڕەنگینە

## ژینگە

بانە. هێلین موحەممەد ئەمینی



ڕۆژێ چووین بۆ ناو دەشتێ
لەژێر شاخێکی بەرز بوو
چووم بۆ سەر کانی و ئاوێ
ڕەنگی ئاسمانی تیا دیار بوو
سارد و فێنک بەفراو بوو
پەپوولە و گوڵی لە دەور بوو
زەوی و درەختی سەوز بوو
گوڵەبەڕۆژە و خۆر زەرد بوو
ژینگەی وڵات زۆر جوان بوو
ئەیپارێزین هەر هەموو

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

## دو قطعه شعر به گویش کوردی پەهڵەیی (کوردەلی)



ئاودانان. نەبی ئەحمدی

**–۱–**

منیش مرم
د بالووش بەلی
د ناونە دو داریچک
مەرج وەسم
ئەو روژە
بارو بوو
بایبوو
پاییز بوو
ئەو تو ناوێت....

ترجمـــه:
من هم‌می‌میرم/ درآغوش بلوط / درفاصله‌ی دودرخت جوان
شرط می‌بندم/ آن روز، / باران وباد وپاییزباشد/ و...تونباشی.

**–۲–**

"دار گیس برەیە ؟
کوورهال بێ کەوگ؟
کورد بێ پەلەمار؟
رەنج بیوەر؟

تا ئیمکە
داڵ بێدەسەڵات دینە؟
دار بێ دەمتەقە چە؟!"

: بای، ژ ئەور دیرسی
ئەور
تەنیا ؛ رووارِوو گریوِست.
بارۆنێ یەت ڤ دی...

ترجمـــه:
درخت گیسوی بریده؟/ کوه بی کبک؟/ کورد بی پناه؟
رنج بر باد رفته؟/ تا حالا / عقابی بی دست و پای را دیده‌ای؟
درختی بی صدا را چطور؟"/: باد ، از ابر می پرسید
ابر/ تنها، زار زار گریست/ باران ؛ / زاده شد

## پرسیاری



دێلێرۆ (دهلران). حوجەت خانی (بێ دەسهەڵات)

تۆ بەش ڤەم چە دوو؟ ئاخرێ چە دوو؟
دە کۆم بێ دەنگێ؟ کێیە دوو ڤە قوو؟

کێ ئاواز خونێ ئەژ ئەبوو عەتا
کۆم عاشق ئاخر تیرێ چوو خەتا؟

کۆم پەری چاوە دِ چنگ پیری؟
چوو دەێ دە گەزِ بەردِ ئەسیری

کۆم ئەسر چاوە ک ئاخر ئەسرە؟
کۆم شەی عاشقی ئاوارەی قەسرە؟

مووە کۆم کوردە ک ڤەر بێدەسی؟
دایم هەێ چرێ هووورەی بێکەسی

کۆم کەڵ زەخمییە ک ڤەر داکەلێ؟
قەور کەنێ دە کو ڤ دەس شەلێ

شاقەی کۆم کەوگە تەش نێ ئەژ بەلی؟
دوو ڤِ خاکیشتەر کەفێ دِ کەلی

ئەنارۆن رِزێ؟ کەڤەر؟ یا مانشت؟
سەر کۆم دەرڤەن مینێ بێباڵشت؟

داخ کۆم کەنێ؟ ئەژ کوردەواری
ئێقە سەنگینە کِ دەنگ ئەڵاری

سین کۆم دەوار دِ سەر پا مرێ؟
کۆم پەلنگ خەریف دچوو لا گرێ؟

تەش کۆم تەژگاو کە مینێ بێساج؟
کۆم بایە ڤەرێ تەشێ ڤ تاراج؟

کۆم شێرکە دارە ئاخر باخەوان؟
سەر نێ ئەڵ سەر ناڵەی ئەرغەوان

پرس کۆم شەممە ک کز و کوورە؟
ساونپرس تەنیا ناڵەی بلوورە

کۆم شێعرە مرێ شەو دە ڤەر خاو؟
غەزەڵ لارکی نێیای ڤ جەواو

خودایا مِ خو بێدەسهەڵاتم
ئەر بییەم بنەم سینەی ڤڵاتم

شێعرێ ڤ کوردی پەهڵەیی (کوردەلی)



# پەیوەندی لەنێوان شانۆ و ڕۆمان و هونەری شێوەکار یدا

سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی




**پێشەکی**

وەک چۆن کەرەستەی گێڕانەوە زمانە، کەرەستەی تابلۆکانیش ڕەنگن وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی، پەیوەندییەکی تۆکمەو دامەزراو لەنێوان شانۆ و ڕۆمان و هونەری شێوەکاریدا هەیە، هەرسێکیان ئەرکیان وێناکردن و بونیادنانی جیهانێکە، شانۆ و ڕۆمان بە وشە وێنای دەکات و شێوەکاری بە هێڵکاری و ڕەنگ، هەرسێکیان جیهانێک دەئافرێنن و خوێنەرو بینەر پەلکێش دەکەن بۆ ئەو جیهانە، هێزوو توانای ئەو ڕاکێشانەش پەیوەستە بەجوانی سەلیقەو لێهاتوویی نووسەر یان هونەرمەندەوە. هەندێک کەس لە چەندین بواری جیاوازدا بەهرەدار و کارامەو لێهاتوون. شانۆنامەنووسیش بەهەمان شێوە لە دەقە شانۆییەکانیدا وێنەی سەرنجراکێش دەئافرێنێت، ڕۆماننووس هەیە جگە لەوەی لەناو دەقی ڕۆمانەکەیدا چەندین تابلۆ بە ووشە دەنەخشێنێت، وێنەکێشیشەو بە هێڵ و ڕەنگ تابلۆی جوان دەنەخشێنێت. بەتێگەیشتنی من میوزیک و شێوەکاری زمانی ئاماژەن و دەکرێت زمانە جیاوازەکان تیایدا قوڵ ببنەوەو تێبگەن و بەناخی بابەتەکەدا شۆڕببنەوە، وەلێ دەقێکی نووسراو پێویستی بە زانینی زمانی دەقەکە هەیەو نەزانینی ئەو زمانە بێبەشمان دەکات لە چێژی ئەو جیهانەی ئەفراندوویەتی، سینەما کە بە هونەری حەوتەم ناسراوە هەموو هونەرەکانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوەو لە هەموویان کاریگەرترە.



هونەر جیهانێک دەئافرێنێت، لەگەڵ خۆیدا پەلکێشمان دەکات بۆ جیهانی تایبەتی خۆی، (جۆن ڕوسکن) پێی وایە: (هونەر جگە لەوەی سودبەخش بێ دەبێ جوانیش بێ)، (ئۆسکار وایڵد)یش بڕوای وابوو: (هونەر بەتەنیا دەتوانێ لە مەترسییە ڕاستەقینەکانی ژیان بمانپارێزێ)، ئەگەر نەشمان پارێزێت لە مەترسیەکان بەئاگامان دەهێنێتەوە.



**تابلۆ و ئیلهام وەرگرتن لە شانۆ و ڕۆمان**

بۆدلێر خۆی هەمیشە خەیاڵی وەکو پادشای گشت هێزەکان دەبینی، مالارمیەیش سەرپەرشتی گۆڤاری سیمبۆلیزمی دەکرد ئەمەش پەیوەندی نێوان شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی شێوەکار بەگشتی و سیمبۆلیزم بەتایبەتی زیاتر بەهێزتر کرد بەجۆرێ کە ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی شێوەکار لە هەمان کات نووسەریش بوون و ژمارەیەک نووسەریش لە هەمان کاتدا کاری هونەری شێوەکاریان دەکرد، ئەم ئەتمۆسفێرەیش سنوورەکانی نێوان هونەری شێوەکاری و شیعر و دوا بەشەکانی ئەدەبی بچووکتر کردبووەوە، ئیدی بینەر جگە لە چێژ وەرگرتن لە دونیای شێوە و ڕەنگی تابلۆ بۆی هەبوو بەدوای ڕەمز و مانایشدا بگەڕێ و تەرجومەی ڕەنگ و شێوەکان بکا بۆ هەندێ مانای دیکە وەکو ئاین یان سێکس.



۱ - ڕۆمانی (ئۆلیسیس)ی (جەیمس جۆیس) و نیگارکێشی فەرەنسی (هێنری ماتیس).

داوا لە نیگارکێشی فەرەنسی (هێنری ماتیس) کرا کە وێنەبکێشێت و لە ڕۆمانی (یولیسس)ی (جەیمس جۆیس)ەوە ئیلهام وەربگرێت، لە بەرامبەردا بری (۵۰۰۰) دۆلار پاداشتی دەدرێتێ، ماتیس بۆی دەرکەوت کە تەلیسمەکانی نووسینی جۆیس ئەستەمە شیکردنەوەی، بەڵام ماتیس زۆر پێویستی بە پارەی پاداشتەکە بوو، بۆیە ڕۆمانەکەی خستە لایەک و کۆمەڵێک وێنەی دروست کرد کە لەبری یولیسسی جۆیس ئیلهامبەخش بوو لە ئۆدیسەی هۆمیروس کە جۆیس وەک چوارچێوەیەک بۆ ڕۆمانەکەی بەکاری هێناوەو ئیلهامی لێ وەرگرتووە. بووە بەناوبانگترین بەرهەمی هونەری.

جەیمز جۆیس ( (۱۹۴۱–۱۸۸۲نووسەری بەتوانای ئیرلەندی، یەکێکە لە ناودارترین نووسەرانی سەدەی بیست و پێشەنگی شێوازی گێڕانەوەی تەوژمی هۆشیاری: ( Stream of consciousnessلە چیرۆک و ڕۆماندا. ناودارترین بەرهەمی ئەو ڕۆمانی (ئۆلیسیس)ە کە بە ڕای زۆربەی ڕەخنەگران گرینگترین ڕۆمانی سەدەی بیستەمە لە جیهاندا. لە بوارەکانی (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان و شانۆنامە)دا نووسیویەتی و بەرهەمەکانیشی بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێردراون.



(جەیمس جۆیس) ڕۆمانی (ئۆلیس)ی لە ماوەی حەوت ساڵدا نووسی، یولیسس (یان: ئۆلیس) (Ulyssesکە وەک باشترین و بەرزترین و شکۆدارترین ڕۆمانی سەدەی بیستەم ناسراوە، کە دواجار لە ساڵی ( (۱۹۲۲دا بڵاوبووە. دەقی ئەم ڕۆمانە لە سێ شاری جیاواز نووسراوە. بە زمانی جیا جیا و بە تەواوی لە دەرەوەی ئیرلەندا، چونکە (جۆیس) ژینگەی فیکری و کەلتوری تاسێنەری ئەویێ لە ساڵی ((۱۹۱۲وە بەجێهێشتبوو.

یولیوسێس لە سەر بنەماکانی ئۆدیسەی هۆمەر یان هۆمیروس بونیادنراوە، بەڵام باس لە ژیانی سەردەمی شار دەکات. دابڕانێکە لە گەڵ ئەدەبی دەشت و دەر و سروشت و ڕۆمانسیەت. جۆیس لە ڕێگای زمانەوە دونیا دەخولقێنێت. ئەم ڕۆمانە وەرسکەرە، تووڕەکەرە، بریندارکەرە، پرسبزوێنە، جەفەنگیە، هەندێک جار تا شریخەی قاقا دەتبات، زمانی ڕەشۆکییانەی تێدایە، زمانپاراویی تێدایە، ڕەگەزپەرستیتی تێدایە، دژە–ڕەگەزپەرستیتی تێدایە، مرۆڤدۆستییە، تاریکە، ڕوونـاکە، ناڕوونە، ڕوونە، یاساشکێنە، لێوانلێوە لە ناوزراندن، بێدینی تێدایە، دینپەروەری تێدایە، خەیاڵییە، کەتوارییە...تد.

چەقی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە شاری دەبلنی پایەتەختی ئایرلاندە و هەموو ڕووداوەکانیش لە کاتژمێر ۸ی بەیانیی ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٠٤دا دەست پێ دەکەن، تا بەرەبەیانی ١٧ی حوزەیران. نووسەر بە وشە بەشێکی زۆری تەواوی شاری دەبلنی ئەو سەردەمەی دارشتووەتەوە. ناوی زۆر گەڕەک و شەقام و دوکان و مەیخانە و کەسێتیی ڕاستەقینە و وێناکراوی تێدایە.

ئامانجی لە نووسینی ئەم ڕۆمانە ئەوەبوو کە وێنەیەکی (دوبلین) نیشانی جیهان بدات. وێنەیەکی ئەوەندە کامڵ کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم شارە لەناکاو لەسەر زەوی سڕایەوە، بتوانرێت لەسەر ڕۆمانەکەی دروست بکرێتەوە.

ڕۆمانی ئولیس زۆر ڕۆدەچێتە ناو وردەکارییەکانی دینی مەسیحییەوە، بە تایبەتی پەیڕەوی کاسۆلیک. چونکە وڵاتی ئایرلاند لە مێژە زۆر بە دینەوە وابەستەن و لە ساڵی ١٩٠٤دا، کە ساڵی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە، زۆرینەی وڵاتەکە سەرسەختانە پەیڕەویی کاسۆلیکیان کردووە. (جەیمس جۆیس) خۆی لە قو تابخانەی یەشووعییەکان خوێندوویەتی و شارەزاییەکی قووڵی لە دینی مەسیحیدا هەیە و لەم ڕۆمانەشدا هەموو سووچێکی ئەم دینەی خستووەتە ژێر تیشکی سەرنجی خۆیەوە.

۲ - ڕۆمانی (دۆن کیشۆت)ی (سێرڤانتس) و لە هزرو پەرەوومچی نیگارکێشانی جیهاندا.

گۆڤاری ئیلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

ڕۆمانی بەناوبانگی (دۆن کیشۆت)ی ڕۆماننووسی ناسراوی ئیسپانی (سێرڤانتس)، سەرچاوەیەکی ئەفسووناوی بوو بۆ نیگارکێشان لە جیهاندا، (سلڤادۆر دالی و پابلۆ پیکاسۆ) هەریەکەیان بە شێوازی تایبەتی خۆی نیگاریان کێشاوە، سەرەڕای سادەیی تابلۆکەی پیکاسۆ، کە ناسراوە بە شۆڕشگێڕە بەناوبانگەکە. بینەر پێویستی بە پێشەکییەک نییە بۆ تابلۆکە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بزانێت کە شۆڕشگێڕە بالابەرز و لاوازەکە (دۆن کیشۆت)ە.

)دۆن کیشۆت( سکێچێکی ناسراوی )پابلۆ پیکاسۆ(یە کە لە ساڵی ((١٩٥٥لەسەر داوای شاعیر )لویس ئاراگۆن( بۆ گۆڤارێکی ئەدەبی فەرەنسی دروستکراوە. ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکە بە تەواوی تەرخانکرابوو بۆ کارەکانی نووسەری ئیسپانی )میگێل دی سێرڤانتێس(. پیکاسۆ کارەکتەرەکانی بۆ وێنەکە لە ڕۆمانەکەی میگێل وەرگرتووە کە هەمان ناونیشانی هەیە. ئەوانیش دۆن کیشۆت و هاوڕێکەی سانچۆ پانزا.

نیگارکێش (ئۆنۆری دومیەر) ( Honor□ Daumier)لەسەر بنەمای ڕۆمانی (دۆن کیشۆت) زنجیرەیەک وێنەی کێشاوە، کە دەتوانرێت بە یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی هەژمار بکرێت. زیاتر لە هەر بەرهەمێکی دیکەی، (دومیەر) دەیزانی، بەپێی قسەی توێژەران، چۆن (لەدایک بوونی بەرەبەیانی نوێ) لە هونەری ئیسپانیدا ڕابگەیەنێت، (دومیەر) لە تابلۆکانیدا وێنەی ئەو شۆڕشگێڕە ئازایەی کێشاوە کەنوێنەرایەتی سەردەمی پیاوە نوێیەکەی کردەوە، هەمیشە لە بیابانەکاندا بە ئەسپەکەیەوە بە پەلە دەڕۆیشت، تەنانەت ئەگەر بە تەنیاش بووبێت. بەڵام هەمیشە بەدوای ئاسۆی خۆیدا دەگەڕێت و متمانەی بەخۆیەتی کە بە ناچاری لە کۆتایی ڕێگاکەدا دەیدۆزێتەوە. بەم شێوەیە ڕوونە کە (دومیەر) لە تابلۆی (دۆن کیشۆت)دا، ناتوانرێت تەنیا بە نیگارکێشێک هەژمار بکرێت کە واقیع یان ئەوەی لەم واقیعەدایە دەیەوێت ڕەنگدانەوەی هەبێت، بەڵکو هونەرمەندێکە دەیەوێت تابلۆکەی لە بزاوتی کۆمەڵگادا چالاک بێت.

هەروەها (دۆن کیشۆت و سانچۆ) لە کاتی ڕۆشتندا بە پەرەمووچی هونەرمەند گوستاڤ دۆر ( (١٨٦٣) Gustave Dor□)کێشراوە، چەندین کاری پەیکەرسازیشیان بۆ کراوە وەک: پەیکەری دۆن کیشۆت و کەرەکەی لە شاری غەرناتەی ئیسپانیا. پەیکەری برۆنزی دۆن کیشۆت و سانچۆ پانزا لەلایەن پەیکەرتاش لۆرێنزۆ کۆیلۆ ڤالێرا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ بۆ ١٩٣٠. لە بەرهەمەکانی هەندێک لە شاعیرانی عەرەبدا چەندین جار ئاماژە بە (دۆن کیشۆت) دراوە وەک شاعیران: (نزار قەببانی، مەحمود دەرویش، بەدر شاکر سەیاب....هتد).

ڕۆمانی دۆن کیشۆت یەکێ لە پرفرۆشترین کتێبەکانی وێژەی جیهانە. بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە لەساڵی ١٦٠٥ بلاوکرایەوە، بەشی دووەمیشی لەساڵی ١٦١٥ بلاوکرایەوە. زۆرێک لە ڕەخنەگران بە یەکەم ڕۆمانی ئەورووپی مۆدێرن و یەکێک لە گەورەترین بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی جیهانییان زانی. ئیسپانیا ڕێزی لێگرت بە دانانی وێنەکەی لەسەر دراوی نوێی ( (٥٠سەنت. بایەخی ڕۆمانی (ئۆجین ئۆنیگین)ی پووشکین، بەو زمانە شیعرییەوە بەندە کە پێی نووسراوە. زمانی ڕووسی مردبوو، پووشکین بەو ڕۆمانە گیانی بە بەریدا کردەوە. بەهەمان شێوەش سێرڤانتێس کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمانی ئیسپانی هەبووە، بەجۆرێک کە پێی دەگوترا زمانی سێرڤانتێس. هەروەسا (خەڵاتی سێرڤانتێس) کە ناوی ئەوی لەسەرە، شەرەفێک بوو بۆ بەرهەمەکەی دۆن کیشۆت کە بە زمانی ئیسپانی بلاوکرایەوە.

لەساڵی ((٢٠٠٢دا دەستەی کتێبی نەرویجی، لیستێکی بەناوی باشترین ( (١٠٠کتێبی ئەدەبی لە مێژوودا ئامادە کرد، ئەدیبانی ( (٥٤وڵات بەشدار بوون. دوای گفتوگۆیەکی زۆر، بڕیاریان دا، ڕیزبەندی بۆ بەرهەمەکان نەکەن و تەنیا بنووسن، ئەم ( (٩٩کتێبە، هەموویان دووەم باشترین بەرهەمی ئەدەبین لە مێژوودا. بەتەنها (دۆن کیشۆت)، بە یەکەم بەرهەمی ئەدەبی هەژمار کرا. یەکێک لە فیلمەکانی کۆمپانیای سینەمایی (واڵت دیزنی) چیرۆکەکەی لەڕۆمانی (دۆن کیشۆت)ەوە وەرگیراوە.

ئەگەرچی هەندێک وەک کەسەیاتییەکی گەمژەو نەفام وێنای دەکەن و بۆ ئەوەی کەسێکی گەمژەو ئامانج نادیدە بناسێنن بە کەسایەتی (دۆن کیشۆت)ی دەچوێنن. وەلێ دۆن کیشۆت نە تەنیا نوێنەری (بێ عەقڵییە ئینسانییەکان) نییە بەڵکو ئەو خۆشی مرۆڤێکی بێ عەقڵ و ئەحمەق نییە. کام مرۆڤی عەقڵ سووکە ئەم ئارمان و ئامانجە مرۆڤدۆستانە بەرز و بێ وێنانە دەخۆیدا کۆبکاتەوە و گیان و سەرو ماڵی خۆی بۆ بەخت بکا؟ تۆرگینیەف دەنووسێ: بۆ خۆ ژیان و لە غەمی خۆدا بوون، شتێکە کە دۆن کیشۆت بەشەرمی دەزانێ ئەگەر بتوانین ئەوە بێژین، ئەو هەمیشە لە دەرەوەی خۆی و بۆ دیتران دەژیا. بۆ برایانی خۆی دەژی و بۆ بەرەنگاری دەگەڵ ئەو هێزانەی کە دوژمنی ئادەمیزادن دەژی. وە لۆرد بایرۆن لەمەڕ ڕۆمانی سێرفانتێس بەدروستی نووسیویەتی کە: دۆن کیشۆت لە هەموو ڕۆمانێک غەم هەژێنترە. وە بەتایبەتی بۆیە غەم هەژێنە چونکو دەبێتە هۆی پێکەنینمان. پاڵەوانی ئەو داستانە پیاوێکی دروستکارە و هەموو کات لایەنگری حەق و عەداڵەتە. تەنیا ئامانجی ئەو، بەرەنگار بوونەوەی زاڵمانە.... هەروەها سانکوش ئەوەندەی نیشان دەدا ئەحمەق و ساویلکە نییە و ئەو جۆرەی ئۆرونبۆرگ نووسیویەتی: زرنگی و چەشنێک فەلسەفەی کردەیی تایبەت بەخۆی هەیە. وەفاداری ئەو بەرانبەر بە دۆن کیشۆت نیشان دەدا کە ئارمانەکانی ئەم یەکە بۆ ئەو پیاوە دێهاتییەش خۆشەویست و بایەخدارن.

گرنگی و بایەخی ئەم ڕۆمانە لەلای کەسایەتییە ئەدەبیەکان ڕەنگی داوەتەوە، ڤۆلتێر ڕۆمانی دۆنکیخۆتەی (سێرڤانتس)ی کە لوتکەی ئەدەبی ساتیرە، بە ئۆدیسا بەراورد کردووە، شیلینگ بە نموونەی باڵای ڕۆمانی زانیوە، دەستۆیفسکی پێی وابووە، ڕۆمان لە دۆنکیخۆتە قووڵتر و بەهێزتر نەنووسراوە. هاینە، ستاندال، سانت بیف و هیگۆ دۆنکیخۆتەیان کە ئاوێنەیەکی ڕاستبێژی سەردەمەکەی بووە، بە هەموو شەرمەزاری و گەندەڵییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانییەوە، بەرز نرخاندووە. سێرڤانتس لە ژیانیدا کوێرەوەرییەکی زۆری دیتوە و لە زیندانەوە دەستی بە نووسینی دۆنکیخۆتە کردووە، هەر بۆیە گاڵتەجاڕییەکەی هەمیشە خەمناکە.

٣ ـ شانۆنامەی (فاوست) بە پەرەمووچی هونەرمەندانی وێنەکێش.

تابلۆی (مارگریت لەبەردەم ئاوێنە)دا لەلایەن هونەرمەند (مانوێل دۆمینگێز سانچێز– Manuel Dom□nguez S□nchez)ەوە کێشراوە، لە تابلۆکەدا دیمەنێکی شانۆگەری (فاوست)ی (گۆتە) نیشان دەدات، کە (مارگرێت) لە ژووری نووستنەکەیدا سندوقێکی زێڕوگەوهەری لەبەردەستدایە کە لەلایەن (فاوست)ی خۆشەویستییەوە پێی بەخشراوە، چێژو خۆشی وەردەگرێت لە هەڵواسینی ملوانکەیەکی مرواری بە مل و گەردنیدا و بەخۆشییەوە سەیری خۆی دەکات لە ئاوێنەدا.

نیگارکێشی فەرەنسی (ئاری شێفەر– Ary Scheffer)لە تابلۆکەی ساڵی ١٨٤٦ی (فاوست و مارگاریتا لە باخچەدا) کە تابلۆیەکی زەیتی بوو لەسەر کانڤاس، لەژێر کاریگەری ئەم شانۆنامەیەدا کێشراوە.

پێشانگای (چیرۆکە نەگێڕدراوەکان) لەلایەن گەلەری (دانیال تاملیبۆن)ەوە بەڕێوەدەبرێت، کە زنجیرەیەک تابلۆ پێشکەش دەکات کە ئیلهامیان لە ڕۆمانی (فاوست)ی گۆتەوە وەرگرتووە، ئەمجارەیان واز لە تاکە بابەتەکە دەهێنێت بۆ هەڵبژاردنی سی بەرهەم لە نێوان وێنەکێشان و پەیکەرسازی دا.

یۆهان ڤۆلفگانگ ڤۆن گۆتە (١٧٤٩–١٨٣٢)، (بە ئەڵمانی: Johann Wolfgang von Goethe)شاعیر، نووسەر و فەیلەسوفی ئاڵمانیاییە کە بە یەکێک لە گەورەترین شاعیرانی مێژووی ئەورووپا دەناسرێت. گۆتە لە بواری شیعر، پەخشان و دراما‌دا بابەتی نووسیوە. فەیلەسوف، سیاسەتمەدار، ڕەخنەگری هونەر، دەرهێنەری شانۆ، زانا، گەورەترین کەسایەتی بزووتنەوەی ( (Sturm und Drangو گەورەترین ڕەخنەگری هەمان بزووتنەوە و گەورەترین و کاریگەرترین نووسەر لە مێژووی ڕوناکبیری ئەڵمانیادایە. گۆتێ یەکێکە لە خولقێنەرانی زمانی ئەڵمانی و لە نێویاندا بەناوبانگترینە. بێ گومان هەرکەسێک بە زمانی ئەڵمانی قسە بکات یان بنووسێت، بەئاگا یان بێ ئاگایانە دەکەوێتە ژێر هەژموونی گۆتەوە. هەروەها کاریگەری لەسەر زۆرێک لە نووسەرانی غەیرە ئەڵمانی هەبووە و بەشدارییەکی گرنگی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا کردووە.

لە یەکێک لە ڕاپرسییەکاندا (فاوستی گۆتە) لە لیستی (١٠٠) کتێبی سەرەکی هەموو سەردەمەکاندا هاتووە. زۆر کەس ئەم کتێبە بە یەکێک لە دە گەورەترین کتێبەکانی مێژووی ئەدەبی جیهانی دەزانن. لە لایەکی دیکەوە نووسەری ئەم کتێبە، بێ گومان پاشای شاعیرانی ئەڵمانییە. گۆتە بۆ ئەڵمانییەکان وەک (شکسپیر) وایە بۆ ئینگلیزەکان، وەک (حافز) بۆ ئێرانییەکان و وەک (دانتێ) بۆ ئیتالییەکان.

مێژوونووسانی ئەدەب و ئەکادیمیست و لێکۆڵەرەوەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە دوای (ئەلیازە و ئۆدیسە)ی هۆمیرۆس و (دۆنکیشۆت)ی میکوێل سێرڤانتس و (کۆمیدیا)ی دانتی ئەلیگیێری، (فاوست)ی گۆتە، گەورەترین کاریگەرییان لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا هەبووە.

(فاوست)ی گۆتە دەبێتە جێی سەرنجی فەیلەسوفەکانیش، هیگڵ لە کتێبی (شیعری دراماتیکیدا) ئاماژەی بە فاوست، وەک (فەلسەفەیەکی تراجیدی) دەکات. میشێل فوکۆ وەک درامایەکی فەلسەفی سەیری فاوست دەکات، فاوست دوا وێنە گەورەکەیە، هاوکات دوا گوزارشتی فەلسەفە گەورە داستانییەکەی سەد ساڵی گەشەی ئەوروپایە. فاوست دوا فۆرمەلەی داستانی فەلسەفییە لە دوای فاوستەوە، فەلسەفە دەبێتە فێربوونێکی پیشەیی و فەلسەفەی ژیان نامێنێت.

شانۆنامەی فاوست (ئەڵمانی: Faustشانۆنامەیەکی تراژیدییە و لەلایەن شانۆنامەنووسی ئەڵمانی (یۆهان ڤۆلفگانگ ڤۆن گۆتە)وە نووسراوە. دابەشکراوە بەسەر دوو بەشدا: بەشی یەکەمی (بە زمانی ئەڵمانی: Faust. Der Tragdie erster Teil، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٠٨دا بڵاوکرایەوە، بەشی دووەمی ( بە زمانی ئەڵمانی : Der Tragdie zweiter Teil، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٣٢ بڵاوکرایەوە، ئەو ساڵەی کە گۆتە کۆچی دوایی کرد. (فاوست) بە بەناوبانگترین بەرهەمی (گۆتە) دادەنرێت و زۆرێک بە گەورەترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی مێژووی ئەدەبیاتی ئەڵمانیای دەزانن. سەرەتاییترین نوسخەی بەرهەمەکە کە بە (ئۆرفاوست) ناسراوە، لە نێوان ساڵانی (١٧٧٢ بۆ ١٧٧٥) نووسراوە، بەڵام وردەکارییەکانی ئەو نوسخەیە ڕوون نییە. بەڵام کۆپییەکی لە ساڵی ١٨٨٦ دۆزرایەوە.

بەشی دووەمی بە پێچەوانەی بەشی یەکەم، گۆتە سەرنجی لەسەر فرۆشتنی ڕۆحی فاوست بە شەیتان نەبوو، بەڵکو سەرنجی خستە سەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دەروونناسی، مێژوو و سیاسەت، هەروەها فەلسەفی و عیرفانیی بابەتەکان. ئەم بەشە ڕەنگدانەوەی ساڵانی کۆتایی ژیانی گۆتە و ناڕوونی و نهێنی زۆر تێیدا ئاماژەی پێکراوە. تەواوی بەشەکە لەسەر بنەمای شیعرێکە کە بەشێکی پێش بڵاوبوونەوەی بەشی یەکەم ئاوازی بۆ دانـاوە و ئەوەی تریش دوای بڵاوبوونەوەی ئاوازی شیعرەکەی لە ساڵی (١٨٢٧)دا بڵاوکردووەتەوە و ناوی لێناوە (خەیاڵی سێبەری ڕۆمانسی کلاسیک). بەشی دووەمی شانۆنامەکەی لە دوای مردنی لە ساڵی (١٨٣٢)دا بڵاوکرایەوە.

دایک و باوکی یەکەمی فاوست خودی (ئەفسانەی فاوست)ن. فاوست ئەفسانەیەکی کۆن و دێرینە کە هەندێک لە مێژوونووسان دەیگەڕێننەوە بۆ پێش داگیرکردنی نۆرمانەکان بۆ ئینگلتەرا و زۆرێک لە نووسەران لە بەرهەمەکانیاندا مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، ڕەنگە زۆر کەس نەزانن کە فاوست بەرهەمی عەقڵی گۆتە خۆی نییە. پێش ئەوەی گۆتە فاوست بنووسێت ڕەنگە نزیکەی بیست جار دووبارە نووسینەوە و بنیاتنانەوەی ئەفسانەی فاوست هەبووبێت.

لە نێو ئەمانەشدا هەوڵی کەسانی وەک (جۆهانس شێپیس)، (ئەندەرتایل)، (جی. ڕ. ویدمان)، (نیکۆلاس فیتزەر)، (گۆتفرید ئێفرایم لێسینگ)، لەوانەی پێش (گۆتە) شاعیری ئینگلیزی (کریستوفر مارلۆ) و شاعیری فەرەنسی (ڕۆتبێف) و نووسەری ئەڵمانی (گۆتێڵد ئیفرایم لسنگ–.(Gotthold Ephraim Lessin وشەی (فاستوس) لە زمانی لاتینیدا بە واتای (میهرەبان) دێت، بەڵام نابێت وا بیربکرێتەوە کە ئەم ناوە بە ئەنقەست لەلایەن نووسەرانەوە وەک هێمایەک هەڵبژێردرابێت. هەندێک لە توێژەران پێیان وایە لە سەدەی پازدەهەمدا لە شاری (ڤورتمبێرگ) لە ئەڵمانیا کیمیازانێک بە ناوی (جۆرج فاوست) ژیاوە خەڵک پێیان وابوو جۆرج فاوست بەرکەوتەی لەگەڵ جنۆکەکاندا هەیە و بە هاوکاری هێزە خراپەکان سیحر و کاری موعجیزە ئەنجام دەدات. لە لایەکی دیکەوە هەندێک کەسایەتی (نۆستراداموس)یان بە کاریگەر زانیوە لە داڕشتنی ئەفسانەی (فاوست)دا.

ئەفسانەکە باس لە کەسێک دەکات (فاوست) کە پارەی لە مامی بە میرات بۆ ماوەتەوە، هەموو ئەو زانستانەی سەردەمی خۆی فێر بووە، بەڵام دوای ئەوەی گەیشتە تەمەنی پیری، پێی وابوو هەموو ئەو زانستەی بەدەستی هێناوە هیچ سوودێکی نییە، بۆیە پەشیمان دەبێتەوە کە ساڵانی گەنجی بەفیڕۆ دابوو لە خۆشی خۆیدا بەسەری نەبردبوو، بۆیە شەیتان بۆی دەرکەوت (مێفیستۆفیلیس) ڕۆح و جەستەی خۆی دەگۆڕێتەوە بۆ ئەوەی بیست و چوار ساڵ گەنجی پێبدات.

٤ ـ شانۆنامەی (هاملێت) بە پەرەمووچی هونەرمەندانی وێنەکێش

(ئۆفیلیا) تابلۆیەکی هونەرمەندی بەریتانی (سێر جۆن ئێڤێرت میلایس)ە و لە ساڵانی (١٨٥١ و ١٨٥٢) تەواو بووە، وێنەی مردنی (ئۆفیلیا) کە کارەکتەری شانۆنامەی (هاملێت)ی (ویلیام شکسپیر)ە و پێش خنکان لە ڕووبارێکدا لە دانیمارک گۆرانی دەڵێت. بەیەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دادەنرێت، بەهۆی وێناکردنی وردی دیمەنی سروشتی و بەهۆی کاریگەرییەکانی لەسەر هونەرمەندانی وەک (جۆن ویلیام واتەرهاوس، سەلڤادۆر دالی و پیتەر بلیک).

(ئۆفیلیا) کارەکتەری شانۆنامەی (هاملێت)ە لە نووسینی (ویلیام شکسپیر)، ئەو ژنێکی گەنجی ئاغایە لە دانیمارک، کچی پۆلۆنیۆس، خوشکی لایرتێس و هاوسەری داهاتووی شازادە هاملێت، کە بەهۆی کردەوەکانی هاملێتەوە کۆتایی دێت لە حاڵەتێکی شێتیدا، (ئۆفیلیا) تاجە گوڵینەی لە گوڵی کێوی دروست دەکرد. لە چەمێکدا سەرکەوتە سەر دارێک تا بە لقەکانیەوە خۆی هەڵواسێت، بەڵام لقەکە شکاو (ئۆفیلیا) کەوتە ناو ئاوەکەوە و بووە هۆی خنکانی. مردنی (ئۆفیلیا) وەک یەکێک لە دیمەنە کاریگەرەکانی مردن لە ئەدەبدا ستایشی دەکرێت .

ئەو گوڵانەی کە لەسەر ڕووبارەکە دەسوڕێنەوە، هەڵبژێردران بۆ ئەوەی لەگەڵ وەسفی (شکسپیر) بۆ تاجە گوڵینەکەی (ئۆفیلیا) بگونجێت. هەروەها ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی (ڤیکتۆریا) بۆ (زمانی گوڵەکان) کە بەپێی ئەو زمانە هەر گوڵێک مانایەکی ڕەمزی هەڵدەگرێت. خەنە سوورە دیارەکە نوێنەرایەتی خەو و مردن دەکات.

ویلیام شێکسپیر، ویلیام یان ویلییەم (بە ئینگلیزی: William Shakespeare؛ لەدایکبووی ٢٦ی نیسانی ١٥٦٤–مردووی ٢٣ی نیسانی ١٦١٦) هۆنراوەنووس و شانۆنوسێکی ئینگلیز بوو. بەشێوەیەکی بەرفراوان بە گەورەترین نووسەرەکانی زمانی ئینگلیزیی دادەنرێت.

نەژاد و سەرچاوەکانی (هاملێت)یش دەگەڕێتەوە بۆ بەرجەستەکردنی چەندین ڕووداوی مێژوویی بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ هۆکار و دەرئەنجامەکانی کرابێت. پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوانی بواری شانۆی ئینگلیزی و شانۆی شێکسپیر چەندین سەرچاوەیان دۆزیوەتەوە کە پێدەچێت شێکسپیر سوودی لێ وەرگرتبن. یەکێک لەو سەرچاوانە بە زمانی لاتین لەلایەن ساکسۆ گراماتیۆس ناوێکەوە و لە دەوروبەری ساڵی ((١٢٠٠ەکاندا نووسراوە و ئەم بەسەرهاتەی ساکسۆ گراماتیۆس بۆ یەکەم جار و بە شێوەیەکی تەواوەتی لە ساڵی ((١٥١٤دا لە پاریس چاپ کراوە، (هاملێت) لەم سەرچاوەیەدا ناوی (ئاملێت) بووە.

ئەم قارەمانەی شانۆنامەکەی شکسپیر (هاملێت)ی باوک کوژراوە، دایکی خیانەتکار و مامی پیاوکوژە، کە بۆتە هۆی خەم و پەژارەی (هاملێت) دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرێی دەروونی لە ناخی (هاملێت)دا و ژیلەمۆی تۆڵەسەندنەوە لە دەروونیدا دەبێتە هۆی مردنی (ئۆفیلیا)ی خۆشەویستەکەی (هاملێت)، کە بە مردنێکی زۆر دڵتەزێن مرد، کاتێک خۆی لە ئاودا خنکاند کاتێک تێگەیشت کە بە تەواوی بێدەسەڵاتە لە گۆڕینی هەریەکێک لەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی کە لە دەوروبەری ڕوودەدەن، هیچ هیوایەکی نییە لەگەڵیدا بێت ئەو پیاوەی خۆشی دەویست، کە (هاملێت) بوو.

سەبارەت بە (هاملێت)، ئەو شازادەی دانیمارکە، کە بۆی دەردەکەوێت کە (گێرترۆد)ی دایکی لەگەڵ (کلۆدیوس)ی مامیدا بەشداری کردووە لە کوشتنی باوکی دا، بەجۆرێک کە مامی هاوسەرگیری لەگەڵ دایکی دەکات و بەم شێوەیە دەبێتە پاشای دانیمارک لەبری (هاملێت) کە میراتگری یاسایی تەختە. (هاملێت) دوای ئەو خیانەتەی دایکی کردوویەتی، متمانەی بە هەموو ژنەکان لەدەست دەدات و بڕیار دەدات تۆڵەی باوکی بکاتەوە لە ناوەڕاستی تۆڵەسەندنەوەکەیدا بڕیار دەدات هاوسەرگیری لەگەڵ (ئۆفیلیا) نەکات و مامی دەکوژێت کە عاشقی دایکی و بکوژی باوکی بووە.

(هاملێت) پاڵەوانێکە کە لەدەرەوەی تێکستەکاندا، لە دەرەوەی ئەدەب، شانۆ و فەلسەفەدا دەژی. ناوی (هاملێت) بۆ ئەو کەسانەشی کە هەرگیز شێکسپیریان نەخوێندۆتەوە یان لەسەر شانۆکان نەیانبینیوە، شتێک دەگەیەنێ. (هاملێت) (هاملێت)ە و بە هەموو مرۆڤایەتی، لەمسەری دنیاوە بۆ ئەوسەری دنیا ئاشنایە.

ئەو جیهانەی کە لە (هاملێت)دا بەرجەستە دەکرێت، ئەو بەسەرهاتەی لە (هاملێت)دا دەگێڕدرێتەوە، توندوتیژە، دڕندانەیە و هەموو کاراکتەرێکیش ئەزموونی تایبەتمەندی خۆی لەگەڵ چەمکەکانی توندوتیژی و دڕندەییدا هەیە.

(هاملێت) تا ئەو کاتەی دایکی هاوار دەکات کە دەرمانخوارد کراوە بەو شەرابەی کە بۆ (هاملێت) ئامادە کرابوو، شمشێرە ژەهراوییەکەی لە ورگی پادشای مامی توند ناکات. کە دایکی لەبەردەمیدا دەمرێت و خۆی برینداره، ئەوکاتە دەست لە پاشا ئەکاتەوە و پاشا دەکوژێت. (هاملێت) تۆڵەی دایکی دەکاتەوە.

گۆڤاری (تایم) ساڵی ١٩٩٧توێژینەوەیەکی دوورو درێژی دەربارەی ئەو گەشەسەنە لەناکاوە بڵاو کردەوە لەو فیلمانەی لەکارە شانۆییەکانی شکسپیرەوە وەردەگیرێن، بەتایبەت دوای نمایش کردنی فیلمی(رۆمیۆو جولێت) لە دەرهێنانی (باز لۆرمان) و نواندنی ئەکتەری لاوی ئەو کاتە (لیۆناردۆ دی کابریۆ).

لەسەردەمی سینەمای بێدەنگدا زیاتر لە ( (٥٠٠کار لەشاکارە شانۆییەکانی شکسپیر کران بەفیلم، بەڵام دوای ئەوەی سینەمای سەری هەڵدا ساڵی ( (١٩٢٩یەکەم بەرهەمی سینەمایی کە لەشانۆگەریەکانی شکسپیر بەبەرهەم هاتن فیلمی(راهێنانی پلنگ) بووە لەدەرهێنانی( سام تیلۆر) و نواندنی دوو لەناودارترین ئەکتەرە ئەمریکیەکانی وەک(ماری بیکفۆرد ودۆگلاس فیربانکس)ی هاوسەری بوون، کەبوو بەپڕ بینەرترین فیلم لەو سەردەمەدا.

هەروا دەرکەوتنی چەند فیلمێکی دیکە لەو دەمەدا، لەوانە فیلمی (هاملێت) لە دەرهێنان و نواندنی (کینیس برانا)، فیلمی (ریتشاردی سێیەم) دەرهێنانی (رێتشارد لۆنکرین)، فیلمی (ئۆتیللۆ) دەرهێنانی (ئۆلیڤەر بارکر)، (ماکبێس) نواندنی (جیسۆن)، فیلمی (شەوی دوانزەهەمین) چەند فیلمێکی تر.

سایتی ( (IMDBکە گەورەترین سایتی ئەلەکترۆنیە بۆ فیلمە جیهانییەکان، لەئەرشیفی ئەو سایتەدا دەرکەوتووە کە زیاتر لە ( (٢٠٠٠کاری سینەمایی لەشاکارەکانی شکسپیرەوە وەرگیراون و کراون بەفیلمی سینەمایی،

دەرهێنەرو ئەکتەری بەریتانی (لۆرانس ئۆلیڤیە) لەچلەکانەوە دەستی کردووە بەکارکردن بۆ سینەماو چەندین بەرهەمی نایابی (شکسپیر)ی گواستەوە بۆ سینەما، لە ((١٩٤٨دا (هاملێت)ی پێشکەش کردو خۆی رۆڵی سەرەکی تێدا بینی و لەپەنای ئەو فیلمەوە خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێنا، پاشان زنجیرەیەکی دیکەی لە شاکارەکانی شکسپیر کرد بەفیلم. دەرهێنەرو ئەکتەری ئەمریکی (ئۆرسۆن ویلز)، چەندین شاکاری (شکسپیر)ی کردووە بەفیلم لەوانە :(ماکبیس - ) (١٩٤٨ئۆتیللۆ (١٩٥٢، ئەنسکلۆپیدیاکان ئەوەیان دەرخستووە کە شکسپیر خاوەنی زۆرترین ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەیە کە بۆ سینەما سوودیان لێ وەرگیرابێت و خۆی لەزیاتر لە ٥٠٠بەرهەمی سینەمایی دەدات، بەڵام پێگەی (زانیاریی سینەمای جیهانیی) لەو ژمارەیە زێتر لەوەندە تێدەپەڕێنێ و پێی وایە ئەو ژمارەیە لەگەڵ فیلمە بێدەنگەکان دەگاتە هەزار بەرهەم.

ئەنجام:

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕەوتێکی هونەری هەبوو بە ناونیشانی ڕزگارکردنی تابلۆکان کە هەژموونی ڕۆمان و ئەدەب بەسەریدا زاڵ بووە. ئەم ڕەوتەیش لەلایەن قوتابخانەی ئیمپڕێشنیستییەوە نوێنەرایەتی دەکرا، کە هونەری بینراویان بە یەکێک لە هونەرە سەربەخۆکان دادەنا. (سەعد قاسم)ی ڕەخنەگری سووری لە بابەتی (ڕۆمان و هونەرە بینراوەکان)دا باسی دەکات، کە هەڵکۆڵین و وێنە پێش داهێنانی وشەو زمان و گفتوگۆ هاتووە، وەک لە وێنەکانی ئەو ئەشکەوتانەدا دەردەکەوێت بە شێوەیەکی بەرفراوان و بەڵگەدار هەن و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە، بە وێنە دیواری ئەشکەوتەکان نەخشێنراون، لە باسکردنی کاریگەری ئەدەب لەسەر هونەر و بە پێچەوانەوە لە کولتوورە جیهانی و عەرەبییەکان و تێکەڵبوونی هەموو هونەرەکان بە درێژایی مێژووی هونەر، وەک لە ئەفسانەی سۆمەری و بابلی، ئیلیادە، ئۆدیسە و ئەوانی تردا دەبینرێت.

**سەرچاوەکان:**

١ ــ ئولیس، جەیمس جۆیس، وەرگێڕانی: نەوا موکرجی، سلێمانی، بەرگی یەکەم: چاپی ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ (چاپی ژینا)، شوێنی بڵاوکردنەوە: www.nawa.net
٢ ـ سەد ساڵەی رۆمانی ئۆلیس یادگاری مرۆڤدۆستانەی جەیمس جۆیس، لە فارسییەوە: محەمەد کەریم، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە ((٨٦٩٥ی پێنج شەممە ٢٠٢٢.–٦–٣٠
٣ ـ سەد ساڵەی یولیوسێس: لەدایکبوونی مۆدێرنە، سەردار عزیز، (ماڵپەڕی هاوڵاتی)
٤ ـ تاراوەکان، شانۆنامە، جەیمز جۆیس، و: سامان زڵەیخایی، چاپەمەنی مانگ، چاپی یەکەم، ٢٠١٨
٥ ـ کاریکاتێر بە وشە، ساتیر، حەمەسەعید حەسەن، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١١.
٦ ـ دۆن کیشۆت، بەرگی یەکەم، ن. سێرڤانتێس، و. ئەحمەد قازی، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.
٧ ـ دون کیشوت.. أسطورة كل الأزمنة!،بقلم: جان كنافاجيو ، ترجمة: أحمد حميدة، موقع الاتحاد
٨ ـ الرواية فی الفن التشكيلی... اللون مسحورا بالسرد، محمد الحجيری، موقع (الجريدة).
٩ ـ هونەری شێوەکاری مۆدێرن، گارا، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٠ ـ پیش‌درآمدی در شناخت «گوته» و «فاوست» او، رضا نجفی، ماڵپەڕی (داستانگرد).
١١ ـ جيرار غاروست بين الوعی والخرافة، باريس، أحلام الطاهر، موقع جريدة (الأخبار)، السبت ١٥شباط ٢٠١٤
١٢ ـ رمز فاوست رافق البشرية منذ الزمن الأسطوری حتى العصر النووی، سناء عبد العزيز، موقع: إندبندنت عربية.
١٣ ـ فاوست و شەیتان، هاوپەیمانییەکی دووفاق، دانا ڕەئووف، ماڵپەڕی (ژنەفتن).
١٤ ـ یۆهان ڤوڵفگانگ فۆن گۆتە، ویکیپیدیا
١٥ ـ تقاطع الأدب والفن.. لوحات فنية مستوحاة من الأدب العالمی، هند مسعد، شبكة الجزيرة الاعلامية
١٦ ـ شانۆییی هاملێت، ن. ویلیام شێکسپیر، و. د. ئازاد حەمە شەریف، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٧ ـ شکسپیر لە نێوان شانۆو سینەمادا، حەیدەر عەبدولڕەحمان، ماڵپەڕی (کوردستان تی ڤی)



## شینی هەڵۆ

بۆکان. ڕێ زان

سپی پۆشە زەوی هەورە دەناڵێ
بە فرمێسکی دەر و دەشتێ دەماڵێ

نییە شینکە بەڵام شینی چیایە
دەبا زانا نەمانی هەر نەبایە

لە ناو کۆشی زەوی ئەو بوو بە میوان
لە شاباڵی وەرێنا بۆ نەدیوان

کورە بەرزەی ئومێدی مێژوو نووسان
وەکوو هێمن نەمان بردی هەمیسان

کە پێی زانی هەڵۆ بەو کارە ساتە
لە باڵ و چاو نەما هێز کەوتە ماتە

لە شاباڵ و لە گیانا هیچ نەما هێز
بە سپڵەی خۆی ئەویشی گرتە ئامێز

لەسەر دوندی چیا و هەڵگورد و شیوان
خەیاڵ و خەم هەڵۆی برد بۆ پەسیوان

لە سەر باڵی هەوا باڵانی لێک دا
تەواو حەدد و سنوور و مەرزی تێک دا

ئەویندارێ چیاو هەڵگورد و دەشتە
تەزووی سارد و بەفرمێسکی لە مشتە

بە شەققەی باڵ و هاشەی کەوتەوە خۆ
دائاییرسا دەروونی چەشنی پشکۆ

لە بەرزایی بە ئەسپایی بە نەرمی
لەسەر گلکۆ بە فرمێسکی بەشەرمی

ئەوەند ڕاز و نیازی کرد بەگریان
لەگەڵ زریان و کسپەی جەرگی بریان

بە کوڵ دەکوڵێ و بە چاو ئەسرین دەرێژێ
سروودی چۆن ژیان بۆخۆی دەبێژێ

بەدڵ مانی دەوێ بشبێ ڕەوانە
کە ئەو ناسۆرە یەکجار لێی بەژانە

بەڵێنی دا بە وەسفی مام هەژاری
بە بەرزی تێپەڕێ عومری بەکاری

خوداحافیز لە کێلان و گلکۆ
تەزووی لەت کرد بەرەو و دەشت و کەژو کۆ



## "ڕێڤینگ"

مەریوان. جەماڵ مەریوانی (هەڵبەست)

دەستت بێنە لە ئەو دیوی
تراویلکەی گومانەوە،
تا سەر شانی کانیی یەقین!
لە شەقامی تۆزێک بێدەنگی
ڕۆحتەوە،
بەرەوە ڕێگەی پڕ لە قاقای زەردەپەڕ و
لرفەی خەندەی مانگەشەو و
هاژەی زریوەی ئەستێرە!
دەستێک تەژێ
لە هەناسەی سازی شیعر و
چریکەی ڕووباری وشەم!.
تا بارینی ترپەی دڵی بەفرانبار و
ناونیشانی "بەفرترین" نیگای زستان!
ڕێڤینگێکم،
لە قەدەری "با"دا خووساو،
تاڵ تاڵ پرچی ئێوارەیەک دەمباتەوە و
ئاوازێکی وەک تۆ بزێو!
بە هەتەری بوومەلێڵی چاوەکانتا،
هەڵدەگەڕێم
هەتا سۆمای ئاوێتەبوون!



سەقز. ف.ڕ.ئومێد

ئەی کەژاڵەی چاو غەزاڵەی شۆخ وشەنگم هۆ مێهرەبان
کۆیلەیە دڵ لە ئاستی تۆ کیژی کوردم هۆ چاو جوان

شەرمی ناوێ هاوار بکەم ڕووگەی دڵی هۆ نازەنین
ئەی ئاسکەکەی دڵناسکەکەی خڕ باسکەکەم هۆ گیانی گیان

دڵ سۆفییە چاو ڕۆییە گیان دەرچووە هۆ خەم ڕەوێن
ئەی خونچە دەم شیرین سوخەن هۆ لەنجە کەو سەوڵی ڕەوان

شەو دۆڕاوە شەم سووتاوە دڵ گیراوە هۆ هەناوم
ئەی شۆلەکەی پرنوورەکەی بەربەیانان هۆ خان و مان

تاقەت نەما چۆکم شکا خەو زرینگا هۆ مانگی من
ئەی تاقەتی بێ تاقەتی دڵی ڕیسوام ئەبرۆ کەوان

گەر بمکوژی خەڵاتە بۆم گەر نەمکوژی خەڵاتی بۆم
ئەی لەیلەکەی غەددارەکەی مەجنوونەکەی ڕەنگ ئەرخەوان

دەی بمکوژە ئەی قاتڵی حەنا پەنجە هۆ کەژاڵ
ئەی خوێنمژەی بێ ڕەحمەکەی عەیارەکەی نارنج پستان



## بەزمی ڕیش

بانە. قادر خدر زادە

وادەلێن  واعیز  لە مینبەر ڕۆشتە بان
واعیزی خاوەن عەباوو ڕیشی پان
زۆر بە گەرمی نوتق و گوفتاری دەدا
بۆ ڕزگاری مەردوم ڕێچاری دەدا
خەڵقی تامەزرۆی  وتاری بوون بە حەق
نێو چەوانی ئەو لە نوور دەیدا شەبەق
یەک لە کۆر دا وادەگریا سەر بە قوڕ
ئاوی دوو چاوی دەهاتە خوار بە خوڕ
واعیز هەستی کرد کە نوتق و گفتی ئەو
بۆی ڕوناک کردوە ئیتر تاریکە شەو
قاوی کرد لەو بانەوە هەی  ئافەرەم
بەو فرمێسکەت بێ شک وەعدت پێدەدەم
تۆ بەهەشتی و دەچیە جەننەت خەم مەخۆ
شاد وخۆش بە کاکی خۆم بۆی دامەچۆ
ئەو فرمێسکەت بوونە سەرمایە لە بۆت
چەند دڵۆپێک تۆی خەلاس کردن لە کۆت
زۆر بە باشی تۆ لە وەعزم تێدەگەی
موژدە بێ لێت دەچیە بان و پێدەگەی
کاکی موئمین بەم وتەی وی هاتە دەنگ
خۆزگە  ئەو دڵەم پاک دەبۆوانێ لە ژەنگ
خۆزگە هەروەک تۆ دەفەرمووی وادەبوو
سووچ و تاوانم لە سەر دڵ لادەچوو
ڕیشی پەشمینت منی خستە گرین
ڕیشی تۆم دی بۆیە فرمێسکم وەرین
ڕیشی دوو فاقت وەکی نێری منە
چەشنی ڕیشی ئەو گرۆڵەو تووکنە
نێریەکم بوو ڕیش درێژ و پانە بێڵ
ساف و سادە، خۆشەویست بێ فرت و فێڵ
مرد و جێی هێشتم بە تەنیا مامەوە
تۆ کە ڕیشت هەڵتەکاند پێی کولامەوە
ڕیشی عەینی ڕیشی تۆ بوو نێریە سوور
خوزگە مەرگ مەودای دەدا بێتە حوزور
ڕیشەکەی ئیشی دەکردن  ڕوو بە ڕاست
هەر وەکوو مووبەک دەرێنی تۆ لە ماست
ڕیشەکەی وەک ڕیشی تۆ جوان و قەشەنگ
ڕیشی پان بوو  وەک تۆ چالاک و چەلەنگ
من بە ڕیشی تۆ کە وەک  نێری دەچی
هەر کە دەیبزێوی گڕم تێ بەر دەبێ

تێبینی: نێری واتە بزنی نێر



## خەمانت بۆ من

پاوە. ئوسمان ڕەحیمی هەجێجی

خەمانت بۆ من ملّکی باوانم
خاکی خوشەویست بێشکەی لاوانم

هەڵبجە زامت هەر لە بەر چاوە
هە تا دنیابێت ئەویچ هەر ماوە

دڵ بۆت ئەناڵێ لە ڕۆژگارت
لە مێژووی ڕەش و خاکی خەمبارت

شاهێد ئەوانە لە خەوی بێ خەم
بێ خەتاو تاوان سووتان وەکوو شەم

ئەو کارە ساتەو ئەو زڵمە قورسە
لە دنیاو دیوان عالەم بەر پرسە

فریشتە کانی وەڵاتی جوانم
پە پوولە کانی خاکی ژیانم

بولبلانی باخ  نەو بەهارانم
یادگارانی کیمیا بارانم

ناسرەوێ دڵم لە زامی کاڵتان
دیسان هاتەوە سەرەتای ساڵتان

هەر لە بیر دایە  بێ تاوانەکان
قافڵەی مەعسووم ڕۆڵە جوانە کان

خەوتوون لە بێشکەی ئارام و بێ گەرد
لە نێو گوڵزاری گەشی سوور و زەرد

ئاخ فەڵەک تاکەی ئەو هەموو خەمە
لە دڵی دایک و باوکانم جەمە

تاکەی وێرانی دێهات و شاران
کزیو ڕەنگ زەردی ڕۆڵە هەژاران

تاکەی کوشتنی منداڵانی کاڵ
ئاوارە و ئەنفاڵ ئاگر دانی ماڵ

# سەییدوریا حسەینی کوڕی خوالێخۆشبوو سەییدباقی حسەینی وخاتوون کافیه مۆرادی



نووسین وکۆکردنەوە: ساسان مۆنفەرێد[بێوەر]

لە ڕۆژی ١ی ڕەزبەری ١٣٦٩ی کۆچی هەتاوی لە گەڕەکی پیرالەی شاری هەورامان سەربەشارستانی سەولاوا چاوی بە ژیان هەڵێناوە .قۆناغەکانی خوێندنی تا دواناوەندی هەر لە زێدەکەی خۆیدا تێپەڕ کردووە و دواتر بەڵگەنامەی کارناسی لە







بۆاری"مەرگەو وئاڤخێزگە"لە زانکۆی کوردستاندا گرتووە و لە گەڵاڵەگەلێ وەکوو گەڵاڵەی گەشەپێدانی گیای مەرگەی هەر لەو زانکۆوەدا بەشداری کردووە وبەڕێوبەری هەشتمین جەشنوارەی نەتەوەیی بزاڤ و ڕانموونی خوێندکاری بۆاری کارناسی باڵا لەناساندنی گیاگەلی مەرگە ولەوەرگەکان بووە.

لە ساڵی ١٣٩٣ک.ە بە پلەی ١٤لە سەرتاسەری وڵات، بۆ قۆناغی کارناسی باڵا لە زانکۆی"تربیت مدرس"ی تاران سەردەکەوێ و پایان نامەکەی لە بابەتی کاریگەری ئاگرکەوتنەوە بەسەر سیفاتی گیاکان بە ڕاوێژکاری تیمێکی وڵاتی فەرانسە، دەنووسێت و یەکەم کتێبی بڵاوکراوەی خۆی پێشکەش بە بۆمەلەرزەلێدراوانی ناوچەی کرمانشان دەکات.





پاشان وەک ئەمرییەیێک لە ئیدارەی سەرچاوە سرۆشتیەکان لە سەولاوا، کولێژی سەربازی خۆی تەواو دەکات ودواتر ٣کتێب و زیاتر لە ٢٠مەقالەی تایبەتی نووسیوە و بەشێک لە کارەکانی تەرخان کردووە بە پژووهشێک سەبارەت بە گیادەرمانی و شێوازەکانی ئاوێران وکشت وکاڵ وتاد.

یەکێ لە کتێبەکانی کتێبی"آتشسوزی و اطفا آن درجنگل ومرتع"ە و هەروەها بۆ"ثبت دانش بومی، اتنوفارماركولوژی و اتنوبوتانی سرواباد"هەوڵی داوەو لەچەندین گۆڤاری خارجی بڵاوی کردووەتەوە.

کتێبە چاپکراوەکانی:

کتێبی "گیاهان دارویی پرکاربرد"کە لەگەڵ سەییدە سۆما ئیبراهیمی لە ساڵی ١٣٩٧دا بەچاپیان گەیاندووە.

کتێبچەی یک سلامت کە ساڵی ١٣٩٧بڵاوکراوەتەوە وهەروەها

کتێبی" آتش سوزی واطفا آن در مراتع"کەلەگەڵ جەعفەرعەبدوڵڵاپوور دا لە ساڵی ١٣٩٨بەچاپیان گەیاندووە.

بەڕێز کاک وریا حسەینی جیا لە کاری نووسین خاوەن زیاتر لە ٣٠گەواهی شارەزایی لە بۆارە جیاجیاکاندا هەیە ووەک ماموستایەکی ڕاهێنان لە بەشی کشت وکاڵ و سەرچاوەسرووشتیەکان لە زۆرێک لە ئاواییەکاندا چالاکی نواندووە.

سەییدوریا حسەینی ئەمرۆژانە بەگوڕتر لەجاران لە گۆڕەپانی خزمەت بە وڵاتەکەیدا ئەسپی قەڵەمی تاو داوە و نیشتەجێی شاری سەربەرزی سەوڵاوایە.

سەرچاوە:وتووێژ لەگەڵ بەڕێز سەییدوریا حسەینی

---



## سەقز. فەریدەکاکی

پڕ بە مشتێک لە وشەکانی ئەوینمدا
پرژاند بە سەر
تەنیایی لاپەڕەکاندا..
لە شێعر ،
دێر بە دێر باراندم بە سەر
هەستی بێتاوان و بێ ئۆقرەدا ..
هاواری پێنووس و
ناڵەی تێنووس و
گڕی شێعرم
خنکاند لە نێو هەر هەنسکدا ..
دەی با بەس بێت،
ئەسرین و دڵتەنگی و سووتان ..
کاتی ئەوین هەر خەمە و
کاتی چاوەڕوانی، بزەی کەمە ،
لە شێعری دڵ
نووزە هەڵدەگرم و
دەیسپێرم بە هەڵدێران
کاتی وەرزی چرۆدان ..



## سەقز. هانیه قادرپور"هاوڕێ"

زۆر ماندووت کردم بەجەور وجەفا
ئاخ وسەد هاوار لە دەست بێوەفا
وەڵامی چاکیت بە خراپی داوە
نەت زانی مێهرت لە دڵم ماوە
جەفای ئیمرۆی تۆباشی سووتاندم
بولبولی عیشقی لێ هەڵفڕاندم
نەم زانی ئەتۆ پەیمان شکێنی
بەجەور وجەفا دڵم دەشکێنی
شەو تابەیانی لەبیرت ناکەم
جەفای تۆ بۆتە وەڵامی چاکەم؟
وەرە داخی کە نێو دڵ وجەرگم
لە بێ وەفاییت چاوەڕێی مەرگم
ڕاستم پێ بڵێ بۆ تاقە جارێ
لە ئاکاری تۆ جەفا دەبارێ؟
قەت لەبیرناچی یاری دێرینم
هاوڕێ تۆی دەوێ و هەرتۆ دەبینم

## هەڵاڵە شەوکەت لهۆنی



گلاڵەکردنی ئەم بابەتە: زانا کوردستانی

خاتوون "هەڵاڵە شەوکەت لهۆنی"، شاعیر و چالاکی چاندی کورد لە شاری سلێمانیە.
خاتوون هەڵاڵە سەرۆکی دوو ڕێکخراوی واران لە باشورو ڕێکخراوی سەروین - یانەو ژەناو هۆرامانی - لە ڕۆژهەڵاتە.

**نموونەی شێعرەکانی:**

-١-

زوانو ئەدایم گوڵەن گوڵشەنەن
ئاهورا نیشان نوتقش دڵکەنەن
زوانێو سەرداروو گردوو زوانان
مەولەوی نیشان، خانا مەوتەنەن

-٢-

خاکی پاکی نیشتیمانم سەربەسەر وێرانەیە
دیلی دەستی گورگەبۆرە و پاشێلی بێگانەیە
وەک گوڵێکی هەڵبزرکاو سیس و مەغمەر کەوتوە
بۆ نەمانی زوڵمی زاڵم کردەوەم شێرانەیە

-٣-

ئەی یار
لێم ببورە ئێمە ئەمساڵ
دوور لە شایین
خەمێکی زۆر بووە تایین
ناپەرژێینە ڤالانتایین
خوێنی سوری ڕۆڵەکانی ئەفرین و کۆبانێ و دەیرم
گوڵی سوری ڕۆژی عەشقە
خۆشەویستی خاک سەرمەشقە
ببورە ئەی یار من دڵم لە ئەفرینە
هۆشم و بیرم لە ڕۆژهەڵاتی شیرینە
زۆر پەرۆشی نیشتیمانم
ئیدی چیت ئەوێ لە جەستەی
وشک و بێگیانم

-٤-

خوێنی ڕۆڵەی ڕۆژهەڵاتم دەرێژن
بێ بەهایە لای دوشمن ماتەمی من
دەبا کۆڕی ڕق و تۆڵە ببەستین
خاتو زینان لەبۆ خوێنی مەمی من
هێندە زانی سەری کرد وەکو دەریا
ڕق و کینەی پیرۆزی کەم کەمی من
دەشت و دەرم جۆگەی خوێناو ببەستێ
ناوەستێ گورزی دەستی ڕۆستەمی من
گەلم تۆڵەی خوێنێ لاوان دەستێنێ
لە جەللاد و زوحاکی سەردەمی من

## حەمە ڕەشید هەرەس



گلاڵەکردنی ئەم بابەتە: زانا کوردستانی

ماموستا "حەمە ڕەشید هەرەس"، شاعیرێکی هاوچەرخە، واکو لە یەکەمین ڕۆژی خاکەلێوەی ١٩٤٨ زایەنی، لە باشووری کوردستان، لە دایکبوو.

**نموونەی شێعرەکانی:**

-١-

لە سەر دە پەت هەڵئەپەڕم
بۆیە وەکو کەر ئەزەڕم
وەک تەڕەماش هەڵقوڕێنم
هەر باوەڕە و ئەیدۆڕێنم
دەمی شێرم دەمی خەتم
بێ بارێکی بێ لەزەتم
دنیا لە من هەراسانە
دەعبایەکی نارەحەتم
مەڵ لا نەما ئەو لا نەما
من بۆێ نەکەم دانس و سەما
چیم بە خۆم کرد هەی ڕووڕەش خۆم
بووم بە فیلم و بە سینەما
هەر چەند لەخۆم قووڵ ئەنۆڕم
ڕۆژی سەد جار بیر ئەگۆڕم
لەسەرەوە زۆر تەواوم
لە ژێرەوە قەبە و قۆڕم
من لەم دیوم، من لەو دیوم
لەو دیو ترێشیان هەر دیوم
هەر دیو بێت دیوی منە
دەنکە نیسکێکی بێ دیوم

-٢-

فەرمووت ئەو گوڵەی، پارساڵ بۆت هێنام
لە ئینجانەکەیدا
لەم ڤالانتاینە، گوڵی سووری تیا
گەشاوەتەوە
وتم ئەزانم
فەرمووت جا خۆتو ئێستا نەتدیوە
ئاخر چووزانیت؟
وتم گەر گوڵی من بۆ تۆی بێنم
پالی نەگەڕێ
لە ڤالانتاینا، بۆ تۆی خۆشەویست
سوور هەڵنەگەڕێ

-٣-

یەخەم بەردە، خاکی خۆمە
ئاخر نامەرد تۆی داگیرکەر
قەت ناتوانی
وا بە ئاسانی
خاکەکەم لێ بسێنی
ئەگەر خۆمان خۆخۆر نەبین
ئەگەر خۆمان پرش و بڵاو
جۆر جۆر نەبین
یەخەم بەردە، هەزار نەفرەت
لەوەی کە تۆی کردە برام
یەخەم بەردە
من پاپەندی درۆی یاسام
گەر وا نەبێت
یاساکەی من
بێ چەند وچوون
بە راونانت بۆ پشت حەمرین کۆتایی دێ
ئاخر عەرەب
لە کوێ گوێی بە یاسا داوە
هەتا کە راو نەنراوە
هەرگیز عاری پێ نەدراوە
یەخەم بەردە
نەفرەت لەوەی دەستی کردە ملی شۆڕت
کوردستانی رادەست کردیت
یەخەم بەردە
بەم زووانە لەگەڵ هەرچی نۆکەرتایە
جێتان، زێراب، زبڵدانە
ئێرە خاکی کوردستانە



## خشتەی ژمارەی ٢٦

گڵاڵە کردنی خشتە: زانا کوردستانی

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | ■ | | | | | |
| ٢ | | | ■ | | | | ■ | | |
| ٣ | | | | ■ | | | | ■ | |
| ٤ | ■ | ■ | | | | | | | |
| ٥ | | | ■ | ■ | | ■ | ■ | | |
| ٦ | | | | | | | | ■ | ■ |
| ٧ | | ■ | | | | ■ | | | |
| ٨ | | | ■ | | ■ | | | | |
| ٩ | | | | | | ■ | | | |

❖ **هەسوپی:**

١. پەڵ ـ شوێت
٢. بۆری درێژە ـ شتێکی قووڵە دروست دەکرێ لە دار یا لە بەرد شتی تێدا دەکوترێ ـ بۆچی
٣. خێل و خوار ـ خواس یان خواستن
٤. خستنەکاری شتێک
٥. جێ لاڤاوێکە کە خڕەبەردی زۆر بێ ـ بە
٦. کێفێک لە شاری بانە
٧. لەوێ ـ حەش
٨. دوو یاری هامقەد ـ پاژنەی پێ
٩. نواندن ـ جۆرە ڕەنگێکی تاریکە وەک ڕەنگی خەڵووز

❖ **ستوونی:**

١. هەڵم ـ ژنی مەردووم
٢. ڕوو ـ جار ـ هاو
٣. دڵۆپێک لە شتی شل ـ بەستەڵەک و سەهۆڵ
٤. دەنگی بەرزی ڕەشەوڵاخ
٥. درواو
٦. ئوڵاخ
٧. سست ـ ئاوار و دارووپەردو
٨. ئاو بەزمانی فارسی ـ بەکەسێک دەوترێ کە قسەی لەگەڵ بکەیت ـ وردە بارانێکە کە دەوار دای دەدا
٩. پنە ـ ئاش

### جواوی خشتەی ژمارە٢٥

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ب | ه | خ | ت | ی | ا | ر | ع | ه | ل | ی |
| ٢ | ا | ر | ئ | ■ | ا | م | ا | ■ | ر | ا | ه |
| ٣ | ڵ | ه | ■ | ل | ف | ■ | ژ | ه | ■ | ل | ک |
| ٤ | ب | ■ | ک | و | ت | ■ | و | ا | ن | ■ | ه |
| ٥ | ه | ل | ل | و | ■ | ز | ■ | ت | ه | ڤ | ن |
| ٦ | س | چ | ■ | ت | ا | و | ا | ن | ■ | ه | د |
| ٧ | ت | ه | ر | ه | ■ | ر | ■ | ه | ا | ر | ه |
| ٨ | ک | ■ | م | ل | ۆ | ■ | ت | ب | ل | ■ | ر |
| ٩ | ر | ا | ■ | ا | ر | ■ | ا | ا | ■ | ب | د |
| ١٠ | د | ا | ب | ■ | ی | و | ش | ■ | ک | ه | و |
| ١١ | ن | ا | و | چ | ا | و | ت | ر | ش | ا | و |

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

# پەیڤکاتۆر

## مەلەوان هەمیشە تەڕپۆشە



هەوشار. مەهناز شەمس

❖بە دەنگی هەورێشمین کردمتە خەو، مەخمەلی بوون خەونەکانم.
❖بەرماڵی لێ داگیر کردم.
❖لە ڕاکردندا خێرا بوو، کەنین گرتی
❖مەلەوان هەمیشە تەڕپۆشە
❖دوعاکانی زوو گیرادەبوی باڵابەرز
❖شینە چاوی تۆ و حاڵی من
❖ناوچاوی لێم تاڵ ئەکا، نازانی عاشقی قاوەیی تاڵم
❖بۆی هەڵناگری، گوێچکەی قورسە
❖شیرینە بادامی چاوی کاڵت

## غووروورم نایە ژێر پێم لێوم نەگەشتە لێوی



مەریوان. ئومێد دادمێهر

❖ سەری دا بە با، فێنک بۆوە
❖ ڕۆژ نییە ئەم شەقامانە نەمبرن
❖ خۆی هەڵە کرد، ون بوو
❖ هێندە شوێن ئارەزوو کەوتم شادیم لێ تۆرا
❖ ئارەزوو هێندە سافە دەستم لێی گیر نابێ
❖ دڵی ساف بوو، هەڵتخزا
❖ لە سایەی سەری بەرپرسان وڵات ئەلەرزێ
❖ وشکیان کردەوە
❖ جووتێ زرێبار لەژێر تاقی برۆت
❖ هەندێ بەرپرس لە پیشەسازیدا ڕۆڵی پەتبڕ دەگێرن
❖ غووروورم نایە ژێر پێم لێوم نەگەشتە لێوی
❖ لە "تاو" دووریت تەڕ و وشک پێکەوە ئەسووتێن.
❖ بۆ سەرکەوتن پێم نا بە جەرگی خۆما

# پەیڤکاتۆر



## لە ژێر زەڕەبینی عەشقتا سووتام

سنە .لەیلی عەتایی(پەیڤکاتۆرنووس)

- سازی ناکۆک لێ ئەدەن دیانەکانی دیانساز
- دڵی دەریای تینووترمی کرد
- کراسە ئاوییەکەی هەناسەمی وشک کرد
- کێشی هات کراسە ناز نازەکەت کە نازتم کێشا
- تەختە خەیاڵم، هیچ لە ژێر سەرما نییە
- دڵگیرە لێم، نەک دڵگیر بم بۆی
- بە قسەکانی کەچەڵمی کرد و کڵاوی نا سەرم
- سەرزل بوو، بەڵام کڵاو چووە سەری
- تارە ڕۆژمان، حیسابی لە دەس دەرچووە ڕۆژژمێر
- شێعرەکانم لە تاریکەشەویشدا سپین
- ڕزیل بە کرێوەیش دەستی ناچێتە باخەڵێ
- هەر من تاوانبارم، ئەم ڕۆژانە هەرکێ پێم ئەگات قازییە
- لە ژێر زەڕەبینی عەشقتا سووتام
- رووسیا بە پۆتینەوە جوانە
- لێوانی پڕ ماچم گەرەک
-



## دڵتی نەگرت، دڵی تەنگم

مەریوان. لوقمان دانش " ڕێباز"

- لە ترسی مینی "نە"تدا ، ناوێرم لە سەر خۆشەویستیت بڕۆم
- قولاپی کرد بە گۆچان، ماسیی ژیر.
- گوڵم دا بە چرا، شەو لووتی کرد.
- دڵتی نەگرت، دڵی تەنگم
- بە قسەی نەکوڵاو، دەمی کێشا بوو لێم
- بۆ خۆشیی ئەمساڵ، پارەکەم خەرج کرد.
- پۆلیسی تەمەڵ، خۆی ئەگرێ
- وێنەت نەبوو، کامێرای دڵ بیانووی گرتی
- دنیای لێبووە بە بزمار، سەرچەکوش
- ڕژیمی غەڵەت، سووکی کردین
- ترێی ئاقیبەتشەرە، شەراب
- شەراب،سەرابە کڵاوی خاڵی لە سەرە
- ناوێرێت بە خۆیدا بێتەوە، ئەوەندە لارە
- مردوو، زیندوو ئەکاتەوە نیگای مەحشەرت



## هەندێ گۆم تا قووڵتر بێ ناماقووڵترە

مەریوان . پەرۆش

- عەشق لە منا بەرۆژووە!
- لە سایەی عیزەتی نەفسم،دەسم لە بنی هەمانەکە دەرچوو!
- لە بەینی خۆف و ڕجا گیری کردووە، ڕیش
- دەستی حەساوە نراوەتە سەر سکی برسییەکان
- دارستان گریا بۆ ویژدانی برژاو.
- هەندێ گۆم تا قووڵتر بێ ناماقووڵترە.
- ڕەمزی مانەوەی جوانی، گرتنی دەم و چاوە
- دەستکورت بوو خەوی بە دەستدرێژییەوە ئەبینی
- ململانێ لە گەڵ هەڵوەرین دەکەن، پاییز و ژن
- بیرم بێ ڕەمەزانم بە تەواوی نەخواردووە
- وەفای رووت تووشی شەکرەی کردم
- بەهار نەیخوێندمەوە، هەڵوەریم
- کە شەو زەفەری برد بە ڕۆژ، خەو سەرگەردان بوو



## تەنەکەساز بە تەنەکە پووڵ دەرتێرێ

مەریوان. تەیموور موڕادی

- دەمدرێژ، چاییشی دەم دەکێشێ.
- بەین کارد و پرتەقاڵ، خوێنییە.
- کاری مامرفرۆش ڕووتەوکردنە.
- تەنەکەساز بە تەنەکە پووڵ دەرتێرێ.
- نیگارکێش بۆ نان چەقۆ ئەکێشێ.
- نەخۆش بۆ دوکتور زوان دەرتێرێ.
- چەتری هەتیو، چەپۆکە..
- میراتی مەجنوون دوای لەیلا، واوەیلا بوو.
- ئەوندە بێمەیلە، بە قلینچکەسڵامیشەوە جواو ناداتەوە.
- دار و دەستەیێک وەک ئاو، خاک ئەخوەن.
- هەتاو بە بردنی سوورەکان فێرە.
- ئەگەر ڕۆژنامەفرۆشەکان "نیشتمان" نەفرۆشن "کوردستان" خۆی ئەگرێ.
- سەرتاش مشتەری سەرسۆک ئەکات.
- دەستنوێژ بە هەڵگرتن سەرقورسە.
- ئاڵا چۆپیی دەستی نیشتمانە.



# شێخ عەبدولقادری گەیلانی



کۆکردنەوەی: ف. هەتاو

از خان و مان آواره ام از دست عشق — سرگشته و بیچاره ام از دست عشق
ای کاشکی بودی عدم تـــا بــاز رستی از عدم — می سوزم از سر تا قدم از دست عشق ازدست عشق
همه روز و شب دیوانه ای در گــوشــه ویــرانـه ای — گویم به خود افسانه ای از دست عشق ازدست عشق

خاوەنی ئەم شێعرە جوانە عەبدولقادر، بە نازناوی مەحیەالدین کوڕی ساڵحی جەنگی دۆست، ئیمامی سۆفیەکانی قادری و یەکێک لە شێخە گەورەکان، عارف و حەدیس بێژ و شاعیرە بەناوبانگەکانی سەدەی ٥و ٦کۆچی مانگی بووە، باوکی سەی موسا جەنگی دۆست،کوڕی سەی ئەبوعەبدوڵلا گەیلانی بووە عەبدولقادرکچەزای ئەبوعەبدوللە سومەعەیی لە گەورە پیاوان و شێخەکانی گیلان بووە و ناوی دایکی(ئوممولخەیرییە الجەببارفاتمە) بووە.

عەبدولقادر لە یەکەمی ڕەمەزانی ساڵی ٤٧١ق لە گیلان لە دایک بووە.

لە کات و شوێنی لە دایک بوونی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر، جیاوازی بیروڕا زۆر هەیە، ٤٧٠، ٤٧١، ٤٩٠، ٤٩١ئەم ساڵانە بە مێژوی کۆچی مانگی ساڵەکانی لە دایک بوونی ئەون.

ئەڵێن، شێخ لە ئاوایی (گیلان) کە دێهاتێکە لە لای شاری چابوکسەر، لەدایک بووە. ئەم دێهاتە شوێنی لە دایک بوونی ئەبوڵعەباسی قەساب ئامولییش بووە. هەندێکیش ئەو لە ئاوای بەشنیر لە دێهاتەکانی لای سومەعەسرا، لە شارەکانی گیلان ئەزانن، کە قەبری دایکیشی هەرلەم شارەیە.

حەزرەتی شێخ عەبدولقادر سڵاوی خوای لێ بێ بە نازناوەکانی( غەوسی گەیلانی، تەمووت السەقەلەین، شێخی کول، شێخی مەشرق، مەحیەالدین، غەوسی ئەعزەم، بازی ئەشهەب،بازی الله، جەنگی دۆست) ناسراوە.

لە تەمەنی ١٨ساڵی دا ئەچێ بۆ بەغدا و لەوێ لە لای ئەبو زەکەریا دەست بە خوێندنی عیلمی حەدیس ئەکات.

پاشان لە لای عەلی کوڕی ئەبوسەعید مەخرەمی لە قوتابخانەکەی ئەو خەریکی خوێندنی عیلمی شەرع ئەبێت. لەدوای ماوەیێک عەلی کوڕی ئەبو سەعید قوتابخانەکەی ئەدا بە ئەو، عەبدولقادر لەوێ خەریکی فێرکردنی قوتابیەکان ئەبێت و ناوبانگی سۆفیەتی لە وێ دەنگ ئەداتەوە.

عەبدولقادر لە تەمەنی سی و چەند ساڵی دا هاوسەرگیری ئەکات و چل و نۆ منداڵ ونەوەی ئەبێت کە بیست وحەوتیان کوڕ و باقییان کچن.

ئەو لە سەر مەزهەبی شافعی و حەنبەلی فتوا ئەدات و لە سیانزە پەل لە زانستە ئایینییەکان خەریکی پەروەردە کردنی قوتابیەکان ئەبێت.

کۆمەڵێک شێعری جوانی هەیە و لە شێعرەکانی دا نازناوی (مەحیە)ی بۆ خۆی هەڵبژاردوە.

لە سەدەی ٥و ٦ لە کاتێک دا کە سۆفی گەری و تەریقەت لە شەریعەت جیا ئەبوونەوە، عەبدولقادر گەیلانی دژ بە ئەم بیر و باوەڕە و لە ڕێگای یەک خستنی شەریعەت و تەریقەت زۆر تێکۆشاوە. ئەو پەیڕەوی کردن لە قورعان و سوننەت لە تەواوی نەریتەکانی ژیانی بە بنەمای تەواوی ئیشەکان ئەزانی.

فەقیری وەکو ئەسپێک بۆ گەیاندنی مرۆڤ بە شوێنی مانەوە ئەزانێت و(حاڵ) وەکو شتێک ئەزانێت کە هیچ کات بە زمان ناتوانی باسی بکەی و بنەمای ڕاستی و خۆشەویستی بە فەنا بوون و تووانەوە لە خۆشەویستی، کە خودایە ئەزانێت.

لە قسەکانی شێخ دا وا دەرئەکەوێت کە دیتنی خوای قەبووڵە، بەڵام نە بە چاوی سەر بەڵکوو بە چاوی دڵ و گیان.

شێخ بە مرۆڤ ڕائەسپێرێت کە هەڵبژاردنی فەقیری بۆ گەییشتن بە حەققە و ڕێرەو لەدوای دۆڵەپانی فەقر ئەگا بە حەق، شێخ لە نێوان جەبر و ئیختیار دا زیاتر بە ڕێبازی جەبر ئیمانی بووە.

بە بیرو ڕای ئەو سەفا و خاوێن بوونی ڕۆح، شتێکی گرینگە بۆ سۆفی، جا سۆفی ئەوکاتە بە ئەوپەڕی چاکی ئەگات کە لە مەکتەبی تەنگانە و ئازار پەروەردە ببێت. شێخ لەم بابەتەوە لە پێغەمبەر(ص) حەدیسێک ئەگێڕێتەوە: تەواوی پێغەمبەرەکانی خوا هەر کامیان لە ئاست پلە ومەرتەبەی خۆیان بە جۆرێک ئەزمونیان داوە، بەڵام ئەو شتە کە زۆر گرینگە پێداگرییان لە ئیمانا بووە کە لە ئاکام دا خێر بە سەر شەڕ دا زاڵ بووە.

**شێخ ئەڵێ خەڵک لە لای من چوار بەشن:**

- ✓ دەستەی یەکەم کە نە زمان ونە دڵیان هەیە، ئەمانە کاریان بە ڕاستی نییە و پەیرەوی هەستەکانیانن.
- ✓ دەستەی دووهەم کە زمانیان هەیە بەڵام دڵیان نییە، ئەمانە زمانیان شیرینە بەڵام دڵیان وەکوو شەوەزەنگ، تاریکە.
- ✓ دەستەی سێهەم دڵیان هەیە بەڵام زمانیان نییە، ئەمانە موسڵمانی ڕاستەقینەن کە لە بەر سڵامەتی ڕۆحیان زمانیان ئەبستن و قسە ناکەن.
- ✓ دەستەی چوارەم کە هەم دڵ و هەم زمانیان هەیە، ئەمانە بە ڕاستەقینە خودا و تایبەتمەندیەکانیان ناسیوە و ئەتوانن بە بەرزترین پلە و پایە کە پێغەمبەرییە بگەن.

لە کتێبی بەهجەتوالاسرار هاتووە کە شێخ لە نیو کۆمەڵێ شێخ و مەشایەخا وتویەتی: هەنگاوەکانی من لە سەر ملی تەواوی ئەولیایە.

هەروەها لە نەفەحاتولئونسی جامی هاتووە: لە شێخ ئەبدولقادریان پرسی بۆ چی نازناوت مەحیەالدینە؟ شێخ سڵاوی خوای لەسەربێ وڵامی داوە کە ڕۆژێکی هەینی بە پیاسە ئەچووم بۆ بەغداد، نەخۆشێکی ڕەنگ ورووو زەرد و لەڕولاوازم دی وتی ئەسسەلام وعەلەیکوم یا عەبدوالقادر وەرە بۆلای من و یارمەتیم بدە با دانیشم، منیش یارمەتیم دا پاش دانیشتن دیم کە ڕەنگ و ڕووی جوان بوو و ڕوخساری لە پیری دەر چوو، زۆر ترسابووم، وتی: ئامناسی ؟وتم: نا.

وتی: من دینی ئیسلامم ،وام بە سەر هاتبوو کە دیت،خودای تەبارەک و تەعالا منی بە بۆنەی تۆوە زیندوو کردەوە (انت محی الدین) واتە تۆ زیندووکەرەوەی دینی.

ئەڵێن دایکی لە تەمەنی ٦٠ساڵی دا زکی بە عەبدولقادر پڕ بووە، ئەوکات کە مانگی ڕەمەزان بووە شیری دایکی نەخواردووە.

لەدایکی ئەگێڕنەوە کە وتویەتی: ئەوکات کە عەبدولقادرم بووە لە مانگی ڕەمەزاندا لە ڕۆژا شیری نەئەخوارد، جارێک کە مانگ داپۆشرابوو، خەڵک هاتن بۆلای من و لە بابەت ڕەمەزانەوە پرسیاریان کرد، منیش وتم ڕەمەزانە چوونکا عەبدوڵقادر ئیمڕۆ شیری نەخواردووە، دوایی بۆیان وەدەرکەوت کە ئەوڕۆژە ڕەمەزان بووە.

هەروەها هاتووە کە: لە تەمەنی لاوی دا لە سەفەری بەغدا حەزرەتی خزر ئیجازەی پێ نەدا کە بچێتە ناو شاری بەغدا، شێخ عەبدولقادر بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە لای دیجلە مایەوە تا پاشان ڕێگەی پێدرا بچێت بۆ بەغدا.

لە ئەحمەد کوڕی شافع جەبەلی ئەگێڕنەوە کە وتوویەتی: لە گەڵ سەروەری خۆم عەبدولقادر چووم بۆ قوتابخانەی نیزامی، فەقێکان و دەروێشەکان بەدەوریەوە دانیشتبوون کە ئەویش لە بابەت قەزا و قەدەر قسەی بۆ ئەکردن، لە کاتی قسە کردن مارێکی زۆر گەورە لە میچەکان کەوتە سەر کۆشی، هەموو

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

ئەو خەڵکە ڕایان کردە دەرەوە بەڵام شێخ هەردانیشتبوو، مارکە چووە ناو جل وبەرگی شێخەوە دوایی هەتا لای ملی هات وڕووی کردە شێخ بەڵام شێخ هەر قسەی خۆی نەبڕی و دانیشتنی خۆی تێک نەدا مارەکە هاتە سەر زەوی و وێستا و دەنگێکی لە خۆی دەرهێنا و پاشان ڕۆیشت.

خەڵک لە شێخیان پرسی ئەوماره چی وت؟ شێخ وتی: ئەوماره وتی من زۆربەی ئەولیاکانم تاقی کردۆتەوە، بەڵام بە ڕاستی کە هیچیان وەکوو تۆ خۆڕاگر نەبوون.

منیش وڵامی مارەکەم ئاوا داوە: کاتێ کە تۆ کەوتیتە سەرداوێنم من سەبارەت بە قەزا و قەدەر قسەم ئەکرد، تەنانەت تۆ کە کرمێکی چکۆلەی ناتوانی بە بێ قەزا و قەدەر لە جێگای خۆت جوڵە بکەی.

شێخ هەر لە کاتی منداڵی دا لە لای خودای تەبارەک و تەعالاوە نیشانەی بۆ هاتووە و ڕۆحی موبارەکی خەبەری پێداوە کە ژیانێکی تایبەتی ئەبێت، ئەوکاتە لێیان پرسی لە چ سەردەمێکا تۆ بوی بە وەلی خوا؟ وتی: من هەر لە ئەو کاتە کە تەمەنم دەساڵ بوو و لە شاری خۆم ئەچووم بۆمەکتەب مەلایکەکانم ئەدی کە لە دەور و بەرم ئەجوڵانەوە و ئەو کاتە کە ئەگەییشتم بە مەکتەب ئەیان وت ڕێگا بو دۆستی خوا چۆڵ کەن با دابنیشێت.

من لە منداڵی دا ئەو کاتانە کە لەگەڵ منداڵەکان کایەمان ئەکرد، دەنگێک بە گوێما ئەهات کە ئەیوت: ئەی موبارەک وەرە بۆلای من، منیش لە ترسا خۆم ئەخستە ناو باوەشی دایکم.

خۆی فەرموویەتی: لە تەمەنی ١٨ساڵی ڕوداوێکی زۆر سەیرم بۆ هەڵ کەوت، ڕۆژی عەرەفە لە شارچووم بۆ دەرەوە و خەریکی کێڵانی زەوی بووم بە دوای گاکەوە ئەڕۆیشتم کە لە ناکاو گاکە قسەی لە گەڵ من کرد و وتی: ئەی عەبدوالقادر تۆ بۆ ئەم کارە درووست نەکراوی. بە پەلە چووم بۆ ماڵەوە و چوومە سەربان دیم کە خەڵک هەموویان لە عەرەفات وێستاون، ئەوکات چووم بۆلای دایکم وتم یان من لە ڕێی خوا قوربانی بکە، یان بهێڵە بۆ فێربوون و زانست بچم بۆ بەغدا و پیاو چاکان زیارەت بکەم دایکم گریا و بڕێک پارە بە قەرایی ٤٠دیناری بەمن دا. بەڵام بەڵێنی لەمن ساند کە قەت درۆ نەکەم، ئەوکات وتی دیداری من وتۆ بە قیامەت. من وە ڕێ کەوتم، لە نزیک هەمەدان دزەکان سەرە ڕێیان پێ گرتین و هەموشتێکیان دزی، ئەوکات کە نۆبەی من گەیی پرسیاریان لێ کردم چەندە پارەت پێیە من کە سوێندم خواردبوو بۆ دایکم کە قەت درۆ نەکەم وتم ٤٠دینار لە ناو گیرفانی جانتاکەمە بەڵام سەرۆکی دزەکان بڕوای پێ نەکردم و پێی وابوو کە گاڵتەیان پێ ئەکەم. لەکاتی بەش کردنی پارەکانا بوون دوبارە وتیان چیت پێیە منیش وتم ٤٠ دینارم پێیە، وتیان دەری بێهێنە و بماندەرێ، پارەکەم دەر هێنا و دام بە دزەکان، سەریان لە من سوڕ مابوو کە قسەی ڕاستم پێ وتوون، سەرۆکی دزەکان وتی: کوڕی جوان تۆ چۆن پارەکانت بەڕاستی لەلای ئێمە ئاشکرا کرد؟ وتم: من بۆ دایکم سوێندم خواردووە کە قەت درۆ نەکەم .

سەرۆکی دزەکان وتی: تۆ لەم تەمەنە دا بەڵێنت بە دایکت داوە کە قەت درۆی پێ نەڵێی و مافی دایکت ڕابگری، بەڵام من مافی خوام لە بیرچووە، ئەوکات دەستی درێژکرد و وتی : من لە سەر دەستی تۆ تۆبە ئەکەم. پاشان هەموو ئەوانەی لەگەڵ ئەو بوون لە سەر دەستی من تۆبەیان کرد و هەموو ئەو پارانەی دزی بوویان دایانەوە بە خەڵک.

**کتێبەکانی بریتین لە:**

- ❖ دیوانی شێعری عەبدولقادر (دیوانی غەوسی ئەعزەم)ی ناوە
- ❖ الغنیه لطالبی طریق الحق
- ❖ الفتح الربانی ( ٦٢وتار کە لە ساڵەکانی ٥٤٥و ٥٤٦دا نوسراوە)
- ❖ فتوح الغیب( ٧٨وتار) نوسراوەی شیخ عبدالڕەزاقی کوڕی کە لە پاش شێخ کۆی کردۆتەوە.
- ❖ حزب بشائر الخیرات
- ❖ حزب الرجاء و الانتهاء
- ❖ جلاء الخاطر فی الباطن و الظاهر (کۆمەڵێک لە وتارە دینیەکانی)
- ❖ المواهب الرحمانیه و الفتوح الربانیه سەبارەت بە خۆی چاک و پلەکانی عیرفان
- ❖ یواقیت الحکم.
- ❖ الفیوضات الربانیه (کۆمەڵێک لە پاڕانەوەکانی)
- ❖ الکبریت الاحمر
- ❖ تفسیر الجیلانی
- ❖ سر الاسرار و مظهر الانوار فیما یحتاج الیه الابرار
- ❖ آداب السلوک و التوصل الی منازل الملوک
- ❖ تحفة المتقین و سبیل العارفین
- ❖ معراج لطیف المعانی

شێخ عەبدولقادر سڵاوی خودای لەسەربێ، لەوکاتەدا کە چووە بۆ بەغدا، زانستی وێژەی لای ئەبووزەکەریا رازی تەورێزی خوێندووە و هەروەها لە لای ئەبوبەکر موحەممەد کوڕی ئەحمەد و ئەبوالقاسم عەلی کوڕی ئەحمەد کوڕی بەیان و ئەبوتالب کوڕی یوسف عیلمی حەدیس فێر بووە. پاشان ئەچێ بۆ لای عەلی کوڕی ئەبوسەعید مەخرەمی و لە قوتابخانەکەی ئەو خەریکی خوێندنی شەرع ئەبێت. ئەو لە گەڵ شێخ ئەحمەد خەریکی فێربوونی نەریتەکانی تەریقەت بوو و یانزەساڵ لە عومری خۆی لە خەڵوەتا تێپەڕکرد.

هەروا کە لە بابەت ڕۆژ و شوێنی لە دایک بوونی شێخ دا چەند کات و شوێنیان باس کردووە، لە کاتی مردنی ئەم شێخە گەورە و ئەم قوتبە دا جیاوازی بیروڕا هەیە.( ٥٦٠یان ٥٦١و بە قسەی کەسانی تر( ٥٦٢ساڵی مانگی کاتی کۆچی دوایی ئەم پیاوچاکەیە.

ئەو لە هەشتی ڕەبیعولئەوەڵی ساڵی ٥٦١ق لە قوتابخانەکەی خۆی لە گەڕەکی باب الشێخ کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێ بە خاکیان سپاردوە.

دروودی خوای لەسەربێ.

**سەرچاوەکان:**

دهخدا، علی‌اکبر، لغتنامهٔ دهخدا.
دانشنامهٔ جهان اسلام«تصوف».
شیمل، آنه ماری، ابعاد عرفانی اسلام، تهران: دفتر نشر فرهنگ اسلامی، ١٣٧٤،
زرین‌کوب، عبدالحسین، جستجو در تصوف ایران، تهران: امیرکبیر، ١٣٥٧.
توکلی، محمد رئوف، تاریخ تصوف در کردستان، تهران: توکلی، ١٣٧٨.
معصوم شیرازی، محمد معصوم‌بن زین‌العابدین(معصوم علیشاه، )، طرائق الحقایق تهران.
جامی، عبدالرحمن‌بن احمد، نفحات الانس من حضرات القدس (به‌تصحیح و مقدمه و پیوست مهدی توحیدی‌پور)، تهران: علمی، ١٣٧٥.
«مختصری از زندگانی عبدالقادر گیلانی». پایگاه حوزه.
«گیلانی، شیخ الاسلام، محیی‌الدین ابومحمد عبدالقادر». پایگاه راسخون.
«شیخ عبدالقادر گیلانی». پایگاه فرهنگسرا.
«زندگینامهٔ حضرت غوث عبدالقادر گیلانی». خورشید خاوری
«شیخ عبدالقادر گیلانی». پایگاه سرو.
«حضرت سید شیخ عبدالقادرگیلانی». پایگاه .kasnazan



## لیسک ئەفتاو "تیشکی هەتاو"

دلێران (دێلیرۆ/ دێهلوران)– ئوستان ئیلام
خاتوون فەرزانە سەحرایی

دواره لیسک ئەفتاوم
پریسکه شەن ڤ ڕی زمین
دواره کێوک شێت بی
دواره ئاهیەل ڕەمین
بهار یەت و کەنییەل
پڕ ئەژ ئاو زلالن و
دو گله مەشک ئەڵ بەخەل
ڤ ڕزگ لا گلاڵن و
کراس گوڵگوڵی د ڤەر
دارەل سێوز سەر ڤ سەر
بهار یەتێیه تو هەم
خەم ئەژ دڵت درار ڤ دەر
زاڕووەل ڤلاتمۆ
ئەژ حەوەس ئەو زمین نیان
مکێس گەپەلۆ کەرن
بهاره ئێوه هەم دران
بەرزی کو(کێڤ) ئەر ئەڤە ساو
ئەور بهار ئەگەر یه ساو
ژۆن گەپەوارییت
خاک ولات ئێمه ساو

به گویش کوردی پهلەیی "فەیلی"

## بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی






## فەلەک

بۆکان. عومەر محەممەدی " مەزهەر"

فەلەک لە دەست تۆ ڕۆژیشم شەوە
لێم تووڕە مەبە و مەڵێ داکەوە
تەنیا پرسیارێ لە تۆ دەپرسم
ئەگەر دەتوانی وەڵامم دەوە

گەر منیش خاوەن پارە و دینار بام
خاوەنی ماڵ و کۆشک و تەلار بام
دەتوێرا ئاوا دژم بوەستی؟
ئەگەر پیاوێکی سەرمایەدار بام



## خەزان

بانە. حسین حەکیمی

لەبن دارێکادانیشتبوم مات
لەپڕدا زانیم کزەی باییک هات
دووسی پەل گەڵای کەوتنەسەرعەرز
لەجەستەی داری بەژن وباڵابەرز
سەیرم ئەکردن وەک من مات و زیز
جارجار سەمایان ئەکرد بو پاییز
بەم شان وبەوشان با خولی ئەدان
وەکو هەڵپەرکێی سێ پێی کوردان
گەڵاییک سووڕا کەوتە باوەشم
تەزووی پیداهات گشت گیان ولەشم
هەڵم گرت ئەوجار گرتم بەدەستم
تێی ڕا خوڕیم وپیم گوت مەبەستم
پیم گوت گەڵاکە بو شادمانی
شایێ دەگێڕی دوور لەیارانی
لەنیشتمانت دوور کەوتوێتەوە
لقو پەل وپوت لەبیر چوتەوە
وتی خاڵوگیان تینەگەیشتوی
دیارە کلەی عەقل چاوی نەرشتوی
وەرێنی من وگشت هاوڕیکانمان
دەبیتە مایەی بەرزی ژیانمان
بەمەیلی خومان گشتمان بزانە
دەوەرێنە خوار دانە بەدانە
لەدەوری بەژن وباڵاکەی بەرزی
دەسوڕین کاتیک گەشتینە عەرزی
خول دەخوین هەموبەچەشنی سەما
هەتادوور کەوێت لێی دەردوبەڵا
باری سوک ئەکەێن نابین بەسەربار
لەدەستی سەرماو توفانی زوردار
نەکا ڕەشەبا زوری بۆبێنیت
بەفری زورلق وپەلی وەشکینیت
ساڵی داهاتو کە وەخەبەر هات
سەر لەنوێ گەڵای تازە دەر ئەکات

## دایەرەی تەعریف



میراوای بۆکان. ڕەسووڵ حسێن پوور "دەلال"

چاوی تیژ بینی نیگات تاکوو وەبیرم دێتەوە
زێر وشەی لەفز و کەلامت فەخرە بۆمن پێتەوە

من کە خێڵی نوقمی دەریای خۆشەویستیتۆم کە دڵ
وەک هەسارەی دەوری مانگ دائیم لە دووت دەخولێتەوە

گوڵ چرۆی ئەلفی کەلامت پڕ ڕازە داخەکەم
خۆ ژیان سەخت و چەتوونە بەفرە دڵ دەتوێتەوە

کێوەکان هەرچی دەبینم شوێنی پێت دیارن بەرو
دارو بەرد سوجدە دەبا بۆبەژنی تۆ دا دێتەوە

داخەکەم لەو ساوە دووری لە ژیانی بێکەسیم
شێعرو واژە و هەستی ناخم نارژێ دەتلێتەوە

شوێنەوارت زۆر بەنرخە لاپەرەی مێژوی گەلی
دیمە ژێر سایەی قەلاّت قەت تۆم لە بیر ناچێتەوە

دایەرەی تەعیریفی عیلمت هاتە دی زانیم کەچی
سرسری سازی ئەوین خەمبارییە نایێتەوە

پەڕ پەڕم کەن داوەڕێم بۆ گۆی زەوی دا ڕۆبچم
نامرم چۆن تۆم هەیە خێڵی زەبەح دەکشێتەوە

شۆڕە سواری ئەم سەدەم چۆن ڕادەکەم لەم زێدەیە
خەنجەرە پێنووسی دەستم پێردار دەبڕێتەوە

گەر لە مافم لابدەم زنجیرو کۆت حەقە لە پێم
خۆری هیوام چوو لە دەس نۆرەی" دەلال "یش دێتەوە

## تەسبێحی ژین



سەقز.کامیل موحەممەدجانی

ژیانیش هەر وەکوو تەسبێح بزانە
بزر بوون ڕۆژی ژین گشت دانە دانە

گەلێک ڕۆژانی ژین ڕەنگاوڕەنگن
برێک مات و برێکیش شۆخ و شەنگن

یەکێک سۆز و یەکێک ڕۆژی خەیاڵن
گەلێ جاریش هەموویان سوێر و تاڵن

یەکێک سوور و یەکێک شینی دڵانن
یەکێک ژین و یەکێکیش ئێش و ژانن

لە هەر ڕەنگێ هەموو تەسبێحی ژینن
هەموو مێژووی گەلم هەر قار و قینن

کە ڕادەبرێ تەمەن هیچ مەنعی ناکەم
مەخابن هەر ئەبێ کوردانە ڕاکەم

لە ژێر دەست و تفەنگی کاکی زاڵم
ئەبێ دەسخەم بژیوی بۆ مناڵم

بەڵام سوێندم بە گشت ڕۆژانی ژینم
جگەر خوێن و گەلێک دڵ پڕ لە کینم

چ دەژمێرم هەموو ڕۆژانی ساڵم
ژمارەی نەگبەتین بۆ کاکی زاڵم

هەزار فەرموویەتی ژین فیزی ناوێ
بەجێ بێڵن لە خۆتان بەرزە ناوێ

## لە بانەوە تا چەشمیەر



سنە. پژمان حەبیبی



لە هەفتەی پێشوودا دوو هەواڵی گرنگ لە کوردستانەوە ئاراستەی ناوەندەکانی هەواڵی جیهانی کرا، یەکێکیان بەڕێوەبردنی بۆنەی نەورۆزی گوندی "چەشمیەر"ی سەر بە شاری سەولاوا و ئەوی دیکە کارەساتی دڵتەزێنی گیان لە دەستدانی شەش کەشەوانی شاری بانە بە هۆی ڕنووی بەفرەوە.

هەڵکەوتەی جوگرافیایی و سیاسی کوردستان بەشێوازێکە کە بە پێچەوانەی زۆربەی نەتەوەکانی دیکە، لەم جوگرافیادا مەودای نێوان خۆشی و ناخۆشی زۆر کورتە، ئەگەری هەیە قسەی نەستەقی "لە دوای هەر شیوەنێک، شاییەک هەیە" لە زاری هیچ نەتەوەیەکدا بە ڕێژی نەتەوەی کورد دوویات نەبوبێتەوە، بەدڵنیاییەوە زۆربەی هەرە زۆری خوێنەرانی ئەم بابەتە ئەم ڕستەیان لە کۆڕی پرسە و ماتەمینەکاندا لە زمانی خاوەن پرسەوە بیستووە کە بە میوانەکانیان دەڵێن: "پای شایی بێنەوە"

زۆرێک لەو مرۆڤانەی کە ئاشنایی ئەوتۆیان لە بارودۆخی سیاسی، مێژوو و کولتووری دەوڵەمەند و ڕەسەنی کوردستان نییە، بە ئەنقەست بۆ نانەوەی تووی دووبەرەکی یان بە ناشارەزایانە لۆمەی بەڕیوەبەرانی کۆڕی نەورۆزی چەشمیەری سەولاوایان دەکرد و دەیانگوت: دەبوایی بە هۆی کارەساتی دڵتەزێنی بانەی خۆشەویستەوە، کۆڕی نەورۆزی چەشمیەریان بەڕێوە نەبردایە. دڵنیابن ئەگەر دایکی جگەر سووتاوی ئەو کەشەوانانەی بانە، خەڵکی چەشمیەر بیانبینیایە، خۆیان مەشخەڵی ئاگری نەورۆزی چەشمیەریان هەڵدەکرد، هەر وەها کە گەنجێکی خەڵکی چەشمیەر هاوکات لە گەڵ بەڕێوەچوونی بۆنەی نەورۆزی چەشمیەر، لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد، بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەری نەرێنی لە سەر بەڕێوەبردنی بۆنەی نەورۆز نەبێ، بنەماڵەی داغداری ئەو گەنجە، لە دوای تەواوبوونی کۆڕەکەی نەورۆز، تەرمەکەیان بردەوە چەشمیەر و بەڕیوەبەرانی بۆنەی نەورۆزی چەشمیەر لە دەسپێکی کۆڕەکەدا بۆ هاودەردی لە گەڵ بنەماڵەی داغداری کەشەوانانی شاری بانە، خولەکێک بێدەنگیان ڕاگەیاند.



# کانی گۆران

بانە. فەرزانە ساڵەحی

نیوەشەو بە دەنگی زکر و تەسبێحاتی باوەگەورەم بەخەبەر هاتم
وتی : " ڕۆڵە هەستە نوێژەکەت بخوێنە "
هەستام خەواڵوو دەستنوێژم گرتو دوو ڕکەعەت شەونوێژم خوێند و خەوتمەوە
دیسان بۆ بانگی بەیانی خەبەری کردمەوە
هەستام و ئەویشم خوێند .
چاوم تازە لێکنابوو دایەگەورەم پەتووی لەسەر لابردم و وتی : " هەستە درەنگە وا ڕۆژ بووەتەوە با بڕۆین "
زۆرم خەو ئەهات وەڵامم نەداوە
دوای کەمێ وتی : " دەهەستە دەی درەنگە بە شەو ئەڵێی بانگم کە و ئەلانیش هەڵناستی "
گەرچی زۆر حەزم لە چوون بۆ کانی گۆران بوو بەڵام لەبەر شیرینی خەو دیسان نەجووڵام
ئەمجارەیان تووڕە بوو وتی " پێچکەت بە گۆڕم ئەگەر ئەمجارە بانگت کەم " و ڕۆشتە دەرەوە .
زانیم تووڕەیە و بەڕاست ڕۆی بە پەلە هەستام پانتۆڵ و کراسەکەم لەبەر کرد و گۆرەوی و کەوشم لەپێ کرد و چوومە بەردرگا .
سەیرم کرد لەڕێم وەستاون و بزە لەسەر لێویانە، منیش بە شەرمەوە چووم بۆ لایان و بەڕێ کەوتین ...
باوەگەورەم لە بای بەهار تا بارانی پاییز هەموو ڕۆژێک بە سواری گوێدرێژەکەی دوای نوێژی بەیانی لەگەڵ دایەگەورەم ئەچوون ڕەزەکەیان لە بناری شاخی ئاربەبا و دوای نوێژی شەوان ئەهاتنەوە بۆ ماڵ ...
باوکم تاقانە کوڕ بوو لەگەڵ دایە گەورە و باوەگەورەم هەموومان لەیەک ماڵ ئەژیاین، منیش زۆرم خۆشئەویستن بۆیە لە مناڵێەوە لەگەڵ ئەوان لە یەک ژوور ئەنووستم و لە دوای پشووی قوتابخانە هەموو ڕۆژێک لەگەڵیان ئەچووم بۆ باخ .
ئەو بەیانیەش بە ڕێکەوتین بە داوێنی ئاربەبا دا هەڵگەڕاین، ماڵەکەمان خوار شاخ بوو بە لای ڕەزی حاجی حسێن ڕۆشتین تا گەشتینە هەورازەکەی ڕەزی حاجی ئەحمەد .
ئیتر زۆر ماندوو بووین .
لەوێ باوەگەورە کەمێ وێستا تا پشوو بدەین و کەوتە قسە لەگەڵ حاجی ئەحمەد کە پیرە پیاوێکی نوورانی بوو . منیش بە غار ڕۆشتم بۆ سەر کانی و لە قوتوویێکی چکۆلە ئاوم هێنا بۆ سەر بانی کۆخەکە بۆ دایەگەورە و باوەگەورەم، ئەمجارە ئازاتر ڕۆشتم و قوتووەکەم بردەوە بۆ سەر کانی و کەوتینەوە ڕێ بۆ سەر هەورازەکە .
دوای ماوەیێک گەشتینە لاڕێ و داوێنی ئاربەبا، لەبەرزاییەوە وێنای ناوشار لە بەر چاومان جوان دیار بوو .
تازە تیشکی خۆر ئەهاتە سەر شار و تێکەڵ فێنکایی شنەی بەیان بەر ڕۆخسارمان ئەکەوت ڕۆح و گیانی زیندوو ئەکردینەوە .
چەند دڵخۆش بووم بەوەی کە لەوخەوە شیرینە هەستام و ئەم دیمەنە جوانەم دی .
لەوە بە دواوە ڕێگا تۆزێ تەسک بوو بە دوای دایە گەورەوە ئەڕۆشتم لەبەر پشتوێنەکەی تەشی و گلۆڵە خوریەکەی دەرهێنا، بە لای ڕانی دائەهێنا ئەیڕست و ئەیوت : " دنیای بێوەفا بەکەس نەدارەم نیمێ بە دڵشاد دوو نیم بە دڵتەنگ
خودای بانی سەر کارسازی کاران بنچینەی شاهان لە بن دەرهێنان " و ...
بەم جۆرە هەموو ڕۆژێک بەدەم ڕێگاوە شێعر و چیرۆک و بەسەرهاتی نەهامەتی ژیانی خۆی بۆ باس ئەکردم .
دوای کەمێ گەشتینە سەر جادەی ئاربەبا، دڵم ڕوون ئەبوو ئەوسا ڕێگا کەمێ ئەما من پێش ئەکەوتم و بە هەڵاتن و تەپ و تۆز ئەڕۆشتم بەرەو ڕەزی باپیرە هەموو ڕێگا باخ و ڕەز بوو، بۆنی دووکەڵی دار و چیلکە لە هەموو لایێک ئەهات، ڕەزەوانەکان خەریکی چای ساز کردن بوون، هەر ئەڕۆشتم و سڵاو و ماندوو نەبوونیم ئەکردن هەموویان مامە و ئامۆزای باوکم بوون ماڵیان لە ناودێی کانیگوێز بوو، بۆیە پێش ئێمە هاتبوون .
لە کۆتایی گەشتمە پەرژینی ڕەزەکەی خۆمان تا چاو کارکات گوڵی زەرد و سوور و سپی گەشاوە بوو . باوەگەورە هەمووی بە شیلان و گوڵەباخ پەرژین کردبوو بۆنی خۆشیان تێکەڵ شنەی بای بەهار جیلوەی بەهەشتی ئەنواند .
بە قەراخی شیلانەکان ڕێکەوتم گەشتمە کانی گۆران، ئاوی ساردی وەک سەهۆڵ وابوو، باپیرە بە جەوانی لە لوتکەی ئاربەبا کارێزی هەڵکەندبوو و لە شاخ سێ بەردی گەورەی هێنابوو بۆ نوێژ خوێندن بۆ ئەو ڕێبوارانەی بە ڕۆژ هاتووچوویان ئەکرد .
لای بەردە نوێژەکان دارە بی و چنار و ئەستێرێکی گەورەی لێبوو بو ئاوداشتنی بێستان و سەوزی و دارەکان ...
دار گوێزێک و چڵێ هەنجیر و لقێ هەڵووژە و سێویشی بۆ خێر لە دەری پەرژینەکە چەقاندبوو بۆ ئەو کەسانەی لەوێوە تێئەپەڕن کە لێبخۆن و وەحەسێن .
دیمەنی ئەو کانی و ئاو و گوڵ و دارانە لە ژێر لووتکەی بەرزی ئاربەبا ئەوەندە جوان و دڵڕفێن بوو هەرکەس ئەهات دڵی ئەکراوە و هەست و ڕۆحی پاراو ئەبوو ...
باوەگەورەم ئەیوت : " زەمانی زوو کە ڕێبواران بۆ سەر ئەم ئاو و کانیە هاتوون کاتی حەسانەوە شێعر و گۆرانیان زۆر لێچڕیوە ئیتر لەوکاتەوە ناویان ناوە کانی گۆران . "



## سەنگسار

بیجاڕ. موبین موحەممەدی (ئاشکار)

لە دڵمدا،
هەزار چرۆی شێعر و چیرۆک
لەگەڵ هەڵهاتنی هەتاو بەسەما دێ و خۆ ئەنوێنێ
بانگم ئەکەن بۆ ئامێزیان
هۆرە و حەیران ئەچرن و
چاورێی یەک ئاوڕدان و
هەناسەیێک خوداوێنەی هەستی منن؛
هەموو ڕۆژێ،
لە سەر زارم هەزار وشە
بێتاقەتی ڕەشبەڵەکی ڕستەکانم و
سووڕی چۆپی خامەی خەوتووی دەستی منن؛
لە هەر شەقامێ پێ ئەنێم
پیرترین دار
لاپەڕەم بۆ ئەبارێنێ و
لە رووخساری هەر ڕێبوارێ
سەدان خەیاڵ بانگم ئەکەن:
«ها! من خەمم!
دە وەرەو سواری دێڕم کە.»
«ها! من شادیم!
بانگەوازی ون بوونم کە!»
«ها! من زووخاوی هەژاریم!
هاوارم بۆ گەردوون بەرە!»
«ها! من شانۆی ئەوینم و
ماسکی مۆدێرنی دڵداریم
تۆ شاعیری!
لە گوێی مێژوو باسی غوربەت و نامۆییم بچپێنە...»
بەڵام ئاخ و سەد مەخابن!
دەرونی من، گێرۆدەی بەفری زستانە و
هەموو شەوێ هەوری ڕەشی خەمۆکی من
بە مشتی ساردی تەرزەخۆی
چرۆکانی باخی دڵم سەنگسار ئەکات.



سقز. کەریم گەنجی ( ئاراز)

ئازارو خەمی ئەم دڵەم چەشنی بەفری لانسارە
دڵ لەپێناو دەردی دووریت هەمیشە پڕ لە ئازارە
مەگەر سروەی سۆزی شەماڵ بێتە هاواری وەرزی ژین
بێتە سەما ئاواتەکان لەم دڵەی پڕ تاسە بارە
دیمەنی جوانی بەهاریش ناگاتە نەخش و نگارت
کامە وێنەت کەمە دیاری بۆ نەورۆزی ئەم بەهارە



## سێ کورتەشێعر

مەهاباد. غەفوور پیرزادە(کەسەر)

❖ زێدنامەکانی بێدەرەتانی

مەهاباد
چواردەوروبەری زەریایە
دورگەیەکی ئاوییی بێهاوتایە
ئێمە خۆمان
بە لۆتکە و کەڵەک و گەمێ
هاتووچۆ دەکەین
بۆ ئەولاوئەولایە
کە هاتی
وشیاربە
نەخنکێی لە ڕێگایە!

❖ ئامۆژ...

شتەکان
بە شت دەبن
شتەکان
لە شتبوون دەکەون
نەهێڵی شتێک
لە شتبوون بکەوێ
هەروەک ئەوەیە
شتێکت بە شتێک کردبێ!

❖ ئۆغروان

پردێک
پردەوانێک
شۆڕەحموود و مەرزینگانێک!
خەجێک
سیامەندێک
پەلی داربەن و
کێلەسپیانێک!

مەمێک
زینێک
بەکرەشۆفار و
گڕکانی ژوانێک!
سەیدەوان
عەبدولعەزیز
نێری بەلەکوور و
هوروژانی دەروونخانێک!

شێخمەند
شێخڕەش
دڵی دایک و قاروقینی ئاسمانێک!

من و تو و
لە هەرکامیان پشکێک و
ئۆغروانی دارمانێک!

# باسی سەفەر و زیللە



سنە زەمان

بێنەو گوێچکە بەن بەم باسە درێژە
قەومگەل براگەل بیر منالی تێژە
ئەم ئیتیفاقە لەسالْ چل و چووار
کەفتگە بۆ من وەختێ چووم بۆ شار
ماشین کەمەنکارهەڕاجی ئەرتەش
لەدێیەکەی ئێما بوو ،وە مسافرکەش
مالــک کەمەنکار حاجی عەبە بوو
خەلْک مەروزان بوو ،تاکەرجۆیش ئەچوو
مسافر داڵانە و کەرجۆ و مەروزان
هەربەم ماشینە جێ بەجێ ئەکریان
خوەی تەسێقی نەو ،نەیشی ئەزانی
شۆفێرێ سنەیی، نیاوە بـانی
تەنیا کەمەنکارهاتوو چووی ئەکر
سۆحگەل ئەهات و مسافری ئەبر
جادەخاکی بوو؛چالْ ودەسەناز
خوەش ئەکریا بە،پاچ و خاکەناز
رۆژێ قەراربوو منیش بوەن بۆ شار
ماتڵ دانیشتووین،بێتەو کەمەنکار
ماشین بۆرەی هات رام کرد بۆ بەردێ
چەن نەفەر تریش وێسا بوون لەوێ
چەن هالْو ماس و دووپەز ودووبزن
دووگۆنی خۆری و پۆسێکی چلْکن
سەوتەی هیلکەو،چەن سنۆق شێلانە
بارەشار خەلْک بوون ؛ ناو ئەو کۆلانە
لەکەرجویشەوە باری لێ نریاو
ئەمیچ بەئەوان ئیـزافە کریاو
لەجلەو ماشینا دوو کەس دانیشتوون
پیاگی کەرجۆیی و قەیخای ئاوایبوون
ئێمەیش تەک ئەسپاو لەبان سوار بووین
بە خوەشحالْیەوە، بەرەو شار ئەچووین
لەشێخ سووریەو بەرەو مـەرۆزان
بۆرەبۆر ماشین خوەی هەلْ کێشا بان
لە مەرۆزانیچ،چەن کەس سواربوون
کەل و پەلیان بوو، هەروەک ئێمە بوون
من ودوو منالْتر فرە ترسیاوین
ئەمان وت نەکا دوارە تلەو بین
هەرچی زۆریان کر باوک من و ئەوان
دلْمان رازی نەو بچینە بان نەیسان

جمکۆت بوومانشین لە خەلْک و ئەسپاو
دوو پیاگیش لەبان سپەر دوواوە وێساو
حاجی عەبە یچ هات سوار بوو لەجلەو
لای شوفێرەکەو جێگەی خوەی کردەو
فەزای ناو ماشین ئا بەم جورە بوو
هەرکە ئەسپاوی خوەی بەدەس گرتوو
ساحێو پەز وبزن ملیانی گرتوو
منالْیش لەباوەش باوکی دانشتوو
منی منالْیش،لەلای باوکمەو؛ بووم
لەگۆشەشەیکەوە بۆخوەم دانشتووم
ماشین لەرەلەر چووەکەل دەرێڎەر
لەبان گەردەنەو داخوەست چەن نەفەر
بەرەو خوار، پیاڎە زووتر ئەگەیین
پێچی فرەبوو بەعزێک دا خوەزین
تا لە گەردەنەو عبووری ئەکرد
لەترسا ناو خواو و،ڕەسولْیان ئەبرد
من وچەن نەفر،لە ناو ماشین بووین
دوویێچی ڕەد کرد،بەرەو خوار ئەچووین
لەپێچ چووارەما،ماشین تلی خوار
ئێمەیش دەسمان کر،بە قێرەو، هاوار
هیلکەکان شکیا و شێلانە یش ڕژیا
کای دەورهیلکەکەیش نەگەی بەداگیا
شێـلانە ڕژیا و هیلکە شـلـەقیا
خوێنی سەروچاو قاتی بوو تەکیا
هالْو ماس شکیا و تۆراغیش دڕیا
دوەکە داپژیا و ماسەکەیش ڕژیا
لاق پەز وبزن هەروەک سێخ کۆپان
ئەی دا لە یەخە و ئەی دا لە بن ڕان
ماشین دوای چەن تل، تەوەقۆفی کر
شۆفێریش ئازا موتـری خاموش کر
وتی بەمسافر :دووركەفن لەباک
نەوا گر بگرێ بەنزینی ڕژیاگ
کەمەنکارەکە، سەرەوخوارەو بوو
تایر لەبانەو،کەفتوە، هات و چوو
گوێچکەمانیان گرت،بەچەک و زیللە
سوارماشینمان کەن هەروەک بەرخیلە
ئیمە منالْ بووین فـرە، ترسیاوین
خۆبەچەپلاخەیش سوارماشین ناوین

سەقفی لەژێر بوو چەرخ لە ئاسمان
ئەسپاو ومەرم تێکەلْ بوون جوان
وەک لیباس شۆری ئەکەفێتە کار
لەناو کەمەنکار،هەرتلمان ئەخوار
سەر وپای چەن کەس بەداخەو شکیا
گۆنای چەن کەسیش بەسم پەز ڕنیا
من گیرم خواردوو لەناو خـۆریەکا
بوو،وەفریشتەم هیچ کوێم نەشکیا
ئەوانەی لەسـەر، کەلەو داخوەزین
هاتن بۆ کۆمەک بەدلْێکی خەمین
هاواریان ئەکر و گوپ خوەیان ئەڕنی
دانەی دوانیشیان پێمان ئەکەنی
مسافر ماشین گشتیان پیاڎە بوون
بەسایەی خواوا هیچیان نە مردوون
دەسەپاچە بووین؛ چۆن ڕاسی کەنەو؟
ماشینێک سەم پاش هاتن لە دوورەو
بیس نەفەر سەم پاش بۆ کۆمەک هاتن
وتیان شوکر کەن خۆ گشتتان ساقن
ماشینش ساقە، ئیسە ئەیخەینە ڕێ
هیچ خەفەت مەخوەن پەکتان نەکەفێ
دارێ گەورە و دوو؛ پەرەقیـان هاور
وەک ئەهرم کەمەن کاریان ڕاسەوکر
چاڎرماشینیش لە چەن جێیەو درپاو
مێلەی سەقفەکەیش بەکوللی گێرپاو
فرە خەریکی بوون من نەم زانی چەو
هـەر هندلیان دا، وەلی ڕۆشن نەو
پەز و بزنەکان ترۆقیانەو،دەرچوون
تێکەلْ ڕانەکەی چەم درەێڎەر بوون
مەردمەکەیش بەعزێ گەڕیانە دوواوا
بەعـزێ کەفتنە ڕێە بۆ هەسەناوا
لە هەسەناوا،نەیسان باری بوو
مسافری ئەکێشا، بەرەو شار ئەچوو
وتیان سوارین با بچین بۆ شار
سواربووین وەلێ زوو خوەمان خستە خوار
ڕیچەرمگێک وتی بیانوەنەو بۆدێ
بـا، منالْەکـانتان دلْـیان نـەتۆقێ
ئیتر بەم جۆرە هاتینەو، دوواوا
تاگەینەو ئاوای، بوو بەخوەراوا
خوەشی خوەشیم بوو من ئەچم بۆشار
هیچ نەچـوومە شار زیللەیکیشم خـوار



## ماندوو

سەقز . مریەم یەتیمی

ماندووم لە تاڵە
درێژکەی شەوگار
بەدەم تەشی خەیاڵەوە
لە ناودەستی لەرزۆکی
پیرێژنی پاییز...!
ماندوو لە چاوی زیت و
زمانی هەڵژەنراو لە نامۆیی
لە نەرمە ژنی نامۆی سەردەم بە
عەشقە پۆشەنی شانزەلیزەی مایەپووچەوە.
ئەڵێی چۆنە حاڵم؟؟
لە پێی دڵم هەڵئەچەقێ
لاسک و چێوی لە گوڵ رووتاوە
وەک تیلە درووو و
سەرنجی بێخەیاڵی و
زمانی میهرەبانی ون
ئاخ دایکم دڵم راژێنە
بە لای لایەکەی جاران
ناخم بهەژێنە
یەکجار ماندووم
پڕم لە تارمایی خەوی قورس
سەنگ لە سەرنگی وشەکان
کرکەوتووە شەوی ساردە و
خەم هاورێمە و تماشای سارد
ماندووم
لە نەزانی لە گێلی لە ـ کا ـ
هیچ کات وشەکانم بۆ
ـ کا ـ پێناکەنێ
شەنی کا دەکا پەنجە و پێنووسم
بەم شەوگارە
ئەبێ، ئەشێ خرمانی رەنجم لە
ناخی خۆم شەقڵ کەم
شەکانەوەی ئاڵای بیرم رامووسم
دڵ خۆش بە لاسک و
چڵی وشک و گوڵ
هەڵوەریو نیە هەست و دەستم.
من و پێنووس
ئەبێ چاوی سەرنج پرکەین
لە شکۆفەی هیوا و
وشەی ناخ لە ماچی زام
هەڵقولێنین
وشەی دایە و ئاهەنگی
خۆشی لای لایە و
گۆرانی لانکە لە کۆڵ
بۆ چیمە باخی پاییز لێدراو
بۆ چیمە هەواری چۆڵ



## درۆ

بانە. بەیان خدری

درۆ زۆر بە ئازارە
بەڵام درۆی شاعیر
تاوانە، گوناهە، زامێکی بە ئازارە...
لە هیچ کوێ نەوتراوە کە: بەخشراوە
**
خۆی وتی: خۆری ژیانی
هەوێنی شێعر و پەخشانمی
مەرهەمی دڵی بریندارمی
**
ئێستاکە، بزەی لێوی لێ تۆراندووم
باڵی شێعری شکاندووم
دای تەنیوم هەستێکی نامۆ
لام بۆتە کەسێکی نەناسراو
بۆی جێ هێشتوم مێشکێکی پڕ لە پرسیار
بووم بە پەپولەیەکی ترساو
تین نەما لە چاوانم
داخەکەم رۆیی باوانم
**
بە دڵێکی بریندار
لام وایە بڕیار
بەبێ هیواو بێ بڕوا
لێی بگەڕێم با بڕوا



## نیشتمان

سنە. گوڵاڵە سەڵواتی "گوڵیار"

نیشتمان، ئەی چریکەی سۆزەبای
پەخشانی خەبات
ئەی ئێنتزاری هۆنینەوەی
زایەڵەی رەقیب
تۆشمشاڵی لاواندنەوەی رێبەندانی
لە کزەی خۆڵەمێشی
ئەسرین باری تروووسکە
بەئاسپایی ئەبێتە ئاگری سەربەستی
هێورهێور شەپۆلاوی
گۆنای ژاکاوت
دڵۆپ دڵۆپ ئەبێتە پاناو
ئەوین بەتاسەی نیگای پڕ لەسۆزتە
نیشتمان، گەر تۆ ئازاد بیت
تاریکستان ئەژاکێت
شەونمی شێعرم ئەبێتەباران
چاوەکانم ئەسرینی کەنین ئەبارێنێ
وەرە با ئەو کانیە وشکە
پڕ ئاو کەی
با لەگەڵ مەلی دیدارت
لە سەر گزنگی
خۆرەزێرینەی گەشانەوەی ژیانت و
هاوسۆزی ناخت،ئێوارەیک
وەرگۆڕاوی کەی
هەبوونت،هەم دیسان لە دایک بیت



## چیرۆکەکانی شاری هێرت

شاری (بێیاسا)

شەفیعی مووتەهەر ـ تاران

وەرگێڕ ـ نادرمستەفازادە ـ ڕەحیمخان

بەندەیەکی خودا بە ناوی «خدرۆکێ» لە یەکێ لە ئاوایيەکانی شاری هرت واتە شاری بێ یاسا، مەڕێک بۆ فرۆش دەباتە شار و زەنگوڵەیەک لە ملی مەڕەکە دەکا و بە تەنافێکیش لە کلکی کەرەکەی دەبەستێ. لە ناو ڕێ چەند دز دەیبینن و دەزانن زۆر گەمژەیە زەنگوڵە لە ملی مەڕ دەکەنەوە و لە کلکی کەرەکەی دەبەستن و مەڕەکەی دەبەن. کەریش بە ڕاوەشاندنی کلکی و دەنگی زەنگوڵە کەیفی ساز بوو و لە خۆشیان خێرا خێرا کلکی بۆ ڕادەوەشاند

بە قۆرتە بە شوێن کابرا دا دەڕۆیی!

پاش ماوەیەک یەکێ لە دزەکان پێشی بە خدرۆکێ گرت و کوتی:کاکە بۆچی زەنگوڵەت لە کلکی کەرەکەت بەستۆ؟؟!! ئاخر چ ئاقڵ و ژیرێک ئەو کارە دەکا؟

خدرۆکێی سادە و بێهەواڵ لە هەموو شتێک دابەزی و دیتی کە ئەو کابرایە ڕاست دەکا.!!!

بە سەر سوڕمانەوەکوتی:من زەنگوڵەکەم لە ملی مەڕەکە بەستبوو، ئەی مەڕەکەم کوا؟

دزە کوتی:ڕاست دەکەی، مەڕێکم بە دەست کابرایەکەوە دیت بەو شیوە دا لە گەڵ خۆی دەیبرد.

کەرەکەت بە من بسپێرە و بکەوە شوێن مەڕەکەت.

خدرۆکێ کەری بە دز ئەسپارد و کەوتە شوێن مەڕەکەی دوای ماوەیەک ماندوو و هیلاک گەڕاوە بۆ ئەو شوێنەی کەرەکەی دابوو بە کابرا.تەماشای کرد کەرەکەشی نەماوە. بە ناڕاحەتی و لارە لار و دەست بە تاڵ گەڕاوە بەرە ئاوایی.

پاش ماوەیەک ڕۆیشتن لە ناو ڕێ لە قەراغ چالاوێک چاوی بە چەند کەس کەوت کە بۆ حەسانەوە لە سەر عەرزی ڕاکشابوون...

چیرۆکی خۆی بۆ گێڕانەوە، یەکێ لە دزەکان کوتی:ئیشاالله خودا بۆت قەربوو دەکاتەوە. وە لە درێژەی قسەکانی کوتی:ئێمە چەند کەسی بازرگانین و ویستمان ئاو لەو چالاوە دەرکێشین، تەواوی کیسەی پووڵەکانمان لێ لەو چالاوە کەوت، ئێمە مەلێ نازانین ئەگەر تۆ دەزانی بچۆ ناوی و توورەکەکەمان بۆ دەربێنەوە، ئێمەش پووڵی مەڕ و کەرەکەت دەدەینەوە.

خدرۆکێی سادە و ساکار دیسان هەڵخەڵەتا خێرا جل و بەرگی خۆی دا دەست دزەکان وبۆ خۆی ڕۆیشتە ناو چالاوەکەوە و ماوەیەک گەڕا و چی بۆ نەدۆزراوە و بە دەست بە تاڵی هاتە دەرێ، بەڵام دیتی نە کابراکان ماون و نە جل و بەرگەکەی!

ناچار ڕووت و پێخاوس و شەرمەزار دیسان بەرەو ئاوایی کەوتەوە ڕێ...

لە ناو ڕێگا تووشی زانایەکی ڕاست و دروست و دەست پاک دەبێ وکاتێ زانا لە ڕووداوەکەی ئاگادار بوو، بەزەیی پێیدا هات و دەستێک جل و بەرگی پێدا تا بە ڕووتی نەڕۆاتەوە دێ. پاشان پێی کوت: تۆ دەزانی دزی هەمووماڵەکەت چ کەسێکە؟

خدرۆکێ دڵ پاک و ساکار کوتی: بەڵێ چۆن نازانم؟؟!!!

هەر ئەو کەسانەن کە مەڕ و کەر و جل و بەرگەکەمیان برد!

زانا کوتی:نا نا!! هەڵەمەکە دزی ڕاستەقینە کە وا ماڵی تۆ و هەموو خەڵک دەخوا، بۆتە هۆی خراپە و گەندەڵی لە هەموو دێ و شاری هێرت دا، هەر خودی هەردەمبیل دەسەڵاتداری سەرەڕۆی شارە و تۆ دەبێ زەرەدی هەموو ماڵە دزراوەکەت لەو بستێنیوە!

خدرۆکێی بێچارە و داماو کوتی: ئاخر منی بێچارە چۆن دەتوانم مافی خۆم

لەو زاڵمە زۆردارە بستێنم؟؟!!

زانا لە وەڵام کوتی: بەڵێ ڕاست دەکەی تاکوو تۆ بە تەنیا بی، هیچ کارێکت پێناکرێ!

دەبێ هەموو ماڵ دزراو و ماڵ بە تاڵان چۆکان دەست لە ناو دەستی یەک نێن و ڕەگ و ڕیشەی ئەو زاڵمە زۆردارە لە بن دەربێنن!

وە ئەوە بوو بە سەرتای شۆڕش و جووڵانەوەیەک بۆ هەموو خدرۆکێ و ماڵ دزراو و ماڵ بە تاڵان چۆکان...!!

(سووژەی سەرەکی لە چیرۆکە کۆنەکان وەرگیراوە)



زەڕینەی هەوەتـــوو. ناسر زامدار

قاچاخچییەکی هەڵدێربرم و
کۆڵەبارەکەم
خەمی نیشتمانە و
سینگم لێنووسی شێعرێکی یاخییە و
پێنووسم چەخماخەی ئازارە،
هیوام لەتەنانیکی چەنها ساڵەی
سفرەی بەرخودانە و
ئۆقرەم سەنگەری خەباتە،
ئامانجی سەفەرم
ڕێبازی پرشەرەفی ئەویندارانە...
چاوەڕێ و تامەزرۆی خەونێک شیرینم،
گوایە بێتە دی لە ئەم ڕۆژانە...



# چیرۆکی ماڵ بەش کردنی باب



ڕحیم خانی بۆکان. نادر مستەفا زادە
نووسینی بە شێوەی شێعر: قەڵەندەر ـ سەردەشت

باوکێک هەبوو لەکارکەوتوو
پیری برستی لێ سەند بوو
بۆی دانیشت و کەوتە بیرێ
بیری ئەوەی کا تەکبیرێ
ماڵی بەش کا لە ئەولادان
هەر لە خانوو هەتا چادان
مەڕ و ماڵ و ئەسب و کادێن
ئەو شتانەی گەر لە لادێن
هەتا لە دوا ساتی ژینی
بە خۆشی بژی لە دواییني
بانگی کردن کوڕ و کچانی
بۆی باس کردن لە پەیمانی
لێی بەش کردن هەموو ماڵی
خۆی مایەوە وەزع و حاڵی
هەرکەسە بەشی خۆی پێدان
لە پارەشی چی بوو وێدان
یەکەم ڕۆژی بە بێ ماڵی
بێ دەسەڵات، ژیانی تاڵی
دەچێتە لای گەورە کوڕی
دوو ڕۆژان لەوێ دەسەوری
بووکەکەی بەقسەی ناخۆش
حاڵیکرد و لێرەی ئەمشۆش!
لەبەرقسەی ڕەق پرتەوبۆڵەی
چوو بۆ ماڵی کوڕە چکۆڵەی
هەر بەو چەشنە جووڵانەوە
جوابی چاکەیان دانەوە
ڕوویان ڕەش بێ وابوو قەرار
لێیان باری کۆی بەرد و دار
لە وێش دڵی کە دێشێنن
بە دانیشتنی دوایی دێنن
ڕووی دەکاتە لای کێژێکی
دانیشت لە سەر بانێژێکی
کچ و زاوای کە وا هاتن
زۆری دەکەن بە خێراتن
بابە بوو چەند ڕۆژ میوان
خزمەتیان کرد گەلێ جوان
جلکی بۆ شت بە خاوێنی
عەتری پێکرد بۆنی بێنی
لەبۆی هێنا خۆتراش و تیغ
ڕیشی تاشی لە دیوی چیغ
خۆشی گوزەرا هەتا هەینی
دیتی زاوا خۆش نیە بەینی
لە گەڵ کچە کەوتە وتار
گوێی لێ بوو بە دووسێ جار
کە وا باوکت دایکوتاوە
حەوتوویەکە ئەو پیاوە

دەخوا، دەنوێ دایمە لە ژوور
هەر با دەدا پارووی ناجوور
م بە دەمەیەک کە پەیدا بوو
بابە کوتی زانیم چابوو
تا نەبۆتە دەردە سەری
ڕچاوی کرد دەکەی دەری
هەتا شەڕیان نەهاتوە جۆش
دەبا لێرە بڕۆم ئەوشۆش
کچۆڵە گریا بە داخەوە
هەناسانی بە ئاخەوە
بابە ڕۆیی بۆلای کچی دوو
گەیشتەوێ بەیانی زوو
چۆ مزگەوت و لە گەڵ مەلا
نوێژیدابەست کردی دووعا
ڕۆژ هەڵات و تاو بوو گەرم
ڕۆیی چۆ ماڵ نەرم نەرم
کچ و زاوا زۆر بە ژیری
هەستان هاتن بەرەو پیری
ماچیان دەکرد، بە خێرهات
وەکوو لای خواکرابن خەڵات
بوو بە میوان لە ماڵی کچ
زۆر ڕازی بوو لە حاڵی کچ
دوای ماوەیەک ورتە پەیدا
بوو لە بەینی کچ و زاوا
زاوا دەیکوت بە بێ شەرمی
بۆیدانیشتوە چەن بە گەرمی
نیازی وایە بۆی دانیشێ
سگ و ورگی بیتە پێشێ
مفتە خۆری واو نەیەوە
چەندە باشی بۆ چەقیوە
کاتێ نەیما سەبر و قەرار
هەستا لەوێش ڕۆیی ئەوجار
بێ ماڵ و حاڵ کە مایەوە
ئاوڕێکیان لێ نەدایەوە
دەستی لە هەمووشتێ بڕێ
لە ناو شاری مجری کڕی
سندووقێکی زۆر چکۆڵە
قفلە لە خۆی بەشی تۆڵە
هاوڕێیەکی کۆنەی هەبوو
چاوی پێکەوت بەیانی زوو
کوتی ئەوەچیە خستووتە شان
ئەوسندووقە پێچاوتە جوان
چیت لێ وەشارم بۆ مەبادا
هەڵم گرتوە لە سندووقا دا
گەنجیەیەو کاتی زەروور
بۆ ڕۆژانی سەخت و ناجوور

بەو هۆیەوە بوونی سندووق
گەڕا بەینی گەوران و چووک
خەبەر گەیی بە کوڕانی زوو
کۆ بوونەوەو هاتن هەموو
هەرکەس بۆخۆی ڕایدەکێشا
دەنگی زاوا هات لە پێشا
مامە وەرە ماڵی ئێمە
تا تۆ هەبی ئەمن کێمە
وەک سەگێکی بۆنی کڵۆڵ
بۆی هاتبێ وا چەور و چۆڵ
ئەو زاوایەی وا بە زۆڵی
خستیە سەر شان و بە کۆڵی
هەڵیبیرێ بردیە ماڵی
کوتی دانیشە ماوەی ساڵی
ئەسکەندەرخان بە بوونی زێڕ
وەقەدر کەوت بە لانی خێر
سندووق لە خۆی ناکاتەوە
بۆ دەسشۆییش دەیباتەوە
شەوانەش هەر لە بن سەری
نەوەک یەکێک بە دزی بەری
خۆش تێپەڕی ماوەی تەمەن
ڕۆژان دەچۆدەشت و دەمەن
دوای ماوەیەک کەوت نەخۆش
هەرهەموویان ببوون پەرۆش
یەک لاق شێلە یەکێکیان سەر
هاوارە بۆ خوا یا پێغەمبەر
قامکیان کێشا ملیان ماڵی
بۆیە هەموو هاتنە باڵی
تامەزرۆ بوون بگەن بە گەنج
لە بەرئەوە کێشایان ڕەنج
بابە مرد و بێ لە خۆدان
هەموو وەسەر گەجی گەڕان
بە پەلە پەل سندووقیان بڕی
تۆزی خەمیان لە گیان سڕی
لە ناو سندووقا دەزانی چ بوو
ئێسکی لاقی گوێدرێژێکی بوو
نامەیەکیش لە ژێرەوە
لێیان ڕۆانی بە سەیرەوە
خوێندیانەوە لێی نووسرابوو
ئەسڵی نامە هەر وەها بوو
ئەوئێسکە بێ بەقوون بابێک
لە پێش مردن کا حیسابێک
ماڵی بەشکا بەسەرکوران دا
بە سەر زاوا یا بووکان دا

گۆڤاری ئێلێکترۆنیکی لە داوێنی ئاربەبا

## لە چیرۆکەکانی کلیلە و دمنە



بانە. ف. هەتاو

ڕۆژێ بوو ڕۆژێ نەبوو
لە دارستانێ شێرێ خەوتبوو
سەگێ بە پەلە بەلای شێرا چوو
سەگە کە دیتی شێرە خەوتووە
پەتێکی هێناو شێرەی بەستەوە
شێر کاتێ هەستا نەعرەتەی کێشا
چوونکا هم دەست و هەم قاچی ئێشا
ویستی دەست و پێی خۆی بکاتەوە
دی کە ناتوانێ گرێ بکاتەوە
لەو کاتەدا بوو کەر هاتە لای شێر
شێر وتی بە کەر ئەمن تێرم تێر
نامەوێ بتخۆم کارم پێت نییە
گەر دەستم وەکەی پێت ئەڵێم چییە
ئەگەر وەکەی تۆ دەست و قاچەکەم
نیوەی دارستان بە ناوت ئەکەم
کەر تەماشای کرد سەری سوڕ مابوو
شێر هاواری کرد دەستم وەکە زوو
ئەو کاتە کە کەر دەستی کردەوە
شێر وتی کەرە گرێوت بردەوە
ئەمجار وتی شێر نیوەت نادەمێ
کەر وتی ئەی داد تازە ناتگەمێ
شێر وتی کەرە قەولم داوە پێت
هەمووی بۆ تۆ بێ ئیتر نامەوێت
لەو دارستانەی سەگ شێر ببەستێ
هەرگیز نامەوێ تەنانەت بستێ
لەو دارستانەی کەر دەستت وەکا
ژیان لەوێدا مەحاڵە وەڵڵا




## پشیلە



مەریوان. جەماڵ مەریوانی(هەڵبەست)

پشیلەیەک لەو ماڵە
ڕەنگی بۆر و خاڵ خاڵە
پسیکی خڕ و خەپان
خواردن دەخوا بە قەپان
کتکە بۆری چاو کەوە
دایمە خەریکی خەوە
داپیرە بانگی لێ کە
تۆزێ چێشتی بۆ تێ کە
کتی کتی کتکە بۆر
خرپنەی مشک نەخۆر
کوا بەچکەکانت لە کوێن
پێیان بڵێ دەی با بێن
تێر بخۆن گۆشت و پلاو
پسی، پسی، پسی، ماو



## بەرخۆلە



سەقز. مریەم یەتیمی

بەرخۆلەم و دەنگ خۆشم
بۆ دایکم زۆر پەرۆشم
هەرچەن ژیر و نەترسم
لە دایکم زوو ئەپرسم
کە لەو کەژ و کۆسارە
زوو دێتەوە ئێوارە؟
ئاخر زۆر بانگی ئەکەم
نەک دانووسێ دەنگەکەم
حەزم لە شیری ئەوە
دەی خودا زوو بێتەوە
دڵ تەنگ ئەبم بۆ دەنگی
بۆشیر و دەنگ و ڕەنگی
باکەمێک تر گەورە بم
لە بیر دەشت و دەرئەبم
ئەڵێم بم بات بۆ کەژان
لەگەڵی دەچمە سەیران
لە دەشت کێو و چیا
تێرئەخۆین ناسکەگیا
جا ئێواری بە پەلە
لەو بنار و سەر کەلە
لە یەک تر دوور ناکەوین
بەرە و ماڵ ڕێدەکەوین
کە گەیشتینە ژووری
ئەڵێم زۆر ماندووین پووری
پوورمەنیج مەری دۆشی
تێکرا ئەدا خامۆشی
بەرخۆلەی زۆرجوانی
بنوو هەتا بەیانی

